100 چیرۆک سەبارەت بە ژیانی

خالیدی کوڕی وەلید



محمد صدیق مەنشاوی

وەرگێڕانی
کەیهان مستەفا

سەد چیرۆك سەبارەت بە ژیانی
خالیدی کوڕی وەلید

محمد صدیق مەنشاوی

وەرگێڕانی: سەعید بەشیر

چاپی یەکەم

٢٠٢٢

پێڕست

خالیدی کوڕی وەلیددا بوو
لەژێر ئاڵای هەرمانی
پەیوەستەنەی خالید
هەڵە جەری و لە سەردەمی ئیسلامدا
جیە لەسەردەمی جاهیلی و لە سەردەمی ئیسلامدا
خالیدی کوڕی وەلید سوپاکەی بۆ هەڵگێڕانی ئالاکە
خالیدی کوڕی وەلید و بۆ شمشێرەکە
خالید ئالاکە هەڵدەگرێت
خودا هەرگیز لەتۆ تۆڕە نەبووە
پێغەمبەر(ص) هاوسەری بۆ خالید دەردەبڕێت
خالید بەرگری لە پێغەمبەر(ص) دەکات
ئازایەتی جەنگ لە ناوی ئیسلامدا
خالیدی کوڕی وەلید نەگبەتەر دەکوژێت
خالید و عابیدە زاهیدەکە
خالیدی کوڕی وەلید شمشێری ئیسلامە
شمشێرێک ناکەمەوە بۆ کێلانەکەی کە لەپێناوی خوادا هەڵکێشرابێت
سوارچاکی ئیسلام
وەفا و نەمەکی خالیدی کوڕی وەلید
کۆمەتێکر کە سواری لەسەر هەرن
شێری عەرەب و ڕێوای فارسەکان
خالید و حەشکی ناوچەی حیرە
خالید هەشتری ئالاکە دەکوژێت
خۆشەویستی خالید و سەربازەکانی
ژنەکە و حوشترەکە
سەرزەوی بەپیت و ناوچەکانی عیراق
شێری جەنگ لە کاتی ترس و شکستەکاندا
خالید نەصیر و فەرمانەکەی عومەر بوو سوپاکەیە
ئایا ئە سوپای ڕۆم دەترسێت؟
ئایا پێشتر جەنگت لەگەڵ کەسدا کردووە؟

خالیدی کوڕی وەلید لە چەند دێڕێکدا

* پاڵەوانێک لە ناکاو،

* ژیان هاوشێوەی ئەوانی نەهێناوەتە دووبارە.

* پاڵەوانێک کە نموونەی لەسەرکەوتن هێنابوو، دوژمنانیدا لە لەسەردەمی نەفامی و لە لەسەردەمی ئیسلامیشدا شکستی نەخواردووە.

شمشێری هەڵکێشراوی خودا، و سەرکردەی سەرکەوتوو، سوارچاکی ئیسلام و پاڵەوانی هەڵمەت و هێرش، شێری ڕووداوەکان، ملیەتی ئەمر و ئەمیر و فەرمانڕەوای لەخۆبوردوو، هەڵۆی مەیدانەکان و سەرکردەی موجاهیدان و هەڵگری ئاڵای یەکتاپەرستان، کەسی سوارچاکی هۆز و پارێزەری عەشیرەت و خاوەنی بەرەکەت و پشتیوانیکراو بە کەرامەتەکانە، ناوی ئەبو سولەیمان خالیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرەی قورەیشی مەخزومی مەککییە، کوڕی خوشکی دایکی ئیمانداران مەیمونەی کچی حاریسی هاوسەری پێغەمبەرە(د.خ).

یەکێک لە سوارچاکانی قورەیش و ئەشرافەکانی بووە لەسەردەمی نەفامیدا، هەمیشە لەهۆزی ئەندامی قورەیش و خاوەنی ئەسپەکان بووە لە پێشەوەی شەڕەکاندا لەگەڵ کافرەکانی قورەیشدا بەشداری هەموو شەڕەکانی کردووە، هەتاوەکو دەگاتە غەزوەی حودەیبیە، هەروەک باسدەکرێت، لە سەردەمی نەفامی و ئیسلامیشدا بۆ تاکە جارێکیش لەشەڕدا شکستی نەخواردووە.

لەپاش ئاشتەوایی حودەیبیە موسوڵمان بووە، هەندێکیش دەڵێن پێش ئەوە بووە، بە موسوڵمانی کۆچی کردووە، پێغەمبەر(ص) زۆر دڵخۆش بووە بە موسوڵمانبونەکەی و کردویەتی بە گەورەی ناوچەی خەیل، دواتر بۆ ... ناردوویەتی و بەشداری غەزای موئتەی کردووەو پێغەمبەر(ص) نازناوی شمشێری هەڵکێشراوی خودا(سیف الله المسلول)ی پێداوە.

کەسێکی زۆر پاکبووە لە شەڕکردندا، هەربۆیە پێغەمبەر(ص) لە سەرۆکایەتی ناوچەی خەیل هێشتویەتیەوە و بەردەوامیش سەرکردایەتی و پێشەنگی شەڕەکانی پێداوە.

بەشداری لە فەتحی مەککە و حەنێن و تائیف و هودی العوزادا کردووە، بەڵام جیاوازی هەیە لەسەر بەشداریکردنی لە جەنگی خەیبەردا، لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا(ص) فەرمانڕەوایی پێ سپێردراوە و وەک شاندی سەربازی پێغەمبەر ناردویەتی بۆلای ئەکیدەری سەرکردەی عەرەبی گەورە و دەستگیری کردووە.

خەلیفە ئەبوبەکری صدیق کردویەتی بە سەرکردەی جەنگی هەڵگەڕاوەکان و موسەیلەمەی درۆزن و هەڵگەڕاوە و کافرەکانی عەرەبی نەجد، ئازایەتیەکی بێوێنەی لەو جەنگەدا نیشانداوە، دواتر و لەساڵی ١٢ کۆچیدا نێردراوە بۆ عێراق و بەشێکی ئەو ناوچەیەکی فەتح کردووە، دواتر ڕوویکردووەتە ناوچەی شام و بە بیابانا ڕۆیشتووە و لەگەڵ سەربازەکانیدا ناوچەی مەفازەی لە سنوری عێراق و شام لەماوەی پێنج ڕۆژدا دابڕیوە و خەلیفە ئەبوبەکر کردویەتی بەئەمیری ئەو ناوچەیە، هەتاوەکو خەلیفە عومەر لەسەرکار لایبردووە، سەرەڕای لادانەکەیشی لەسەر سەرکردایەتی، بەڵام لەپێناوی خودا جەنگاوە هەتاوەکو خودای گەورە سەرکەوتنی کردووە بە نسیبیان، شوێنێکی جەستەی نەبووە کە شوێنەواری برینی پێوە نەبێت.

کاتێک دەکەوێتە سەر جێگەی مەرگ و نزیکی سەرەمەرگ دەبێتەوە، دەستدەکات بەگریان و دەڵێت: لە فلان شەڕ و فلانە شەڕدا بەشداریم کرد، شوێنێکی جەستەم نییە کە برینی پێوە نەبێت، ئیتر بە شمشێر بێت یان بە تیر یاخود بە لێدانی ڕم، بەلام بەداخەوە ئەوەتا ئێستە لەسەر جێگە کەوتووم و هەروەک حوشتر خەریکە گیان لەدەست دەدەم، لەخودا دەپاڕێمەوە کە چاوی ترسنۆکەکان نەچێتە خەو.

ئەوەبوو لەشاری حیمص و لە ساڵی بیست و یەکی کۆچیدا گیانی سپاردووە و گەڕاوەتەوە بۆ لای خودای خۆی، دیمەن و نیشانەکەی لەسەر دەرگای شاری حیمصە زۆر دیار و بەناوبانگە.

محمد صدیق مەنشاوی

موسولمانبونی خالیدی کوڕی وەلید

عەمری کوڕی عاص دیارییەکانی هەلگرت و خۆی و ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون ڕۆیشتن بۆ ئەوەی لەلای نەجاشی پاشای حەبەشە و لەووڵاتەکەی ئەودا بژین، کاتێك ویستی بچێتە ژوورەوە بۆ ناو کۆشکەکەی نەجاشی، عەمری کوڕی ئومەییەی زەمری نێردراوەکەی پێغەمبەری خودا(ص)ی بینی کە لەلای نەجاشی هاتە دەرەوە.

عەمر لە دڵی خۆیدا گوتی: باشتر وایە بچم بۆلای نەجاشی و داوای لێ بکەم کە عەمری کوڕی ئومەییەم ڕادەست بکات و لەگەردنی بدەم و بیکوژم، بەمشێوەیە قورەیشیەکان بە کەسێکی بوێرم دەزانن کە توانیومە نێردراوەکەی محمد بکوژم.

عەمری کوڕی عاصیش چوو بۆلای نەجاشی و گوتی: جەنابی پاشا من پیاوێکم بینی لەلای تۆ هاتە دەرەوە کە نێردراوی پیاوێکە و دووژمنی ئێمەیە، داوات لێ دەکەم ڕادەستی ئێمەی بکە بۆ ئەوەی بیکوژین.

نەجاشی بە توڕەییەوە گوتی: ئایا داوام لێدەکەیت کە نێردراوی پیاوێکت ڕادەست بکەم کە فریشتەی گەورە دێت بۆلای، هەروەك ئەوەی کە دەهات بۆلای موسا و عیسا بۆ ئەوەی بیکوژیت؟! بڕۆ ئەی عەمر بەگوێم بکە و شوێنی ئەو پیاوە(محمد) بکەوە.

عەمری کوڕی عاص دەڵێت: پەیمانم بە نەجاشی دا کە بگەڕێمەوە بۆ شاری مەککە و موسوڵمان ببم. لە ڕێگادا و پێش فەتحی شاری مەککە گەیشت بە خالیدی کوڕی وەلید، عەمر گوتی: ئەوە بۆ کوێ دەچیت ئەی باوکی سولەیمان؟ خالیدی

کوڕی وەلیدیش گوتی: سوێند بەخودا قەراخی سمی حوشتر ڕێکبووەتەوە، پیاوەش(واتە محمد) پێغەمبەرە.... سوێند بەخودا ئەمەوێت بچم و موسولمان بم، ئیتر بەسە تاوەکو کەی ملەجەڕێ و ئینکاری ئاینەکەی بکەین...؟!!

عەمریش بە دڵخۆشییەوە گوتی: سوێند بەخودا منیش بۆ ئەوە هاتووم و موسولمان ببم.

هەربۆیە پێکەوە هاتن بۆ شاری مەدینە و چوون بۆ لای پێغەمبەر(ص) و موسولمان بوون[1].

من شمشێری خودا و شمشێری پێغەمبەرەکەی ئەوم

کاتێك پێغەمبەر بۆ هەدی دەرچوو گەیشتە زی الحلیفە....

عەمر پێیگوت: ئەی پێغەمبەری خودا دەچیت بۆ ناو هۆزێك بە بێ چەك و چۆڵ کە دووژمنایەتیان لەگەڵتدا هەیە؟!

ئەوەبوو پێغەمبەریش(ص) ناردییەوە بۆ شاری مەدینە و فەرمانیکرد هەرچییەك چەك و چۆڵەی سەربازی هەبوو هێنای، کاتێك لە شاری مەککە نزیکبوویەوە ڕێگریان لێکرد کە بچێتە ناو شار، ئەوەبوو ڕۆیشت هەتاوەکو گەیشتە مینا و لەوێدا دابەزی، لەوکاتەدا هەواڵی پێگەیشت کە عیکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل بە پێنج سەد سەربازەوە هاتووە بۆ ئەوەی جەنگی لەگەڵدا بکات.

پێغەمبەری خوداش بە خالیدی کوڕی وەلیدی فەرموو: ئەی خالید ئەوە ئامۆزاکەتە کە لەناو خەیڵدا هاتووە بۆ ئەوەی شەڕت لەگەڵدا بکات.

خالیدیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ص) من شمشێری هەڵکێشراوی خودا و پێغەمبەرەکەی ئەوم، بۆ هەرشوێنێك فەرمانم پێبکەیت دەچم.

---

[1] هرجە احمد ۱/۳۲۲

ئەوەبوو پێغەمبەریش(ص) ناردی بۆ لای سوپاکەی عیکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل و کەوتنە شەڕەوە و سەربازەکانی عیکرەمەی تێکشکاند و هەتاوەکو کەنارەکانی شاری مەککە ڕاوەدویان نان، خودای گەورەش ئەم دوو ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرمێت: {وهو الذي كف ايديهم عنكم وايديكم عنهم ببطن مكة من بعد ان اظفركم عليهم.......... عذابا اليما}.[1] واتە: ئەو خودایە بوو کە ئێوەی بێوەی کرد و ئێوەی لەدەستی ئەوان پاراست، ئێوەشی والێکرد کە واز لە درێژەدان بە شەڕەکە بهێنن.....ئەوانە لەڕۆژی دواییدا سزای بە ئازاریان بۆ هەیە.

خەونی پێغەمبەری خودا(ص)

پێغەمبەری خودا لە خەونیدا بینی کە ئەبوجەهل هاتووە و بەیعەت و پەیمانی پێدەدات و موسوڵمان دەبێت..!!

کاتێك خالیدی کوڕی وەلید موسوڵمان بوو، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ص) خەونەکەت وەڕاست گەڕا، ئەوە موسوڵمانبوونی خالیدی کوڕی وەلید بوو.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: بەڵکو کەسێکیتریش بێت....

ئەوەبوو بە ویستی خودای گەورە عیکرەمەی کوڕی ئەبوجەهلیش موسوڵمان بوو.[2]

نووری ئیمان و باوەڕ

نووری ئیمان دڵ و دەروونی خالیدی کوڕی وەلیدی ڕووناك کردووەوە و خەوش و خاڵی شیرك و بت پەرستی لە ناخیدا پاککردەوە.

هەربۆیە بە هەنگاوانێکی بەهێز و نەلەخشاوەوە و بە خێراییەوە هات بۆلای بتەگەورەکانی لات و عوزا.

---

[1] سورة الفتح اية ٢٤ — ٢٥. تأريخ الامام الطبري ٢ / ١١٧

[2] اخرجه الحاكم في المستدرك ٣ / ٢٧١

بە دەنگێکی بەرزی ڕاستگۆیانەوە هاواریکرد و گوتی: ئەی عوزا کوفر و بێباوەڕی بەتۆ... ئەوەک پاکوبێگەردی... من ئاگادارم کە خودای گەورە سوکایەتی بەتۆ کردووە[1].

خەونی خالیدی کوڕی وەلید

سوارچاکی سوارچاکان و شێری بێشەی ئیسلام شەوێکیان چوویە سەر جێگە و خەوی لێکەوت، لەو خەونیدا بینی کە لە وڵاتێکی ناخۆشدایەوە و ووشکەساڵی تەنگی پێهەڵچنیوە و دەغڵ و دان و کشتوکاڵ هەمووی لەناوچووە، بەڵام دواتر دەچێتە ناو شارێکی سەرسەوزی زۆر جوانی فراوان و خۆش و دڵگیرەوە.

کاتێک کۆچیکرد بۆ شاری مەدینە و خەونەکەی بۆ ئەبوبەکری صدیق گێڕایەوە، ئەبوبەکری صدیقیش پێیگوت: ئەوە ئەو ڕزگاربوونەت بووە لە کوفرەوە بۆ ناو ئاینی ئیسلامی پیرۆز، ئەو تەنگەتاوییەش کە تێیدا بوویت بریتی بووە لە شیرک و بت پەرستی[2].

خالید و عیفریتێک لە جنۆکەکان

یەکێک لە جنۆکەکان زاڵدەبێت بەسەر خالیدی کوڕی وەلیدا و نارەحەتی دەکات و بەردەوام لە خەون بێداری دەکاتەوە و شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت و تووشی ڕاچڵەکینێکی ناڵەباری دەکات و ئیسراحەتی نامێنێت.

خالیدی کوڕی وەلیدیش ترسا لەوەی کە یەکێک لە موسوڵمانەکان بەهۆی شمشێرەکەیەوە تووشی زیان ببێت، هەربۆیە باس و بەسەرهاتی حاڵی خۆی بۆ پێغەمبەر(ص) باسکرد کە چی بەسەردێت.....

---

1 سیر اعلام النبلاء – ١ / ٣٦٩

2 تاریخ ابن عساكر ١٦ / ٢٢٧

پێغەمبەریش(ص) بۆ ئەوەی ئەو ترسەی لەدڵ و دەروندا بسڕێتەوە و لایببات فەرمووی:

جوبرەئیل پێیگوتم: ئەگەر عیفریتێکی جنۆکە هات بۆلات بڵێ: پەنادەگرم بە ووشە تێرو تەواوەکانی خودای گەورە کە خراپەکار و ناڵەبار ناتوانێت سنوریان ببەزێنێت لە خراپەی ئەوەی کە لەئاسمانەوە دێت و ئەوەشی کەبەرز دەبێتەوە بۆ ئاوی و لەخراپەی ئەوەی کە لەزەویدا بڵاو دەبێتەوە و لە خراپەی شەو ڕۆژ و لە خراپەی هەموو ئەوەی کە دێت بۆلام مەگەر بۆ خێر و خۆشی نەبێت ئەی خودای بەخشندەی میهرەبان.... خالیدیش ئەم دووعایەی پێغەمبەر(ص)ی دووبارە کردەوە و بە ویستی خودای گەورە ئەو ترس و تۆقین و زاڵبوونەی جنۆکە و عیفریتەکەی لەدڵ و دەروندا سڕایەوە[6].

ئاسکی برژاو

خالیدی کوڕی وەلید لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ص) چوو بۆ ماڵی مەیمونەی پوری کە دایکی ئیمانداران بوو، دەبینێت ئاسکێکی سورەوکراوی لەبەردەمدایە.

ئەویش هێنای و خستیە بەردەمی پێغەمبەری خودا (ص) بۆ ئەوەی بیخوات، بەڵام پێغەمبەر(ص) دەستیکێشایەوە و لە گۆشتی ئاسکەکەی نەخوارد.

خالیدیش گوتی: ئایا ئەوە حەرامە ئەی پێغەمبەری خودا(ص)؟

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: نەخێر، بەڵام ئەمە هی سەرزەوی ئێمە نییە تاوەکو لە حەڵاڵ و حەرامیەکەی بێخەم بم. دواتر خالیدی کوڕی وەلید ئاسکەکەی خستە بەردەمی خۆی و دەستیکردە خواردنی و پێغەمبەریش(ص) هیچ ڕێگرییەکی لەناوبراو نەکرد بۆ نەخواردنی ئەو گۆشتە[7].

---

[6] اخرجه ابن ابي شيبه في مصنفه ٥ / ٥٠

[7] سير اعلام النبلاء ١ / ٣٦٨.

ماچی سەری خوشکەکەی دەکات

خالیدی کوڕی وەلید خوشکێکی هەبوو کە زۆر ئاقڵ و زیر و دانابوو، د...
خالید لە هەموو شتێکی گرنگدا پرس و ڕاوێژی پێدەکرد.

ڕۆژێکیان لە مەسەلەیەکی زۆر گرنگدا ڕاوێژی پێکرد، ئەویش بیرو بۆچوونی...
لەوبارەیەوە دەربڕی، خالیدیش زۆر سەرسام بوو بە ژیری و دانایی و دووربینی...
خوشکەکەی و دەستخۆشی و ئافەرینی کرد.

دواتر هەستایەوە و سەری خوشکەکەی ماچ کرد [8].

ئەوکارە شیاوی عوزایە

خودای گەورە شاری مەککەی بۆ پێغەمبەرەکەی فەتح کرد، دەنگی الله اکبر و لا اله الا الله لە هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شاردا بڵاو بوویەوە، لەپاش ئەوەی کە دەسەڵات کەوتە دەستی خودا و پێغەمبەرەکەی، خالیدی کوڕی وەلید لەگەڵ سەربازە ئازاکانیدا چوو بەرەو لای عوزا کە یەکێك لە بتە گەورەکانی خەڵکی مەککە بوو، لەسەر لق و کۆتەرەی داری سەموری زۆر گەورە دروستکرابوو..... هەربۆیە دارەکانی بڕییەوە و عوزای هێنایە خوارەوە و ئەو خانووەشی ڕووخاند کە لەوێدا بوو، بەسەرکەوتنەوە گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەری خودا(ص).

پێغەمبەریش(ص) بەخالیدی فەرموو: بگەڕێرەوە چوونکە هێشتا هیچت نەکردووە..!

خالیدیش دووبارە گەڕایەوە بۆلای عوزا، خزمەتکارەکانی دەستیانکردە هاوار بۆ ئەوەی خالید و سوپاکەی بترسێنن، بە دەنگی بەرز دەیانگوت ئەی عوزا سزایان بدە ئەی عوزا تووشی ئازیەتباریان بکە...!

---

[8] مصنف ابن ابی شیبة ٤ / ١٨

بەڵام خالیدی کوڕی وەلید بەوپەڕی ئیمان و باوەڕەوە شوێنەکەی داگیر کرد، دەبینێت ژنێکی ڕووت لەوێدایە و قژی بەرداوەتەوە بۆ سەر خۆڵەکەدا، خالیدیش دەستبەجێ ژنە ڕووتەکەی کوشت.

دواتر خالید گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر(ص) و باس و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە کە چی کردووە.

پێغەمبەریش فەرمووی: ئەوکارە شیاوی عوزایە[٩].

قورئان پشتگیری خالید دەکات

پێغەمبەری خودا(ص) وەلیدی کوڕی عوقبەی نارد بۆ لای بەنی موستەلەق، بۆ ئەوەی سەبارەت بە کاروبار و بارودۆخی ژیان و ئیمان و باوەڕییان هەواڵ بزانێت. بەنی موستەلەقیش بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکیەوە هاتن بۆ پێشوازی، بەڵام وەلید وایزانی بۆ ئەوە هاتوون شەڕی لەگەڵدا بکەن. هەربۆیە گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر(ص) و گوتی: بەنی موستەلەق لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە و هاتن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەرم و بمکوژن.

هەربۆیە پێغەمبەریش(ص) سوارچاکی ئیسلام و شمشێری هەڵکێشراوی خودا خالیدی کوڕی وەلیدی بە سوپایەکەوە نارد بۆ لای ئەو هۆزە، لە نزیکی ئەو شوێنەدا سوپاکەی وەستاند، بەڵام هیچکەسێك لەو هۆزە ئەمانیان نەبینی، بۆ ماوەی چەند شەوورۆژێك چاودێری کردن و دەبینێت بانگ دەدەن و نوێژ دەکەن و هیچ نیشانەیەکی هەڵگەڕانەوە لە ئاینیان پێوە دیار نییە.

خالیدی کوڕی وەلیدیش گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر(ص) و پێیگوت: ئەی پێغەمبەری خودا(ص) بێجگە لە خوداپەرستی و خێر نەبێت هیچ شتێکیترم لەوان نەبینی.

---

[٩] مجمع الزوائد ٩ / ١٧٦

خودای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە و قسەکەی خالیدی پشتڕاستکردەوە و فەرمووی: {یأیها الذین امنوا ان جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا ان تصیبوا قوما بجهالة فتصبحوا علی ما فعلتم نادمین}[1] واتە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان بە خودای گەورە و ئاینی ئیسلام هەیە، ئەگەر کەسێکی گوناهبار هەواڵێکی بۆ هێنان، لێکۆڵینەوە بکەن پێش ئەوەی بڕیار بدەن، نەوەک کۆمەڵێک بە نەزانی تووشی کێشە بێن و دواتر ئێوە لەوکارەی کە کردوتانە پەشیمان ببنەوە.

پێغەمبەر(ص) مەدحی خالیدی کوڕی وەلید دەکات

پێغەمبەری خودا بە هەنگاوە پاکەکانی بەڕێگادا دەڕۆیشت و ئەبوهورەیرەش وەک هاوڕێ لەگەڵیدا بوو.

لەوکاتەدا قایشی نەعلەکەی قرتا، ئەبوهورەیرەش یەکسەر نەعلەکەی خۆی دابە پێغەمبەر(ص)، بەڵام سەروەر قبوڵی نەکرد، هەربۆیە دواتر لەژێر سێبەری درەختێکدا دانیشت بۆ ئەوەی نەعلەکەی چاک بکاتەوە، لەوکاتەدا پیاوێک لەدوورە دەرکەوت کە بەرەو لای ئەوان دەهات.

پێغەمبەر(ص) بە ئەبوهورەیرەی فەرموو: بزانە ئەوە کێیە؟

ئەبوهورەیرەش گوتی: ئەوە فلانەکەسە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: کەسێکە من زۆر بەدڵم نییە و نالەبارە!

دواتر پیاوێکیتر لە دوورەوە هات. پێغەمبەر(ص) فەرمووی: بزانە ئەوە کێیە ئەی ئەبوهورەیرە؟

ئەبوهورەیرەش گوتی: ئەوە فلانە کەسە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: ئای چەند کەسێک نالەبارە!

---

[1] سورة الحجرات یة ٦، تاریخ ابن عساکر ٦٣ ٢٢٩

لەپاشان سێیەم کەس لە دوورەوە هات، پێغەمبەریش(ص) بە ئەبوهورەیرەی فەرموو: بزانە ئەوەیان کێیە؟

ئەبوهورەیرەش گوتی: ئەوە خالیدی کوڕی وەلیدە.

پێغەمبەر(ص) فەرمووی: ئای چەندە کەسێکی باشە.... خالیدی کوڕی وەلید.

ئەبوهورەیرەش دەڵێت: هەرگیز باسی ناوی ئەو دوو پیاوەی تر بۆ هیچ کەسێك ناکەم و ناویان ناهێنم...![١١].

بەرگری خالیدی کوڕی وەلید لە پێغەمبەر(ص)

بەوپەڕی بێنەقڵی و بێ ئەدەبیەوە یەکێك لە ژنان دەستیکردە پاشملە باسکردنی پێغەمبەری خودا بە خراپە و قسەی نابەجێ. هەواڵی ئەم ژنە پەستە گەیشتەوە شاری مەدینەی مونەوەرە.

پێغەمبەریش(ص) لەپاش ئەوەی کە زانی ژنەکە کافرە و هیدایەت وەرناگرێت، فەرمووی: کێ هەیە ئەو تاوانبارەمان لەکۆڵ بکاتەوە؟

لەمکاتەدا شێری بێشە و پاڵەوانی جەنگ و غەزاکان خالیدی کوڕی وەلید بۆ ئەوەی گیانفیدایی خۆی بۆ پێغەمبەر(ص) بسەلمێنێت هەستایەوە و گوتی: من ئەو کارە دەکەم، لەپاشان لەگەڵ کۆمەڵێك گەنجی جوانچاکی گیانلەسەردەستدا بۆ پێغەمبەر(ص) و ئاینەکەی بەڕێکەوت و خالید بەدەستەکانی خۆی ئەو ژنە تاوانبارەی کوشت بۆ ئەوەی شەرەف و گەورەیی بەرگری لە پێغەمبەری خودا بۆ خۆی بێت[١٢].

---

[١١] أخرجه ابن أبي شيبة في المصنف ١٢ / ١٢٣، المطالب العالية ٤٠٠٦.

[١٢] تاريخ ابن عساكر ١١ / ٣٢٥

خالید سکالای تەنگی و بچوکی خانووەکەی دەکات

بە هەنگاوانێکی هێمن و لەسەرخۆو شەرمنەوە خالیدی کوڕی وەلید هات خزمەتی پێغەمبەری خودا(ص) و سکالای بچوکی خانوو شوێنی نیشەجێبونەکەی خۆی کرد.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: دەستەکانت بۆ ئاسمان بەرز بکەرەوە و داوای فراوانی لە خودای گەورە بکە.

خالیدیش دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و ئەو دووعایەی کرد کە پێغەمبەر(ص) داوای لێکرد... پاش ماوەیەک نزاکەی لەلای خودای گەورە وەرگیرا و چوویە ناو خانوویەکی خۆش و فراوانەوە[١٢].

خالید و قژی پێغەمبەر(ص)

لە کەشوهەوایەکی بۆنخۆشدا شمشێری هەڵکێشراوی خودای خالیدی کوڕی وەلید لەگەڵ حەزرەتی پێغەمبەر(ص) دا چوو بۆ شاری مەککە بۆ بەجێهێنانی عومرە، پێغەمبەر(ص) هەستایەوە و سەری خۆی تاشی و کۆمەڵێک لە هاوەڵانی پاکیشی ئەوەی هەڵیانسگرت بۆ خۆیان، هەبوو چەپکێک قژ و هەشبوو تاڵە موویەک یاخود چەند تاڵەموویەکی بەدەست دەکەوت... پاڵەوانی خۆشەویستی لای هاوەڵانیش خالیدی کوڕی وەلید دەستی راکێشا و تاڵەموویەکی پێشەسەری پێغەمبەری گرت و بۆ تەبەڕک و بەرەکەت تاڵەمووەکەی خستە ناو مێزەرەکەی خۆیەوە

---

[١٢] مجمع الزوائد – ٩ / ١٦٠ رواه الطبراني [illegible]

خالید خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: ڕووم کردبێتە هەرکەسێك ملکەچم بووە و ڕووخۆش بووە لەگەڵمدا....[14].

خالیدی کوڕی وەلید و بەرەکەتی پێغەمبەر(ص)

شەڕ گەرمبوو، سوارچاکی ئازا خالیدی کوڕی وەلید بەملاو ئەولادا پەلاماری دەدا و بە شمشێرەکەی سەری دووژمنانی لەلاشەیان جیادەکردەوە، بەردەوامبوو لەشەڕکردن هەتاوەکو کڵاوە سەربازییەکەی کەوتە خوارەوە و خلۆر بوویەوە بۆناو گۆڕەپانی دووژمن، خالیدیش بەکەوتنی کڵاوەکەی خەمی زۆری خوارد، هەربۆیە لەگەڵ سەربازەکانیدا هەروەك ڕەشەبا هێرشیکرد و ژمارەیەکی زۆری لە دووژمن کوشت و چەندین سەربازیش لە سوپاکەی ئەم شەهید بوون.

هاوەڵانیشی لۆمەیان دەکرد و دەیانگوت: باشە تۆ ئەمە تەنها لەبەر کڵاوێك دەکەیت؟!

خالیدی کوڕی وەلیدیش بەدەنگێکی بەرز کە بۆنی خۆشەویستی لێوە دەهات بۆ پێغەمبەری خودا(ص) گوتی: ئەمکارە لەبەر کڵاوەکەم ناکەم، بەڵکو لەبەر ئەو تاڵەمووانەی پێغەمبەر(ص) دەیکەم کە بۆ بەرەکەت خستومەتە ناوییەوە، هەربۆیە لەوە ترسام کە لەدەستیان بدەم و لە بەرەکەتیان بێبەش بم..![15].

---

[14] مسند ابو يعلى ١٢ / ١٣٨ – ١٣٩، المطالب العالية ٤٠١١، [illegible]

[15] الشفا – ٤١ [illegible] ٣ / ٢٩٩

هەرکەسێك عەممار ببوغزێنێت خودایش ئەو کەسە دەبوغزێنێت

هات و هاواری کێشە و هەرا لەنێوان عەمماری کوڕی یاسیر و خالیدی کوڕی وەلیددا بەرز بوویەو خالید هاواریکرد بەسەر عەمماردا و قسەی ڕەقی بەرامبەر ناوبراو کرد.

عەمماری کوڕی یاسیریش بەخێراییەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر(ص) و سکالای خالیدی کوڕی وەلیدی لەلای سەروەر کرد.

دواتر خالیدی کوڕی وەلید هات بۆ لای پێغەمبەر(ص) و دەبینێت عەممار لەخزمەتیدا دانیشتووە و شکاتی ئەو دەکات.

خالیدی کوڕی وەلیدیش لە عەممار تووڕە بوو دەستیکرد بە قسەگوتن بەناوبراو، بەڵام پێغەمبەر(ص) بێدەنگبوو هیچی نەدەگوت.

عەممار دەستیکرد بە گریان و فرمێسك بەسەر گۆناکانیەوە دەهاتنەوە خوارەوە و دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خودا سەیرکە و ببینە کە چیم پێدەڵێت!!

پێغەمبەری خودایش(ص) سەری بەرز کردەوە و فەرمووی: هەرکەسێك دووژمنایەتی لەگەڵ عەمماری کوڕی یاسیردا بکات بەدڵنیاییەوە خوداش دەبێتە دووژمنی ئەو کەسە، هەرکەسێکیش عەممار تووڕە بکات و بیبوغزێنێت بەدڵنیاییەوە خودای گەورەش ئەو کەسە دەبوغزێنێت.

خالیدیش قسەکانی پێغەمبەر(ص) زۆر کاریگەریان لەسەری هەبوو بوویە هۆی ئەوەی کە خۆشەویستی عەمماری کوڕی یاسیر بکەوێتە ناودڵییەوە، هەربۆیە گوتی: لەو ڕۆژە بەدواوە هیچ شتێك هێندەی گەردن ئازادی و لێخۆشبوونی عەممار بەلامەوە

گرێک و خۆشەویست نەبوو کاتێک داوای گەردن ئازادیم لە عەمماری کوڕی یاسیر کرد و ئەویش لێمخۆش بوو گەردنی ئازاد کردم!"[11].

ئازاری خالیدی کوڕی وەلید مەدەن

بە هەنگاوانێکی قورسی هێمن و لەسەرخۆوە هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر(ص) عبدالرەحمانی کوڕی عەوف هات بۆلای پێغەمبەر(ص) و سکاڵای خالیدی کوڕی وەلیدی لەلای سەروەر کرد.

پێغەمبەر(ص) گوێی بۆ قسەکانی عبدالرەحمان کوڕی عەوف گرت و دواتر چوو بۆلای خالیدی کوڕی وەلید.

بە هێمنیەکی زۆر جوانەوە فەرمووی: ئەی خالید باشە بۆچی ئازاری پیاوێکی بەشداری غەزای بەدر دەدەیت؟ ئەگەر هێندەی کێوی ئوحود ئاڵتوون ببەخشیت هەرگیز ناگەیتەوە بەکاروکردەوە باشەکانیدا....

خالیدی کوڕی وەلیدیش بەوپەڕی ئەدەبەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوان قسەم پێدەڵێن و منیش وەڵامیان دەدەمەوە.

پێغەمبەریش(ص) کە قەدر و ڕێزی خالیدی نیشاندەدا ڕوویکردە عبدالرحمانی کوڕی عەوف و فەرمووی:

ئازاری خالیدی کوڕی وەلید مەدەن، چونکە ئەو شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خودا کە الله زاڵیکردووە و باراندویەتی بەسەر کافران و ێباوەڕاندا"[12].

---

[12] اخرجه احمد ٢ ١٦٣٢٣

گۆماوی ئاوەکە

ڕۆژێکیان خالیدی کوڕی وەلید و عبدالرەحمانی کوڕی عەوف چوونە بۆلای گۆماوێکی شیرین کە لەدەوروبەری حورەدا بوو، خۆیان شۆرد و دواتر گەڕانەوە. لەپاشان باس و بەسەرهاتی خۆشۆردنەکەیان بۆ پێغەمبەر(ص) گێڕایەوە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: چۆن خۆتان شۆرد؟

خالید گوتی: من پەردەم بۆ عبدالرەحمان کرد هەتاوەکو خۆی شۆری و لەپاشان ئەویش پەردەی بۆ من کرد هەتاوەکو خۆم شۆرد.

پێغەمبەریش(ص) لەپاش ئەوەی کە دڵنیابوویەوە لەڕێکوپێکی و تەواوی کارەکەیان، بەدەنگێك کە دڵخۆشییەکی زۆری پێوە دیاربوو سەبارەت بە شارەزایی و هۆشیاری هاوەڵانی فەرمووی: ئەگەر بەوجۆرەتان نەکردایە دڵنیابن بەم دەستانەی خۆم لێم دەدان![18].

خالید لە کوێیە؟

لە غەزای حەیبەردا تیرباران دەستپێکرد و شمشێرەکان سەرەکانیان دەپەڕاند، شێری ملشکێن خالیدی کوڕی وەلیدیش خۆی فڕێدایە نێو جەنگی مەرگەوە، بەردەوام بە شمشێرەکەی شەڕی دەکرد هەتاوەکو بەسەختی بریندار بوو.

هەواڵەکە گەیشتەوە بە پێغەمبەر(ص) و هاتە دەرەوە و دەیفەرموو: کێ دەتوانێت وولاخەکەی خالیدی کوڕی وەلیدم بۆ بدۆزێتەوە؟

پێغەمبەر(ص) بەردەوامبوو لە ڕۆیشتن هەتاوەکو وولاخەکەی خالیدی دۆزییەوە. دەبینێت خالید پاڵیداوە بە وولاخەکەیەوە و بەسەختی بریندار بووە و خوێن لە برینەکەیەوە دەچۆڕێت.

---

[18] خرجه عبدالرزاق في مصنفه ١ / ٢٨٥

پێغەمبەر(ص) لە ئەنیشت خالیدەوە دانیشت و دووعای بۆ دەکرد.
دواتر بە تفی خۆی برینەکەی خالیدی ئەرکرد"[1].

ئێوە ستەم لە خالید دەکەن

ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا(ص) فەرمانیکرد کە خێرێك بکرێت، پێیانگوت: ئیبن جەمیل و خالیدی کوڕی وەلید و عەباسی کوڕی عبدالموتەلیب بەشیان نەداوە.

پێغەمبەری خودایش(ص) فەرمووی: ئیبن جەمیل قەیدی ناکات کە بەشی نەداوە چوونکە خودای گەورە دەروی خێری لێکردووەتەوە و بارودۆخی دارایی باشە.

بەڵام بەڕاستی ستەمتان لە خالیدی کوڕی وەلید کردووە، چونکە هەمیشە کراس و دیرعەکەی جەنگی لەبەردایەوە و بەردەوام چەك و تفاقی سەربازی و وولاخەکەی ئامادەیە بۆ جیهاد لەپێناوی خودا.

عەباسی کوڕی عبدالموتەلیبی مامی پێغەمبەریش(ص) بارودۆخی دارایی باشەو دەبێت ئەو خێر بکات و بە چەند هێندەی خەلکیتر خێر و چاکە دەکات[2].

سوارچاکی مروەت و پیاوەتی

هۆزی خوزاعە وەلیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرەیان کوشت، ئالی مەخزم داوای خوێنی کوژراوەکەیان کرد، بیسری کوڕی سوفیان کە یەکێکبوو لە ئەشراف و پیاوماقوڵەکانی هۆزی خوزاعە لەگەڵ کوڕەکەیدا لەشاری مەککە بوو.

---

[1] شرف الحجرة ٩١٣٩

[2] صرحه النسائي ٢٤٦٤

کاتێک ئەمەی بیست بەخێراییەوە چوو بۆلای ئالی مەخزوم و کوڕەکەی خۆی وەک بارمتە دانا هەتاوەکو خوێن و دیەکەیان بۆ دەهێنێت.

بەڵام سوارچاکی شمشێر و پیاوەتی و مرووەت هات بۆلای کوڕەکەی بیسری کوڕی سوفیان و خۆمەرگی بۆ هێناو خواردنی پێدا و بۆنی خۆشی میسکیشی لێدا.

دواتر پێیگوت: بڕۆرەوە بۆلای باوکت.

کەسەکەش گەڕایەوە بۆلای باوکی، بیسری کوڕی ئەبوسوفیانیش وەک وەڵامدانەوەیەکی پیاوانە بۆ ئەوکارە مەردانەی خالیدی کوڕی وەلید بەخێراییەوە هەق و دیەی خوێنی بڕاوی پیاوەکەی برد بۆ خالیدی کوڕی وەلید.

لەژێر ئالاو فەرمانی خالیدی کوڕی وەلیددا بن

بە هەرەشێکی پاک و دڵێکی سافەوە پیاوێک لە هۆزی سولەیم هات بۆلای پێغەمبەر(ص) و موسوڵمان بوو شایەتمانی هێناو دواتر گەڕایەوە بۆلای هۆزەکەی خۆی و دەیبینێت بە هەزار سوارەوە ئامادەی جەنگن.

پێیگوتن ئەوە بۆ کوێ دەچن؟

ئەوانیش گوتیان بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو کەسە دەچین کە سوکایەتی بە خوداکانمان دەکات و ئەمانەوێت بیکوژین.

پیاوەکەش گوتی: کارێ وا مەکەن، چونکە من باوەڕم بەو پیاوە(محمد) هێناوە و شایەتیمداوە و بە سەردارمدا ئەو ڕووشەی هاتووە. اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله

ئەوانیش بڕیاریاندا کە بچن بۆلای پێغەمبەر(ص) و موسوڵمان بن... دواتر شایەتمانیان هێنا و موسوڵمان بوون.

الاصابة ٢٩٢

لەپاشان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا فەرمانمان بە چی پێدەکەیت؟

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: ئێوە دەبێت لەژێر ئاڵاو فەرمانی خالیدی کوڕی وەلیددا بن، ئەوانیش بەگوێیان کرد، تاوەکو ئەو کاتە لەناو هیچ هۆزێکی عەرەب و غەیری عەرەبدا نەبووە کە هەزار کەس پێکەوە موسولمان بن"[1].

بوەستە ئەی خالید

بەوپەڕی تەریقبوونەوە و شەرمەزارییەوە ژنە غامیدیەکە بە هەنگاوانێکی زۆر قورسەوە هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ص) و لەبەردەمیدا دانیشت.

بە دەنگێکی لەرزۆکی گریاناوییەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ص) من تووشی زینا و داوێنپیسی بووم، تکات لێدەکەم پاکم بکەرەوە.

پێغەمبەر(ص) ناردییەوە بۆ ماڵەوە و هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، بەڵام بۆ بەیانیەکەی دیسانەوە ژنەکە هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر(ص).

بە خەموپەژارەیەکی زۆرەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا.... باشە بۆچی دەمنێریتەوە بۆ ماڵەوە و سزام نادەیت؟! لەوانەیە بتەوێت منیش وەك ماعیز سزا نەدەیت. سوێند بەخودا من سکم پڕە...

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: دەی کەوابوو بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە هەتاوەکو منداڵەکەت لەدایك دەبێت، ئەویش ڕۆشتەوە و کاتێك منداڵەکەی لەدایکبوو پێچای بە پارچە پەڕۆیەکەوە و هاتەوە بۆلای پێغەمبەر(ص) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوەتا منداڵەکەم بووە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: زۆر باشە، بڕۆرەوە و شیری پێبدە هەتاوەکو لە شیر دەبڕیتەوە...

---

[1] ابن عساكر ٤ / ٢٨٤.

کاتێک منداڵەکە لە شیر برایەوە ژنەکە هاتەوە بۆلای پێغەمبەر(ص) و پارچەی
نان لەناو دەستی منداڵەکەیدا بوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوەتا لە ش
براوەتەوە و نان دەخوات، پێغەمبەریش(ص) منداڵەکەی رادەستی یەکێک لە مو
موسوڵمانەکان کرد بۆ ئەوەی بەخێوی بکەن، دواتر فەرمانیکرد و چاڵێکیان تاوەک
سنگی ژنەکە هەڵکەند و لەپاشان ژنەکەیان تێکرد و خەڵکیش بەردبارانیان کرد.
خالیدی کوڕی وەلیدیش بەردێکی هەڵگرتبوو دەیکێشا بەسەری ژنەکەدا خوێن
فیچقەی دەکرد و لەبەر خۆیەوە جنێوی نەشیاوی بە ژنەکە دەدا.
پێغەمبەری خودایش(ص) جنێوەکانی خالیدی بیست کە بە ژنەکەی دەدا.....
پێغەمبەر(ص) ڕوویکردە خالید و فەرمووی: بوەستە ئەی خالید، سوێند
بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئەو ژنە تەوبەیەکی کردووە ئەوەندە گەورەیە
کە ئەگەر ئەو کەسەی کە هەشت یەک نادات بە ژن تەوبەی لەوجۆرە بکات
بەدڵنیاییەوە خودای گەورە لێیخۆش دەبێت.
دواتر پێغەمبەر(ص) خۆی نوێژی لەسەر کرد و فەرمانیکرد لەناو گۆڕەپانی
موسوڵمانانیدا بەخاکی بسپێرن".

هیند لەسەردەمی ملەجەڕیْ و لە سەردەمی ئیسلامدا

لە ساڵی فەتحی شاری مەککەدا ئاڵای ئیسلام لەناو شاردا بەرزکرایەوە و
دەشەکایەوە، پێغەمبەری خۆشەویست هەموو بتەکانی شکاند و دەنگی الله اکبر لە
هەموولایەکەوە بەرز بوویەوە.

سوارچاکی ئازا خالیدی کوڕی وەلید نزیکی ئەبوهورەیرە بوویەوە و گوتی: ئەی ئەبوهورەیرە بمانبە بۆ ماڵی هیندی کچی عوتبە بەڵکو هەندێك قورئانی بۆ بخوێنیت و سودی هەبێت بۆ نەرمکردنی دڵ و دەروونی.

پێکەوە ڕۆیشتن و گەیشتنە ماڵی هیند.

خالید ڕوویکردە هیند و گوتی: ئەی دایکی موعاوییە... ئەمە ئەبوهورەیرەی هاوەڵی پێغەمبەرە(ص) من داوام لێکردووە بێت بۆ ئێرە قورئان بۆ تۆ بخوێنێتەوە و باسی ئیسلامت بۆ بکات.

هیندیش گوتی: ئادەی بزانم.

ئەبوهورەیرەش لە سەرەتای سورەتی تبارەکەوە دەستیکردە خوێندنەوەی ئایەتەکان هەتاوەکو گەیشتە ئایەتی {ثم ارجع البصر كرتين ينقلب اليك البصر خاسئا وهو حسير}[٢٤].

هیند گوتی: ئیتر بەسە، سوێند بە خزمەتکاری کەعبە هیچکاتێك لە شاعیرێکمان نەبیستووە کە باسی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی بکات بێجگە لەم هاوەڵەی ئێوە نەبێت (واتە پێغەمبەرص)!!

دواتر خالید گوتی: هەستە ئەی ئەبوهورەیرە... سوێند بەخودا ئەمە هەرگیز موسوڵمان نابێت.

لەپاشان ڕۆیشتن و هیندیان بەجێهێشت، پاشماوەیەك بە ویستی خودای گەورە دڵی بۆ ئاینی ئیسلام کرایەوە و نووری ئیمان و باوەڕ چوویە دەروونیەوە و باوەڕی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هێنا[٢٥].

---

[٢٤] سورة الملك اية ٤

[٢٥] تاريخ ابن عساكر ٢ / ١٤ ـ ١١ / ١٠٦

خالیدی کوڕی وەلید شیاوترە بۆ هەڵگرتنی ئاڵاکە

لە شەڕی موئتەدا جەنگ گەرم بوو، ڕۆحی پاکی هەرسێ سەرکردەی گیانفیدای موسوڵمانان بەرەو ئاسمان بۆ بەهەشتی ئیلاهی هەڵفڕی، سابیتی کوڕی ئەرقەم بەخێراییەوە ڕۆیشت و ئاڵاکەی بەرزکردەوە و دواتر دای بەدەستی خالیدی کوڕی وەلیدەوە.

گوتی: ئەی باوکی سولەیمان وەرە ئەو ئاڵایە بگرە.

خالیدیش گوتی: من نایگرم بەدەستمەوە چوونکە تۆ شیاوتریت، تۆ پیاوێکی بەتەمەنیت و بەشداری جەنگی بەدر بوویت.

سابیت گوتی: ئەی خالید بیگرە، سوێند بەخودا ئەم ئاڵایەم تەنها بۆ تۆ هەڵگرتەوە، تۆ لەشەڕدا لەمن زۆر شارەزاتریت.

دواتر بە خەڵکەکەی گوت: ئایا پێتان باشە کە خالید ئاڵاهەڵگری موسوڵمانان بێت؟!

ئەوانیش بەیەک دەنگ گوتیان: بەڵێ ڕازین.....

خالیدیش ئاڵاکەی هەڵگرت و بەوپەڕی ئازایەتی و نەخشە و پیلانی جەنگیبە تێکۆشانیکرد هەتاوەکو خودای گەورە سەرکەوتنی کردە نسیبیان[٢٦].

خالیدی کوڕی وەلید و نۆ شمشێرەکە

لە ڕۆژی جەنگی موئتەدا ڕۆمەکان بە شێوەیەکی زۆر بەهێز و تۆقێنەر هێرشیانکردە سەر موسوڵمانەکان. سوارچاکی ئازا خالیدی کوڕی وەلید دەستیکردە شەڕکردن کە هیچ ترسێکی لە مردن نەبوو، هەتاوەکو ژمارەیەکی زۆری لە ڕۆمەکان بەدەستی خۆی ڕەوانەی دۆزەخ کرد، بەڵام شمشێرەکەی شکا.

خالیدی کوڕی وەلید خۆی باسی ترسناکی شەڕەکە دەکات و دەڵێت: لە ڕۆژی شەڕی موئتەدا نۆ شمشێر بەدەستمەوە شکان، تەنها یەک قەڵغان مایەوە کە دروستکراوی ناوچەی یەمانی بوو[٢٧].

خالید ئالاکە هەڵدەگرێت

بە چاوانێکی پڕ لە فرمێسک و دڵێکی تەنگەوە پێغەمبەر(ص) ئاریەتباری بۆ هەرمێ سەرکردەی ئازای موسوڵمان دەگێڕا و هەوڵیدەدا وێنەی چۆنیەتی شەڕەکە و ئازایەتی ئەو شەهیدە نەمرانە بۆ هاوەڵان بگێڕێتەوە.

بە چاوانێکی پڕ لە فرمێسکەوە کە هۆن هۆن دەهاتنە خوارەوە فەرمووی: زەید ئالاکەی هەڵگرت و شەهید بوو، دواتر جەعفەر هەڵیگرت و ئەویش شەهید بوو، دواتر عبداللەی کوڕی ڕەواحە هەڵگیرت و ئەویش شەهید بوو، لەپاش ئەوان خالیدی کوڕی وەلید ئالاکەی هەڵگرت و خودای گەورە سەرکەوتنی کردە بەشی موسوڵمانان[٢٨].

خودا هەرگیز لەتۆ تووڕە نەبووە

سوارچاکی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید لە شەڕی موئتەدا ئاڵای سوپای موسوڵمانانی هەڵگرت، سەرکردەیەکی چاونەترس و بەجەرگ کە شکستی نەدەناسی و تۆسقاڵێك ترس لەناو دڵ و دەروونیدا نەبوو، بەردەوام نەخشە و پیلانی بەهێزی سەربازی دادەنا.

بۆ بەیانیەکەی خالیدی کوڕی وەلید بەشی پێشەوە سوپاکەی خستە بەشی دواوە و دوایشی هێنایە پێشەوە، لای ڕاستی بردە لای چەپ و لای چەپیشی هێنایە

[٢٧] أخرجه ابن حبان ١٥ / ٥٣٤.

[٢٨] أخرجه البخاري ١٢٤٦.

لای ڕاست، کاتێك ڕۆمەکان ئەمەیان بینی وایانزانی کە سوپای

سەربازی نوێیان بۆ هاتووە... ترس و دڵەڕاوکێ کەوتە

نەیانتوانیبوو ئەو سوپای موسوڵمانانە بشکێنن کە لەبەرامبەریاندا

دەتوانن زاڵ ببن بەسەریاندا ئەگەر بێت و پشتیوانی بەهێزی

هاتبێت؟!

بەمشێوەیە خالیدی کوڕی وەلید توانی ترس و دڵەڕاوکێیەکی

سەربازانی ڕۆمیەوە و بەوپەڕی گەورەییەوە سەرکەوتن بەسەر ڕۆمەکاندا

بهێنن.

کاتێك سوارچاکی جەنگ و شەڕەکان خالیدی کوڕی وەلید هاتەوە بۆ شاری مەدینە و چوویە بەردەمی پێغەمبەر(ص) وایزانی کارێکی کردووە کە خودا و پێغەمبەرەکەی تووڕە کردووە(واتە بەبێ فەرمان ئاڵاکەی هەڵگرتووە) هەربۆیە یەکسەر گوتی: پەنا دەگرم بەخودا لە تووڕەیی خودا و پێغەمبەرەکەی.

پێغەمبەریش(ص) بۆ ئەوەی خالیدی کوڕی وەلید هێمن و دڵنیا بکاتەوە و مژدەی ئەوەی پێبدات کە ئەوەی کردوویەتی تەنها سەرکەوتن و دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ موسوڵمانان فەرمووی:

نە خودا و نە پێغەمبەرەکەیشی لە تۆ تووڕە نین، بەڵکو تۆ شمشێرێکیت لە شمشێرەکانی خودا بەسەر کافران و بێباوەڕانەوە"[٢٩].

پێغەمبەر(ص) هاوسۆزی بۆ خالید دەردەبڕێت

لە غەزای موئتەدا پیاوێك لە خەڵکی یەمەن هات کە تەنها یەك شمشێری پێبوو، کاتێك سوپای ڕۆمەکان هاتن پیاوێك لەناویانەوە و بەسەر ئەسپێکی سپی کە

[٢٩] تاريخ ابن عساكر ١٦ / ٢٤٣.

گورزانەکەی بە ئاڵقووە، ڕاکێشرابووەوە هاتە دەرەوە، پیاوە ڕۆمییەکە خۆی بەسەر موسوڵمانەکاندا هەڵدەکوتا، پیاوە یەمەنییەکەش لەپشتی تاشەبەردێکەوە بۆی دەرچوو، پیاوە ڕۆمییەکە داپەڵای، پیاوە موسوڵمانە یەمەنییەکەدا و کاتێکی بەمەنی لێیدا و کوشتی، لەپاشان ئەسپەکەی و چەکەکەی هێنا

کاتێك موسوڵمانەکان سەرکەوتن، خالید ناردی بەشوێن پیاوەکەدا و هەرچییەکی بردبوو هەمووی لێوەرگرتەوە

عەوف گوتی: ئەی خالید ئەی تۆ نەتزانیوە کە پێغەمبەر(ص) ڕێگری لە ڕووتکردنەوەی چەکداری کردووە.

خالیدیش گوتی: بەڵام من ئەو شتانەم بۆ ئەو بە زۆر زیاد زانی

عەوفیش گوتی: یان بۆی دەگێڕیتەوە یان مەسەلەکە بۆ پێغەمبەری خودا باسدەکەم... بەڵام خالید هیچ شتێکی بۆ پیاوەکە نەگێڕایەوە و بەگوێی عەوفی نەکرد.

عەوف هات بۆلای پێغەمبەری خودا و بەسەرهاتی پیاوەکە و هەڵسوکەوتەکەی خالیدی بۆ گێڕایەوە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: ئەی خالید چی وایلێکردیت کە ئەوکارە بکەیت؟

خالیدیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ص) ئەوشتانەم بە زۆر زانی بۆ ئەو پیاوە

پێغەمبەر(ص) فەرمووی: هەرچییەکت لێوەرگرتووە بۆی بگێڕەوە.

عەوفیش بە شانازییەکەوە گوتی: ئەی خالید ئەی من ئاگادارم نەکردیتەوە کە ئەوکارەت هەڵەیە!!

پێغەمبەر(ص) تووڕەبوو، فەرمووی: ئەی خالید پەشیمان بووەوە، هیچ شتێك مەدەرەوە بە پیاوەکە.

دواتر پێغەمبەر(ص) ڕوویکردە عەوف و پێیگوت: باشە ئێوە بۆچی واز لە ئەمیرەکانی من ناهێنن، نمونەی ئێوە و ئەوان وەك پیاوێك وایە چاودێری حوشتر و مەڕێك دەكات بەباشی، دواتر دەیانهێنێتە سەر ئاوێك و لە بێگەرد و سافەکەی دەخۆنەوە و لیڵەکەی ناخۆنەوە، دەی کەوابوو ئەوەی دەستکەوتی دیار و ئاشکرا و بەکۆمەڵ و پاك و زۆرە بۆ ئێوەیە، لیڵ و کەم بایەخەکەیش با بۆ ئەوان(واتە ئەمیرەکانی جەنگ) بێت [٢].

خالید بەرگری لە پێغەمبەر(ص) دەکات

ڕۆژێکیان عەلی کوڕی ئەبوتالیب هەندێك ئاڵتوونی دەستکەوت و غەنیمەتی جەنگی نارد بۆ پێغەمبەری خودا(ص)، پێغەمبەریش(ص) دابەشیکرد بەسەر چوار کەسدا: ئەقرەعی کوڕی حابیس، عویەینەی کوڕی بەدی فەزاری، زەیدی تائی، عەلقەمەی کوڕی عەلاقەی عامیری.

قورەیشی و ئەنصارەکان بەمکارە زۆر تورە بوون و گوتیان: بەشی ئەشراف و گەورەکانی ناوچەی نەجد دەدات و ئێمە بێبەش دەکات!!

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: ئەوە تەنها لەبەر ڕاگرتنی دڵیانە، چوونکە تازە موسوڵمان بوون.

پیاوێکی برۆ پانی کوڵم بەرزی تەوێڵ بەرزی ڕیش پڕ هاتە پێشەوە.

بە دەنگێکی بەرزی زۆر ڕەقی نالەبارەوە گوتی: لە خودا بترسە ئەی محمد!!

پێغەمبەریش(ص) بەوپەڕی ئەدەب و هێمنی و لەسەرخۆییەوە فەرمووی: باشە ئەگەر من گوێڕایەڵی و تەقوای خودام نەبێت ئیتر دەبێت کێی هەبێت؟! خودا کردوومی بە ئەمین و دەستپاکی خەڵکی سەرزەوی، بەڵا ئێوە متمانەم پێناکەن؟!!

---

[٢] أخرجه مسلم ١٧٥٣

خالیدی کوڕی وەلیدیش کە ئەو بینشەرمیەی کابرای لەگەڵ پێغەمبەردا(ص) بینی هەستایەوە و بەوپەڕی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەرەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ڕێگەم بدە بۆ ئەوەی لەگەردنی بدەم و سەری لەلاشەی جیابکەمەوە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: نەخێر... لەوانەیە کەسێکی ئەهلی نوێژ بێت.

خالیدی کوڕی وەلید گوتی: زۆرێك لە نوێژکەران هەن کە شتێك دەڵێن لەدڵیاندا باوەڕیان پێی نییە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: من فەرمانم پێنەکراوە کە ناو دڵی خەڵکی کون بکەم و بچمە ناوییەوە، فەرمانیشم پێنەکراوە کە هەوڵبدەم و بزانم کە لەناو سکیاندا چی هەیە[٣١].

ئادابەکانی جەنگ لە ئاینی ئیسلامدا

سوارچاکی سوارچاکانی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید لە شەڕێکدا بە شمشێرەکەیەوە دەرچوو دووژمنانی شپرزە و بێزار کردبوو، بە هەموو شێوەیەك ڕێگەی بۆ پێغەمبەری خودا دەکردەوە.

ڕەباحی کوڕی حەنزەلە و هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ص) دایان بەلای ژنێکی کوژراودا کە لەناو خوێنی خۆیدا گەوزا بوو، کە بە هەڵە شمشێری خالیدی بەرکەوتبوو.

کاتێك پێغەمبەری خودا(ص) ئەو ژنەی بینی کە خەڵتانی خوێن بووە، زۆر دڵتەنگبوو بە کوژرانەکەی، هەربۆیە بەدەنگێکی خەمبارەوە فەرمووی: ئەمە هەرگیز جەنگاوەر نەبوو!

دواتر پێغەمبەر(ص) ویستی ئادابەکانی شەڕ فێری خالید بکات، هەربۆیە فەرمووی بە یەکێك لە هاوەڵانی کە لەتەنیشتیەوە وەستابوو:

---

[٣١] ...العدد ٣٣١١ – ٣٥١٤.

بڕۆ بەشوێن خالیدا و پێی بڵێ بەهیچ شێوەیەک ژن و منداڵ و کرێکار و خزمەتکار مەکوژن"[22]

خالیدی کوڕی وەلید ئەکیدەر دەکوژێت

پێغەمبەر(ص) کۆچی دواییکرد و هەواڵی مردنەکەی بەناو هەموو دوورگەی عەرەبیدا هەروەک ئاگری ناو پوش و پاوان بڵاوبوویەوە، ئەم هەواڵەش گەیشتە ئەکیدەر کە لەترساندا موسوڵمان ببو، زەکاتی نەدا و پەیمانەکانی شکاند و لە دەومەت جەندەل دەرچوو لە ناوچەی حیرە گیرسایەوە و لەوێدا باڵەخانە و کۆشکێکی گەورەی دروستکرد....

ئەبوبەکری صدیق نامەیەکی نارد بۆ شمشێری هەڵکێشراوی خودا خالیدی کوڕی وەلید کە ئەوکات لە عەین تەمر بوو فەرمانیپێکرد کە بە سوپاکەیەوە بڕوات بەرەوی لای ئەکیدەر و لەناوی بەرێت.

دەستبەجێ ئەیزەکی بڕندە و شمشێری تیژ خالیدی کوڕی وەلید بەرەو لای ئەکیدەر ڕۆیشت و بەوپەڕی ئازایەتیەوە هێرشیکردە سەر خۆی و داروودەستەکەی و کوشتی[23]

خالید و عابیدە زاهیدەکە

حەصبی جوزامی موسوڵمان بوو نووری ئیمان و باوەڕ لە دڵیدا جێگیر بوو. هەربۆیە لەناو هۆزی حەنیفەدا نیشتەجێ بوو، کاتێک بەنی حەنیف لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، ئەمیش لێیان دوورکەوتەوە و بەتەنیا سەرقاڵی خوداپەرستی بوو.

---

[22] خريطة احمد برقم ١٥٥٦٢

[23] تاريخ ابن عساكر ٩ ، ٢٠٤

کاتێک سوارچاکی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید هات بۆ ناوچەی هۆزی حەنیفە و سەراوژێری کرد و وێرانیکرد، حەصینی جورامی دەستگیر کرد و ویستی بیکوژێت

حەصین گوتی: ئەگەر تۆ تەنها ئەو کەسانە دەکوژێت کە شەڕیان لەگەڵدا کردوویت یان سەرپێچی لە فەرمانەکانت دەکەن، دەی ئەوە بزانە من لەهیچکامیان نیم، خۆ ئەگەر بەهۆی کافربوونەوەی هۆزی حەنیفەوە دەتەوێت بمکوژێت، ئەوا خودای گەورە بەم ئایەتە ڕێگری لێکردوویت کە دەفەرمێت: ﴿ولا تزر وازرة وزر اخرى﴾[٣١] واتە: هیچ کەسێک تاوان و گوناحی کەسیتر هەڵناگرێت.

دواتر گوتی: ئەی خالید پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: هەر عەبدێک عەبدێکیتر بە بێتاوان بکوژێت، بەدڵنیاییەوە لەڕۆژی قیامەت و لەسەر پردی سیرات لە بۆسەدا دەبێت بۆ بکوژەکە.

کاتێک خالیدی کوڕی وەلید لە ڕاستی و پاکی ئیمان و باوەڕەکەی دڵنیابوویەوە وازی لێهێنا و ئازادی کرد[٣٢].

خالیدی کوڕی وەلید شمشێری ئیسلامە

ئاگری هەڵگەڕانەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبیدا کڵپەی سەند و بە شێوەیەکی زۆر لە ڕادەبەدەر ڕووبەرەکەی فراوانبوو، بەجۆرێک کپکردنەوەی ئەو ئاگرە بۆ سەرکردە موسوڵمانەکان بووبە شتێکی ئاستەم.

ئەبوبەکری صدیق شمشێری هەڵکێشراوی خودا و هەورەبروسکەی کوشندە خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ ئەو مەسەلە، هەربۆیە توانی زاڵ ببێت بەسەر خۆبەگەورەزانان و سەرکەشاندا و شمشێرەکەی بچەقێنێت بەناو دڵی ملهەڕێکاران و ئەوەی شیاویان بوو پێیان بکات.

---

[٣١] سورة الانعام آية ١٦٤

[٣٢] الاصابة ٢ / ١٧٤ ، ٣ / ١٩٥

بە ئەبوبەکریان گوت: خالید بگێڕەرەوە بۆ شاری مەدینە.

ئەبوبەکری صدیقیش ئەو داوایەی ڕەتکردەوە و گوتی: لە خوداوە(ص) بیستومە کە فەرموویەتی: باشترین بەندەی خودا و برای عەشیرەت خالیدی کوڕی وەلیدە و شمشێری هەڵکێشراوی خودایە[٣٦].

شمشێرێک ناکەمەوە ناو کێلانەکەی کە لەپێناوی خوادا هەڵکێشرابێت

هۆزی سلیم لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵگەڕانەوە و وازیان لە ئاین هێنا و ئاڵای کافری و بێباوەڕیان بەرز کردەوە، خەلیفە ئەبوبەکری صدیقیش سوارچاکی ئازا خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆیان و هێرشیکردە سەریان و بە ئاگر و ئاسن وەڵامی دانەوە...!!

عومەری کوڕی خەتتابیش بە توڕەییەوە گوتی: پیاوێکت ناردووە بۆ شەڕی هەڵگەڕاوەکان کە بەتوندی سزای خودا دەبارێنێت بەسەر ئەو خەڵکەدا.

ئەبوبەکری صدیقیش گوتی: من هەرگیز شمشێرێک ناکەمەوە بەناو کێلانەکەیدا کە بەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی(ص) بەڕووی کافراندا هەڵکێشرابێت، هەربۆیە دەبێت بەفەرمانی خودای گەورە بکرێتەوە ناو کێلانەکەی[٣٧].

سوارچاکی ئیسلام

ئاگری هەڵگەڕانەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کڵپەی سەند، سوارچاکی سەختی و میحنەتەکان خالیدی کوڕی وەلید دەستیکردە هێرشکردن بۆ سەر هەڵگەڕاوە و کافرەکان.

---

[٣٦] المستدرك ٣ / ٣٣٧

[٣٧] ابن عساكر ١٨ / ٢٠٥

هێرشبکردە سەر هۆزی جەدیلە کە یەکێك لە هۆزەکانی ناوچەی تەی بوو، داوای لە عەدی کوڕی حاتەمی تائی کرد کە لە شەڕکردن لەگەڵیاندا هاوکاری و پشتیوانی بکات.

عەدی گوتی: ئەی باوکی سولەیمان، پێتخۆشە کە بە دوو دەست شانبەشانت بجەنگم یان بەیەك دەست؟

خالیدیش گوتی: پێمخۆشە بە دوو دەست شەڕ بکەیت.

عەدیش گوتی: ئەوە بزانە کە هۆزی جەدیلە یەکێك لە دەستەکانی منە.

خالیدی کوڕی وەلید عەدی کوڕی حاتەمی تائی نارد بۆلای هۆزی جەدیلە و دووبارە بانگیکردنەوە بۆلای ئاینی ئیسلام، ئەوەبوو پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر موسوڵمان بوونەوە، خالیدیش هەموو سوارچاکەکانیانی هێنایە ریزی سوپاکەیەوە و بەوپەڕی رێزو حورمەت و بەخشش و بە رەوشتی بەرزی خۆیەوە کردنیە هاونشینی خۆی و لە شەڕەکاندا بەشداری پێکردن[38].

وەفا و ئەمەکی خالیدی کوڕی وەلید

خالیدی کوڕی وەلید بە سوپاکەیەوە بەرەو ناوچەی یەمامە بەڕێکەوت، کاتێك گەیشتن بە موسەیلەمەی درۆزن و هۆزی حەنیفە کەوتنە شەڕەوە و بۆ سێجار موسوڵمانەکانیان تێکشکاند.

سابیتی کوڕی قەیس گوتی: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ص) هەرگیز بەمجۆرە شەڕمان نەکردووە و نەدۆڕاوین، هەربۆیە چاڵێکی بۆ قاچەکانی خۆی هەڵکەند بۆ ئەوەی نەچێتە دواوە، دەستیکردە شەڕکردن هەتاوەکو کوژرا.

[38] تاريخ ابن عساكر ٤٠ / ٨١.

سابیتی کوڕی قەیس هاتە خەوی پیاوێك و پێیگوت: من کاتێك دوێنێ کوژرام پیاوێك لە موسوڵمانان دایەلامدا و دیرعێکی بەنرخی لەبەرداکەندم، شوێنەکەی لە سەروو لەشکرگەکەوەیە، لەلای شوێنەکەیشی ئەسپێك هەیە کە هەموو دیرعەکەی داوە بەسەری ئەودا و مەنجەڵێکیشی داوەبەسەر دیرعەکەدا و پیاوێکیشی بەسەر مەنجەڵەکەوە سوارکردووە، برۆ بۆلای خالیدی کوڕی وەلید بۆ ئەوەی ئەو دیرعە لەو پیاوە وەربگرێتەوە، دوای ئەوەی دیرعەکەت وەرگرتەوە، برۆ بۆلای خەلیفەی پێغەمبەری خودا ئەبوبەکری صدیق و پێبڵێ من قەرزداری فلان و فلانم، هەروەها گەردنی فلان و فلانیش ئازاد بێت، قەرزداری رۆژی قیامەتم بیت ئەگەر بێت و ئەم بە خەونێکی بێمانا بزانیت و پشتگوێی بخەیت و کارەکەم بۆ جێبەجێ نەکەیت.

پیاوەکەش بۆ بەیانیەکەی هات بۆلای خالیدی کوڕی وەلید و بەسەرهاتی خەونەکەی خۆی بۆ گێرایەوە.... خالیدیش دیرعەکەی لە پیاوەکە سەندەوە و بەوپیاوەدا کە خەونەکەی بینیبوو ناردیەوە بۆلای خەلیفە ئەبوبەکری صدیق و ئەوانیش خەونی پیاوەکەیان وەك خۆی جێبەجێ کرد[٣٩].

کۆمەڵێکن کە سوورن لەسەر مردن

سوارچاکی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید لە شەڕی یەمامە تەواو بوو، نامەیەکی نارد بۆ خەلیفەی پێغەمبەری خودا(ص) ئەبوبەکری صدیق و داوای لێکرد کە رێگەی بدات بە سوپاکەیەوە بەرەو عێراق بڕوات و بە فرج الهند دەسپێبکات کە بەناوچەی (ئیبلە) بەناوبانگبوو.

خالیدیش بە خێراییەوە سوپاکەی برد هەتاوەکو گەیشتە ناوچەی حیرە، لەوێدا قوبەیسەی کوڕی ئیاسی تائی کە فەرمانڕەوای کیسرای فارسی بوو لەسەر ئەو شوێنە لەگەڵ ئەشرافیەکانیدا بە سوپایەکەوە بۆی دەرچوو.

---

[٣٩] مجمع الزوائد ٩ / ٣٢٢

خاڵیدی کوڕی وەلید پێیگوت: بانگتان دەکەم بۆ لای خودا و ئایینی ئیسلام، ئەگەر وەڵامتان دایەوە و هاتن بەدەم بانگەوازەکەمانەوە ئەوا ئێوە بەشێک دەبن لە موسوڵمانان و هەرچییەکیان بۆ هەیە بۆ ئێوەش هەیە و هەرچییەکیان لەسەرە لەسەر ئێوەش دەبێت، خۆ ئەگەر موسوڵمانیش نەبن، دەبێت باج و سەرانە بدەن، ئەگەر ئەمەشتان نەکرد، ئەوکات ناچار دەبین شەڕتان لەگەڵدا بکەین، چونکە کۆمەڵێکم لەگەڵدایە چەندە ئێوە سوورن لەسەر ژیان ئەوانیش سوورن لەسەر مردن و مەرگ.

قوبەیسەی کوڕی ئیاس کە لەبەر ترس هەمووگیانی دەلەرزی گوتی: ئێمە پێویستمان بەوە نییە کە شەڕ لەگەڵ سوپاکەتدا بکەین، بەڵکو لەسەر ئایینی خۆمان دەمێنینەوە و باج و سەرانە دەدەین.

خالیدیش گوتی: ئەفرەتتان لێبێت، دڵنیابن کوفر و بێباوەڕی لەناوچوونە، عەرەبە بێئەقڵەکان هەڵیدەبژێرن و ئەو ڕێگایە دەگرنەبەر.

دواتر لەگەڵیاندا ڕێککەوت، ئەوەش بوویە یەکەم باج و سەرانە کە لە عێراق لە بێباوەڕان وەرگیرا[1].

شێری عەرەب و ڕێوی فارسەکان

هورموزی سەرکردەی فارسەکان ڕقێکی زۆری لەدڵدا بوو بەرامبەر بە عەرەب و بە شێوەیەکی زۆر سوکایەتی و گاڵتەپێکردنەوە سەیری نەتەوەی عەرەبی دەکرد.

کاتێک خودا موسوڵمانانی بەسەر موسەیلەمەی درۆزندا سەرخست سوارچاکانی جەنگ بەرەو وڵاتی عێراق بەڕێکەوتن هەتاوەکو گەیشتنە کازیمەی ناوچەی بەسرە، دەبینن هورموز سوپایەکی گەورەی لەگەڵدایە، موسوڵمانەکان هەندێک دڵەڕاوکێیان بۆ دروستبوو.

---

[1] البداية والنهاية – ابن كثير – ٦ / ٣٤٢ – ٣٤٣

سوارچاکی بلیمەت خالیدی کوڕی وەلید بە هێمنی و لەسەرخۆییەوە بەدەم گۆڕەپانی شەڕەکەدا هاتووچۆی دەکرد و متمانەیەکی زۆری بەسەرکەوتنی خۆی هەبوو، دواتر هەورەک شێر هاواریکرد و داوای کەسێکی لە کافران کرد بۆ ئەوەی جەنگی لەگەڵدا بکات، سەرکردەی فارسەکانیش هورموز بە خێراییەوە چووە دەرەوە، شێری عەرەب خالیدی کوڕی وەلید هێرشیکردە سەری بەیەک لێدان دایە زەویدا و خەڵتانی خوێنی کرد.

خالیدی کوڕی وەلیدیش نامەیەکی نارد بۆ ئەبوبەکری صدیق و هەواڵی کوژرانی سەرکردەی فارسەکان هورموزی لەخۆبایی پێدا، ئەبوبەکری صدیقیش وەک دەستخۆشانە جلوبەرگ و دیرع و کڵاوە زێڕەکەی کە نرخەکەی سەد هەزار دیرهەم دەبوو بەخشی بە خالیدی کوڕی وەلید.

فارسەکان نەریتیان وابوو ئەگەر یەکێک لە ئەشرافیەکانیان بکوژرایە، ئەوا وەک رێزێک کڵاوە سەربازییەکەیان بە نرخی سەد هەزار دیرهەم دەفرۆشت[1].

خالید و خەڵکی ناوچەی حیرە

شمشێری برندە خالیدی کوڕی وەلید گەیشتە ناوچەی حیرە، کاتێک خەڵکی حیرە بەهاتنەکەیان زانی زۆر ترسان، هەربۆیە خێرا رایانکرد و خۆیان حەشاردا.

شێری جەنگەکانیش خالیدی کوڕی وەلید ناردی بۆ لایان بۆ ئەوەی لە پیاوماقول و کەسە ئاقڵەکانیان چەند پیاوێک بنێرن بۆ لای موسوڵمانان.

ئەوانیش عبدالمسیحی کوڕی بەقیلەیان نارد کە پیاوێکی زۆر پیر بوو، بەباشی ئاینی ئیسلامی دەناسی و باوەڕی بە ڕاستیەکەی هێنا بوو بەڵام موسوڵمان نەبوبو، لەنێوان ئەوو خالیدی کوڕی وەلیدا قسەوباسێکی دوورودرێژ کرا.

---

[1] السن الكبرى للبيهقي – ٦ – ٣١١

خالید پێیگوت: پیرە پیاو من لەکوێدا بەشوێن تۆدا بگەڕێم؟

ئەویش گوتی: لەپشتی باوکم.

خالید گوتی: ئەی لەکوێوە هاتویتە دەرەوە؟

ئەویش گوتی: لە سکی دایکمەوە.

خالید گوتی: تۆ کوڕی چەند کەسیت؟

ئەویش گوتی: یەك پیاو.

خالید گوتی: هیچکاتێك وەك ئەمڕۆم نەبینیوە، من سەبارەت بە شتێك پرسیار لەکەسێك بکەم و بە شتانێکیتر وەڵامم بداتەوە.

عبدالمسیحیش گوتی: هەرچیەکم گوتبێت لەوەڵامی پرسیارەکانی تۆدا بووە، هەرچیەکت دەوێت بپرسە.

خالیدیش پێیگوت: ئایا تۆ ئاشتیت یاخود شەڕ؟

ئەویش گوتی: من ئاشتیم.

خالید گوتی: ئەی باشە ئەم قەڵایانە چین؟

ئەویش گوتی: بۆ کەسێکی بێئەقڵمان دروستکردوون کە لێی بترسین. بۆ ئەوەی بەسەبرترین کەس بێهیوا بکات.

خالیدیش سەیری ناولەپی دەستی پیاوەکەی کرد و دەبینێت شتێکی تێدایە.

گوتی: ئەوە چییە لەناو دەستتدا؟

عبدالمسیحیش گوتی: ژەهرە.

خالید گوتی: باشە چی لێدەکەیت؟

ئەویش گوتی: ئەگەر لەلای تۆ کەسانێك هەبن کە پشتیوان و هاوڕای هۆزەکەم و ئەهلی شارەکەم بن سوپاسی خودا دەکەم و قبوڵی دەکەم. خۆ ئەگەر واش نەبێت

کە زەلیلی ئیسلام کەمە، عەرەبیە دیمەشقیشم و لە ١٢ی کۆچی

ئەوا ئەمە بیکەم کەس کە ... کەمە لە ژیانا ماوە.

دەبینێت چیک ئەمێکی تیر کەمە بە دەستەوە.

خالید گوێی ئادەی پێ دە ... بەڵام بە ویستی خودای گەورە هیچ زیانی

خالید زەمەرکەی خوارەوە ...

پێ گەیشت.

سەرسەختی سەرسەریانەوە گەڕاوەوە بۆلای هۆزەکەی و بە ئاشکرا

... ئەوەیەوە هاتووە کە زەمەی خوارەوە و هیچ زیانی

پێگەیشت لەلای ئەیانکەوە تێناکات، چونکە پێشوانی ئەمان بە

پێگەیشت!! ئەمان هیچ شتێ گاریان تێناکات.

ئەوەبوو خالکی ئاوچای حیرە لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلیدا ڕێککەوتن لەسەر

ئەوەی کە سەد هەزار درهەم وەک باج و سەرانە بدەن.

خالید هەڵگری ئاڵاکە دەکوژێت

ئەو سوپای عەرەبەدا تولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی و هۆزی غەتەفان

هێنیان کرد و ویستیان سوپاچکی بەجێنەکان خالیدی کوڕی وەلید و هاوەڵەکانی

تێکبشکێنن، هەروەها تولەیحە ئاڵاکەی دایە دەستی پیاوێکی تر بە ناوی

جیبالینیی.

هەروەها سوپاکە بەرەبەرە بەکتری بوونەوە، سەربازەکانی تولەیحە بەدەستی

پیاوی هەڵگری ئاڵاکەیان کوژرانەوە و بەرەبەرە بووەی و ...یەوە تێکیان

دەگرن.

خالیدی کوڕی وەلیدیش بیری لە هۆکاری ئەو هەموو بەهێزییەی سوپاکەی تولەیحە دەکردەوە، دواتر بە جیەوە گوتی: ئەم سوپایە تەنها بە کوشتنی ئەو پیاوەی کە ئاڵاسورەکەی بەدەستەوەیە دەشکێت.

دواتر وەك هەورەبروسکە رۆیشت و بەهەرشێوەیەك بێت و پاش ماندوبوونێکی زۆر و بڕینی ڕیزی دووژمنان خۆی گەیاندە نزیکی کابرای ئاڵا بەدەست، بە یەك لێدانی بەهێز لێیداو خستیە سەر زەوی و خەڵکتانی خوێنی کرد.

بەمشێوەیە ئاڵاسورەکەی سوپاکەی تولەیحە کەوتە سەرزەوی و بووبە ژێر پێی وڵاخ و سەبازەکانەوە و پارچە پارچە بوو، بەمشێوەیە سوپاکەی تولەیحە پەرتەوازە بوو لە کۆتاییدا لەبەردەم سوپای موسوڵمانانندا خۆیان پێنەگیرا و دۆڕان و رایانکرد[43].

خۆشەویستی خالید و سەربازەکانی

سوارچاکی نارەحەتی و میحنەتەکان خالیدی کوڕی وەلید شمشێرەکەی لەدژی تولەیحە سەربازەکانی بەکارهێنا و شەل و پەت و دوابڕاوی کردن و تووشی تێشکانێکی بێوێنەی مێژوویی کردن.

کاتێك تولەیحە تێکشکانی سەبازە بەهێزەکانی خۆی بینی لە هۆزی غەتفان، بەسەرسوڕمانەوە گوتی: هاوار بەماڵتان چیتان لێقەوماوە، ئەوە بۆچی تێکشکان؟!

پیاوێکیان گوتی: من پێت دەڵێم بۆچی تێکشکاین: هەموو پیاوێکی ئێمە حەز دەکات هاوەڵەکەی پێش خۆی بمرێت.....

بەڵام سەربازەکانی خالید هەریەکەیان پێیخۆشە پێش هاوەڵەکەی بکەوێت و بمرێت...!![44].

[43] تاریخ ابن عساکر ٢٥ / ١٦٩.
[44] تاریخ ابن عساکر ٢٥ / ١٦٣.

ژنەکە و حوشترەکە

لەپاش تێکشکانەکەی سوپای تولەیحە لەدەوری یەکێك لە زنە هۆزی غەتفان سەرکردەکانی عەرەب کۆبوونەوە کە ناوی ئوم زەمل سەلەمەی کچی مەلیکی کوڕی حوزەیفە بوو، خاتوونێکی خاوەن حەسەب و نەسەب و ئەشرافی بوو، دایکی ئەم خاتوونە ببوبە مەسەلە و نمونەی شەرەف و گەورەیی لەبەر زۆری منداڵ و نەوەکانی و عیزەت و گەورەیی و ڕێزی هۆزەکەی.

کاتێك لەدەوری کۆبوونەوە، لەدژی خالیدی کوڕی وەلیدی هانیدەدان، داوای لێکردن هێرشی بکەنە سەر و تێکیبشکێنن و تۆڵەی لێبکەنەوە، ئەوانیش دەستیانکردە ئامادەکاری بۆ ئەم کارە و نوێنەریان نارد بۆ لای هاوپەیمانەکانیان لە هۆزی سولەیم تەی و هەوازین و ئەسەد، هەمووان کۆبوونەوە و بوونە سوپایەکی زۆر گەورەو بەهێز.

کاتێك خالیدی کوڕی وەلید هەواڵەکەی بیست، بەخێراییەوە و وەك نەریتی سوارچاکانی ئازا و بوێر و بە دڵ و دەرونێکەوە کە تامەزۆری چەشتنی تامی شەهیدی بوو، بەسوپایەکەوە چوو بەرەو ڕوویان....

دەهۆڵ و شەیپوری شەڕ لێدران، هەموو سوپاکە ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، ژنەکەش سواری حوشترەکەی دایکی بوو، چوونکە لەناویاندا باو بوو کە هەرکەسێك بتوانێت حوشترەکەی دایکی بکوژێت سەد حوشتر خەڵات دەکرێت... چونکە زۆر خاوەن عیزەت و شەرافەت بوو.

شمشێری هەڵکێشراوی خودا خالیدی کوڕی وەلید هەروەك شێری بێشە و هەورەبروسکە خۆی سوپاکەی کەوتنە شەڕکردن، هەتاوەکو توانی گەمارۆی ژنەکە

... و سوارەکەی بکوژێت و خۆی ڕەوانەی دۆزەخ بکات و لە کۆتاییشدا [illegible]

سەرزەوی پیرۆز و باخچەکانی عیراق

ئەبوبەکری صدیق سوپاکەی تەیار و ئامادەکرد و ناردی بۆ وولاتی شام، پاشان سوپایەکی زۆر و بێشوماریان کۆکردبوویەوە کە هاوشێوەی نەبیرابوو.

سەرکردەکانی سوپای موسوڵمانان لە شامدا پەیامیان بۆ خەلیفە ئەنوسی و داوای یارمەتی و هێزیان دەکرد.

ئەبوبەکریش نامەی نارد بۆ سوارچاکی سوارچاکان و عاشقی سەرکەوتن خالیدی کوڕی وەلید لە عێراق و نوسیوی:

ڕۆژگاری جەنگ لە وولاتی شام زۆر زۆر بە پەلە... سوێند بەخوا یەك گوند لە گوندەکانی سەرزەوی پیرۆز شوێنی بەیارمەتی خودا فەتحی بکەین بەلای منەوە خۆشەویستترە لە باخچەکانی وولاتی عێراق...

شێری نگرەبیانی جەنگەکان خالیدی کوڕی وەلیدیش بەرەو شام بەڕێکەوت و گەیشتە ناو ڕێگای نە ناوچەی شامات. کاتێك ڕۆمەکان هەواڵی هاتنی سوپاکەی خالیدیان بیست زۆر ترسان و شپرزە بوون و ترس و تۆقینێکی زۆر لەناو ریزەکانیاندا دروستبوو

گوتیان: خالید هاتووە بۆلایان و بەدڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبێت. مردن و شکستی تێدایە هاتووە و تیاچوون نزیك بووەتەوە.[2]

[illegible]

[illegible]

[illegible] لە [illegible] و شکستەکانیان

[illegible] عەدەم و [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] و [illegible]

[illegible]

[illegible] عەبدوڵڵای کوڕی عوسمان و سەر[illegible]

[illegible] بکەنەوە لە [illegible] و [illegible]

[illegible] بۆسەیان بۆ دانێن

[illegible] و لە [illegible]

[illegible] کوڕی وەلیدیان بینی کە سوپاکەی [illegible]

[illegible] و [illegible] سەرکردەیان بە سوپاکەی [illegible]

[illegible] سوپای موسڵمانان بە سەرکردایەتی خالید [illegible]

[illegible] هاواریکرد و گوتی: من [illegible]

[illegible] ئەگەریش بمەوێت شێری جەنگم [illegible]

[illegible] و [illegible]

پاش ئەوەی شەڕ دەستیپێکرد خالیدی کوڕی وەلید خۆی گەیاندە سەرکردەکانیان و بەبێ لێدانی ئازایانەی یەکلاکەرەوە ڕووسی کوشت[illegible] موسڵمانانیش لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کرد و سوپای ڕۆمەکانیان بەتەواو[illegible] تێکشکاند"

[illegible]

خالید ئەمیر و فەرماندەی هەردوو سوپاکەیە

سوپایەک لە دیمەشقەوە دەرچوو کە فەرماندەکەیان سیبرەی کوڕی فاتیکی ئەسەدی بوو، لەبەرامبەردا سوپایەک لە یەمەنەوە بەسەرکردایەتی پیاوێکی خەلکی ڕوها هات.

کاتێک هەردوو سوپاکە گەیشتنەلای یەکتری، ڕەهاوی بە سیبرەی کوڕی فاتیکی گوت:

ئەگەر یەک فەرماندە و ئەمیرمان هەبوایە بۆ هەردوو سوپاکەمان باشتر دەبوو.

ڕەهاوی گوتی: یان تۆ ببە بە ئەمیری ئێمە، یان با من ببم بە ئەمیری هەردوو سوپاکە.

سیبرە گوتی: تۆ ئەمیر بە.

ڕەهاویش گوتی: ئایا ئێوە خالیدی کوڕی وەلیدتان تێدایە؟

گوتیان: بەڵێ.

ڕەهاوی گوتی: دەی کەوابوو من ئەو دەکەم بە ئەمیری ئێوە و ئەمیری ئێمەش.

بەمشێوەیە خالیدی کوڕی وەلید بوویە ئەمیری هەردوو سوپاکە[1].

ئایا بە سوپای ڕۆم دەمترسێنیت؟

بە سوپایەکی کەمی زۆر بچوکەوە شێری بیشە خالیدی کوڕی وەلید چوو بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ سوپای گەورە و زەبەح و پڕچەکی ڕۆمەکاندا بکات.

پیاوێک لە نەصرانیەکانی عەرەب کە ئەیویست ترس و دڵەڕاوکێ لەناو دڵی سەرکردەی عەرەبی موسوڵمان خالیدی کوڕی وەلید و سوپاکەیدا دروستکات گوتی: ژمارەی ڕۆمەکان زۆر زۆرە بەڵام موسوڵمانەکان زۆر کەمن..!!

[1] تاریخ ابن عساکر ٦٥ / ٢٢٣

خالیدی کوڕی وەلیدی پاڵەوانی ئازایش سەیری پیاوەکەی کرد بەتوڕ...
یەمانی دەبرانی مەبەستی لە قسەکەی چیە، بە دەنگێکی ئازایانەی بڕبڕ...
و بێباکییەوە لە مردن گوتی: هاوار بە ماڵت بە سوپای ڕۆم من دەترسێنیت؟!
سەربازەکان بە سەرکەوتنیانە و کەمیشیان بە سەرشۆڕییانە، ئەوەک بە ...
سەربازەکانیان. سوێند بەخودا حەزم دەکرد ڕۆمەکان چەند هێندەیتر بونایە.
دواتر هەروەک شێر کە چۆن هێرش دەکاتە سەر نێچیرەکەی خۆی، هێرشی...
سەریان و ئەو سوپا گەورەیەی تەفرو تووناکرد و تێکیشکاند[4].

ئایا پێشتر جەنگت لەگەڵ کەسدا کردووە؟

دەمۆلی جەنگی یەرموك لێدرا، هەردوو سوپا بەیەکگەیشتن، یەکێك لە سوارچ...
ئازاکانی ڕۆم هاتە دەرەوە و هاواریدەکرد و دەیگوت: ئایا کەس هەیە جەنگ...
لەگەڵدا بکات؟ قسەکانی ئەم پیاوە بەرگوێی سەرکردەی ئازای سوپای موسوڵمان...
خالیدی کوڕی وەلید کەوت، پیاوێك بەناوی حاریسی کوڕی عبدالازدی و گوتی: ئە...
خالید من دەچم بۆی، خالیدیش لەترسی گیانی پیاوەکە گوتی: ئایا پێشتر جەنگ...
ڕووبەڕووت لەگەڵ کەسدا کردوو؟ پیاوەکەش گوتی: نەخێر.

خالیدی کوڕی وەلید بە دڵێکی زۆر خۆشەویستی سەرکردە بۆ سەربازە...
سوپاکەی گوتی: تۆ جەنگی لەگەڵدا مەکە.... ئەوەبوو دواتر خالیدی کوڕی وە...
سوارچاکێکیتری ئازای موسوڵمانانی بۆ نارد و پیاوە ڕۆمیەکەی کوشت[5].

---

[4] البداية والنهاية ـ ٧ ـ ٩
[5] تاريخ ابن عساكر ـ ١١ ـ ٤٤٣

تیمی مردن

لە ڕۆژی جەنگی یەرموکدا دەهۆڵەکانی ئەو شەڕە لێدران سوپای بڕچەکی ڕۆمەکان هێرشیکردە سەر سوپای کەمی موسوڵمانەکان، سەرەکان لە لاشەکان جیاکرانەوە و شەڕ بەتەواوەتی گەرم بوو. کۆمەڵێک گەنجی سوارچاکی موسوڵمان گیانی خۆیان لە پێناوی خودا بەختکرد و تیمێکیان پێکهێنا بەناوی تیمی مەرگەوە.

لەنێو ئەو گەنجانەدا عیکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل هەبوو، لەسەر ئەسپەکەی هاتە خوارەوە و بەپێ بەرەوڕووی سوپای ڕۆمەکان ڕۆیشت بۆ ئەوەی خۆی بخاتە ناو جەنگی شمشێرە دڕندە و بێ بەزەییەکانی دووژمنانەوە و مردنی لەبەرچاو بێنرخ و کەمبایەخ بوبوەوە.

خالیدی کوڕی وەلید عیکرەمەی بینی و هاواری لێکرد و گوتی: ئەوکارە مەکە، چونکە مردنی تۆ بۆ موسوڵمانان زۆر گران تەواو دەبێت.

عیکرەمەش لەوکاتەدا کە گەورەییەکانی خالیدی باسدەکرد گوتی: وازم لێبهێنە ئەی خالید، چونکە تۆ پێشینەیەکت لەگەڵ پێغەمبەری خودا هەیە، من و باوکیشم دژایەتیەکی زۆری پێغەمبەری خودامان کردووە....

من هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکم لەپێناوی لات و عوززادا کردووە، ئایا ئێستە ئەوکارە و بگرە گەورەتریش بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی ئەنجام نەدەم...؟! نەخێر سوێند بەخودا ناگەڕێمەوە دواوە....

عیکرەمە هەروەک هەڵۆ هێرشیکرد و بە شمشێرەکەی کافرانی دەکوشت هەتاوەکو پلە و شەرەفی شەهیدی بەدەستهێنا و لەپێناوی ئاینی خودا و پێغەمبەرەکەیدا شەهید بوو. خالیدی کوڕی وەلیدیش لەلای تەرمەکەی عیکرمەدا وەستا و گوتی:

ئامۆزاکەمی بدیبایە کە چۆن سواری وڵاخەکە...
خۆزگایە عومەری کوڕی خەتتاب
...وە و بەوپەڕی بێباکی و ئازایەتی و چاونەترسیەوە سواری جنگی تیژ و بێ...
شمشێری دووژمنانمان دەبڕین و بە چ شێوەیەکی بێباکانە لە مردن و شەهید...
خۆمان دەخەینە ناو سوپای دووژمنانی خودا و پێغەمبەرەکەیەوە و ڕووبەڕوو...
دەبینەوە [1].

لەنێوان خالیدی کوڕی وەلید و ئەبوبەکری صدیقدا

عومەری فاروق بەخێراییەوە چوو بۆ لای خەلیفەی پێغەمبەری خودا (...) ئەبوبەکری صدیق و پێیگوت: نامە بنوسە بۆ خالیدی کوڕی وەلید کە بەبێ ئەمر و ئاگاداری تۆ نەبێت هیچ حوشتر و عەرومالاتێك نەبەخشێت و نەیدات بە هیچ کەسێك.

خەلیفە ئەبوبەکریش نامەیەکی نارد بۆ خالید و بەووردی لەوبارەیەوە ئاگاداری کردەوە.

خالیدیش وەڵامی نامەکەی خەلیفە ئەبوبەکری دایەوە و نوسیبوی: یان وازم لێبهێنە با کارەکانم ئەنجام بدەم، یاخود خۆت وەرە و سەرپەرشتی کاروبارەکانی جیهاد بکە.

کاتێك عومەری کوڕی خەتتاب بەوەڵامەکەی خالیدی زانی، پێشنیاری لەسەرکارلادانی ناوبراوی بۆ خەلیفە ئەبوبەکر کرد.

ئەبوبەکریش گوتی: باشە کێ هەیە جێگەی ئەو بگرێتەوە؟

عومەری کوڕی خەتتابی گوتی: من کارەکانی ئەو دەگرمە دەست.

دواتر عومەر خۆی ئامادەکرد بۤ ئەوەی بەڕێبکەوێت.

---

[1] أخرجه ابن المبارك في الجهاد ١ / ٥٦، تاريخ ابن عساكر ٤١ / ٧٠.

کۆمەڵێك هاتن بۆلای ئەبوبەکر و پێیانگوت: تۆ عومەری کوڕی خەتتاب دەنێریتە دەرەوەی شار مەدینە، لەکاتێکدا کە لێرەدا زۆر پێویستت پێی هەیە، لە هەمانکاتدا خالیدی کوڕی وەلید لەسەرکردایەتی سوپای موسوڵمانان لادەدەیت کە شەمشێری دووژمنانی ئیسلامە؟!

ئەبوبەکر گوتی: ئەی باشە چی بکەم؟

گوتیان: با عومەری کوڕی خەتتاب لەشاری مەدینەدا بمێنێتەوە، نامەیەکیش بنێرە بۆ خالید بۆ ئەوەی لەسەرکردایەتی بەردەوام بێت.

ئەوەبوو خەلیفە ئەبوبەکر بەم پێشنیارە ڕازی بوو، جێبەجێی کرد[٤].

پێویستم بەوکارەی تۆ نییە

بەپەڕ توند و تیژی و توڕەییەوە عومەری کوڕی خەتتاب هات بۆلای خەلیفە ئەبوبەکر و پێیگوت: خالید لەشامدا واز لێدەهێنێت بۆ ئەوەی ماڵ و سامانی خودا بەکەیفی خۆی تەخشان و پەخشان بکات؟!

پێشنیاری لەسەرکارلادانی کرد.

ڕۆژان تێپەڕین و خەلیفە ئەبوبەکر کۆچی دوایی کرد و عومەری کوڕی خەتتاب بوویە خەلیفەی موسوڵمانان.

خەلیفە عومەر بە زمانێکی زۆر ڕاستگۆیانەوە گوتی: درۆم لەگەڵ خودای گەورەدا کردووە ئەگەر بێت و پێشنیاری شتێکم بۆ ئەبوبەکر کردبێت و خۆم جێبەجێی نەکەم.

ئەوەبوو نامەیەکی نارد بۆ خالید و هەرچی باس و بەسەرهاتی لادانەکەی هەبوو هەمووی تێدا نوسی.

---

[٤] سير أعلام النبلاء ١ / ٣٧٩.

خالیدیش لە وەڵامی نامەکەی خەلیفە عومەردا نامەیەکی نوسیو تێیدا هاتبوو:
واز لە پۆستەکەم دەهێنم و پێویستم بەو کارە نییە کە تۆ پێتسپاردووم.
خەلیفە عومەریش ئەبوعوبەیدەی جەڕاحی کردە جێگرەوەی خالیدی کوڕی
وەلید [٭٭]

هێزو توندی تۆڵەی خالیدی کوڕی وەلید

لەنزیك شاری قنسریندا شەڕ لەنێوان موسوڵمانەکان و ڕۆمەکاندا گەرم بو...
خەڵکی شاری قنسرین لەشارەکەدا خۆی جێگیر کرد، دواتر خۆیان ئامادە ...
کرد و هێرشێکی زۆر توندیان کردە سەر موسوڵمانەکان.
خالیدی کوڕی وەلیدیش هاواری دەکرد لە هاوەڵانی و بەدەنگی بەرز دەیگو...
ئەنگاویان بکەن خودا پشتیوانتان بێت و ئافەرینتان بێت، سوێند بەخودا ...
دەستکەوتی دوونیا و قیامەتە.
لەوکاتەدا کە خالید هاوەڵانی خۆی لەسەر جەنگ گەرم دەکرد و هانیدە...
یەکێك لە پاتریاکەکانی ڕۆم هەروەك شێر هاواری دەکرد و دەینەڕاند، هێرشێکی...
سەر خالید، سەرکردەی ئازاو بەجەرگی موسوڵمانانیش لە هێرشێکی پێچەوانە...
یەك لێدانی توەندی کێشا بە کڵاوە سەربازییەکەی کابرادا و شمشێرەکەی خۆی...
لەدەست کەوتە خوارەوە، تەنها قەڵغانەکەی بەدەستیەوە مابوو، یەکێ...
جەنگاوەرانی فارسەکان ویستی پەلاماری خالید بدات چوونکە چەکی پێنەبوو...
جەنگاوەرەکە نزیکی خالید بوویەوە هەتاوەکو ئەسپەکانیان خەریک...
دەیانکێشا بەیەکتریدا، هەربۆیە چنگیان لەیەکتری گیر کرد، خالید کابرای بە...
توند گوشی و هەندێك لە پەراسووەکانی شکاند و هێندە پەستانی خستە سەری...
لەهۆشی خۆی چوو دواتر مرد.

[٭٭] سیر اعلام النبلاء ١ / ٣٧٩

خالیدیش شمشێری جەنگاوەرە ڕۆمیەکەی هەلگرت و هێندە توند دەیوەشاند هەتاوەکو دەسکەکەی لێبوویەوە و دەگەیشت بە هەر جەنگاوەرێکی ڕۆمی یەکسەر لە گەردنی دەدا و دەیکوشت».

بێفیزی و ئەدەبی خالیدی کوڕی وەلید

ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح بە سوپاکەیەوە هات بۆ یارمەتیدانی خالیدی کوڕی وەلیدی ئەمیری و سوپاکەی، ئەبوعوبەیدە هەواڵی خالیدی کوڕی وەلیدی پرسی.

پێیانگوت: ئەو لەناو گۆڕەپانی جەنگدایە و لەگەڵ پاتریاکی ڕۆمەکاندا سەرقاڵی شەڕکردنە.

ئەبوعوبەیدەش سەیرێکی ناو گۆڕەپانی شەڕەکەی کرد و خالیدی بینی، دەبینێت زۆری بۆ پاتریاکی ڕۆمەکان هێناوە و دەستگیری کردووە و خەریکە دەیهێنێتەوە بۆ ناو بنکەی سەرەکی سوپای موسوڵمانان.

ئەبوعوەبەیدەش ویستی لەسەر ئەسپەکەی دابەزێت و بە پێیان بڕوات بەرەو پێشوازی خالیدی کوڕی وەلید کە لە گۆڕەپانی شەڕدا گەڕابوویەوە.

کاتێك خالید ئەبوعوبەیدەی بینی کە ئەیەوێت لەسەر ئەسپەکەی دابەزێت و بێت بۆ پێشوازی، بەوپەڕی ئەدەب و ڕێزەوە هاواریکرد و گوتی: سوێند بەخودا کاری وا ناکەیت و دانابەزیت....

یەکسەر خالیدی کوڕی وەلید بەپێ بەرەو ڕووی ئەبوعوبەیدە ڕۆیشت و هێشتا ئەبوعوبەیدە لەسەر ئەسپەکەی بوو تەوقەی لەگەڵدا کرد و بەخێرهاتنی کرد».

فتوح الشام ١ / ١٥٦ – ١٥٧.

فتوح الشام ١ / ٢٩.

ئەمانەت و دەستپاکی خالیدی کوڕی وەلید

عبداللەی کوڕی عومەر چەکەکەی هەلگرت و بەرەو وولاتی شام بەڕێکەوت، ئەوەی لەگەڵ ڕۆمەکاندا بجەنگێت، عەبد و خزمەتکارێکیشی لەگەڵدا بوو خزمەتی دەکرد.

کاتێک شەیپور و دەهۆڵی شەڕ لێدران، عەبدەکەی عبداللەیش هێزو گەورەیی سوپای ڕۆمەکانی بینی، یەکسەر ڕایکرد بۆلای سوپاکەیان بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ و خۆی لە عەبدایەتی و خزمەتکاری عبداللەی کوڕی عومەر ڕزگار بکات.

سوارچاکی بوێر خالیدی کوڕی وەلید شمشێرەکەی هەلکێشا و چووە نێو گەرمەی شەڕەکە و بەوپەڕی ئازایەتیەوە شەڕی دەکرد، هەتاوەکو ڕۆمەکانی تێکشکاند و توانی عەبدەکەی عبداللەی کوڕی عومەر دەستگیر بکات و بیهێنێتەوە، لەپاشان ناردییەوە بۆلای خاوەن و گەورەکەی کە عبداللەی کوڕی عومەر بوو.

فیراسەتی خالیدی کوڕی وەلید

خالیدی کوڕی وەلید چووبە سەرزەوی دیمەشق و بە ویستی خودای گەورە، هەرچیەک لەتوانایدا هەبوو فەتحی ناوچەکانی ئەو سەرزەمینەی کرد، ڕۆژێک لەوکاتەدا کە خالید لەنێو کۆمەڵێک لە هاوەڵانیدا دانیشتبوو، سوارێک هات، نامەیەکی پێبوو بۆ خالیدی کوڕی وەلید.

خالیدیش سەیری سوارەکەی کرد و بە فیراسەت و تیژبینیەکەی خۆیەوە گوتی: من پێموایە ئەم سوارە هەواڵی کۆچی دوایی خەلیفە ئەبوبەکر و دانانی عومەر

[illegible]

[illegible] خەتتاب بە خەلیفە و لادانی منی لەسەر سەرکردایەتی سوپای موسولمانانی [illegible]

[illegible] سوارەکەش بەناو خەلکەکەدا هاتە پێشەوە و نزیکی خالیدی کوڕی وەلید [illegible]ەوە و نامەکەی دایە دەستی ئەبوعوبەیدەی جەڕاح، ڕێک ئەوەی تێدا نوسرابوو [illegible] پێشبینی کردبوو....!!"[٧]

باشترین گەنجی ناو عەشیرەت

عومەری کوڕی خەتتاب ئەبوعوبەیدەی جەڕاحی کردە والی شام و خالیدی کوڕی وەلیدی لە سەرکار لابرد..... کاتێك ئەبوعوبەیدە هات بۆ وولاتی شام خالیدی کوڕی وەلید هەستایەوە و دەستیکردە ووتاردان....

[illegible] گوتی: ئەمینی ئەم ئوممەتە نێردراوە بۆلاتان، من لە پێغەمبەری خوداوە(ص) بیستومە کە فەرموویەتی: "ئەمینی ئەم ئوممەتە ئەبوعوبەیدەی جەڕاحە".

ئەبوعوبەیدەش وەك وەلامێك بۆ ئەو هەموو ئەدەب و ڕێزەی خالیدی کوڕی وەلید گوتی: منیش لە پێغەمبەری خوداوە(ص) بیستومە کە فەرموویەتی: (خالید شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خودا.... باشترین گەنجی ناو عەشیرەتە)[٨].

لەباشترینی ئەو کەسانەی کە بەسەر زەویدا دەڕۆن

خەلکی شام متمانەیان بە توانا سەربازییەکانی ئەبوعوبەیدەی جەڕاح نەبوو بۆ سەرکەوتن لە شەڕەکاندا، ئەم قسەوباسە گەیشتەوە بەرگوێی خالیدی کوڕی وەلید.

ئەویش بە دەنگێکەوە کە بۆنی شانازیکردنی بە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاحی لێوە دەهات گوتی: ئایا باسی بێتوانایی ئەبوعوبەیدە دەکەن و پاشملە لەبارەیەوە

---

[٧] [illegible] ٦٩١

[٨] [illegible] وصححه الألباني

قسە دەکەن....!! سوێند بەخودا لە باشترینی ئەو کەسانەیە کە بەسەر زۆربە...
دەڕۆن....."

خالیدی کوڕی وەلید جاسوسەکە دەستگیر دەکات

هەندێ لە هەواڵەکانی ناو سوپای موسوڵمانان دەزەیان دەکرد و دەگەیشت...
دەستی سوپای ڕۆمەکان و هەندێك لە قەشەکانیان.

ئەبوعوبەیدەی جەراحیش زۆر بێزار بوو، هەربۆیە خالیدی کوڕی وەلیدی بانگکر...
و پێیگوت: ئەی باوکی سولەیمان، جاسوس و شۆڤارەکانی دووژمنانی خو...
هەواڵەکانی ئێمە دەبەن بۆ دووژمنەکانمان.

دواتر پێیگوت: ئەی باوکی سولەیمان سوێندت دەدەم و داوات لێدەکەم ...
گەشتێك بەناو سەربازگەکەماندا بکەیت و چاوێك بەناو سوپاکەدا بگێڕیت، بەڵ...
بتوانیت یەکێك لە شۆڤار و جاسوسەکان دەستنیشان بکەیت.

خالیدیش سواری ئەسپەکە بوو، بەردەوامبوو لە چاودێریکردنی سەربازەکان...
هەتاوەکو چاویکەوت بە یەکێك لە پیاوە عەرەبەکان کە بوبویە گاور، خالیدیش ...
نهێنیەوە چاودێری کرد، گومانی لێکرد و دواتر هێنای بۆلای ئەبوعوبەیدە.

پێیگوت: برای عەرەب تۆ خەڵکی کام شوێنیت؟

پیاوەکەش گوتی: خەڵکی یەمەنم.

خالیدیش گوتی: کام شوێنی یەمەن؟

پیاوەکە گوتی: خەڵکی غەسانم.

خالید دەستگیری کرد و پێیگوت: ئەی دووژمنی خودا تۆ شۆڤاری و جاسو...
بەسەر ئێمەوە دەکەیت بۆ دووژمنەکانمان.

---

[1] الاصابة ٢ / ٨٩

پیاوەکەش گوتی: من گاور نیم.... من موسوڵمانم.

خالیدیش تاقیکردەوە و پێیگوت: ئەگەر تۆ موسوڵمانیت، ئادەی دوو ڕکات نوێژ [illegible] بکە.....

پیاوەکەش نەیدەزانی چی دەکات و چی دەڵێت...!!

دواتر و لەپاش لێکۆڵینەوە پیاوە جاسوسەکە ناوی هەموو هاودەستەکانی لەناو سوپای موسوڵمانەکاندا ئاشکراکرد و دەستگیر کران و موسوڵمانەکان ڕزگاریان بوو لەدەستیان [1].

سوارچاکێکیماندونەناس کە پشوو نادات

لە سوپا گیانفیداکەیەوە شێری عەرەب خالیدی کوڕی وەلید هێرشیکردە سەر سوپای ڕۆمەکان و ترس و دڵەڕاوکێی تێدا دروستدەکردن، نستور کە یەکێك لە سەرکردە و گەورەکانی ڕۆم بوو چوویە بەرامبەری، شەڕێکی زۆر قورسیان کرد، ئەوەبوو ئەسپەکەی خالیدی دابەزەویدا و مێزەرەکەی کەوتە خوارەوە، نستور وایزانی خالیدی کوشتووە، بەڵام خالید سەلامەت بوو بەخێراییەوە چوو مێزەرەکەی هەڵگرتەوە، دواتر هێرشیکردە سەر نستور و بەیەك لێدان لەنێوشانی کابرای داشانی خوێن کرد و کوشتی: دواتر خالید هاواریکرد و گوتی: کێ هەیە جەنگم لەگەڵدا بکات.... کێ هەیە جەنگم لەگەڵدا بکات...؟

هیچکام لەسەرکردەکانی ڕۆم وەڵامیان نەدایەوە، ترسیان لە شەڕکردن لەگەڵ پاڵەوانی ئیسلامدا هەبوو، هەربۆیە خالید دەستیکردە هێرشکردن بۆ سەریان.

حاریسی کوڕی هیشامی مەخزمی زۆر بەزەیی بە خالیدا هاتەوە لەبەر ئەو هەوڵ و کۆشش و ماندوبونانەی کە لەپێناوی ئاینی ئیسلام دەیدا، هەربۆیە چوو بۆلای

[1] [illegible] ٢٥٩

ئەبوعوبەیدەی جەڕاح و گوتی: ئەی ئەمیر بەڕاستی خالید ئەرکی سەرشانی خۆی بەزیادەوە جێبەجێی کردووە، باشە بۆچی فەرمانی پێناکەیت کە واز لەکاری سەربازی بهێنێت و لەماڵەوە بشوو بدات.

ئەبوعوبەیدەش چوو بۆلای خالیدی کوڕی وەلید و داوای لێکرد کە بشوو بدات.

خالیدیش بەوپەڕی بەخشەوەری و خۆشەویستییەوە گوتی: ئەی ئەمیر سوێند بەخودا بە هەموو شێوەیەک بەشوێن شەهیدیدا دەگەڕێم ئەگەر تۆ بە من لێمنێکەیشتبیت ئەوا دڵنیابە خودای گەورە نیەت و مەبەستی من باش دەزانێت دواتر هێرشیکردەوە سەر ڕۆمەکان و لەگەڵ سوپاکەیدا نەگەڕایەوە هەتاوەکو تێکی شکاندن[61].

خالید و ئوسقوفەکەی شاری دیمەشق

سوارچاکی شەڕەکان خالیدی کوڕی وەلید و ئەبوعوبەیدەی جەڕاح و عەمری کوڕی عاص گەمارۆی شاری دیمەشقیاندا، دانیشتوانەکەیشی بەخێرایی دەستیانکردە داخستنی دەروازەکانی و خۆحەشاردان لە پشتی دیواری بەرزی قەڵاکانیەوە.

لەوکاتەدا نامەی ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب هات کە تایبەت بوو بە لەسەرکاردانی خالیدی کوڕی وەلید و دانانی ئەبوعوبەیدەی جەڕاح وەک ئەمیر و سەرکردەی سوپای موسوڵمانان.

لەپاش شەڕێکی زۆر ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح توانی لەدەرگای جابیە بچێتە ناو شاری دیمەشقەوە، کاتێک ئوسقوفەکەی شار زانی کە خالید

---

[61] فتوح الشام ١ / ٢٢٠

موسوڵمانەکان بە شەڕ دێنە ناوشارەوە، هەربۆیە بەخێراییەوە چوو بۆلای خالید و ئەوی هێنا ئەو ئەمیرە و ڕێککەوتنێکی ئاشتەوایی لەگەڵدا مۆر کرد.

خالید لەگەڵ ئوسقوفەکەدا چووە ناو شارەکەوە ڕێککەوتنامەکەی بەدەستەوە بوو.

گوتیان: ئاخر خۆ خالید ئێستە ئەمیر نییە، ئیتر چۆن لەگەڵیدا ڕێککەوتنی پێ دەکرێت؟

ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاحیش لەوەڵامدا گوتی: نزمترین کەسی موسوڵمان لە ناو سەربازیدا دەتوانێت ڕێککەوتنی ئاشتەوایی واژوو بکات، هەربۆیە ئەویش ڕێککەوتنەکەی واژوو کرد، زۆر گوێی نەدا بەوەی کە بەشێکی شار بە شەڕ فەتح کرا. ئەوەبوو بەگشتی شاری دیمەشق بە شێوەیەکی ئاشتیانە فەتح کرا.

ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاحیش نامەیەکی تێرو تەسەلەی لەمبارەیەوە نارد بۆ ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب[٦١].

ترسم لەوە هەبوو کە خودای گەورە بە شکستەوە بمبینێت

سوپای زەبەلاحی ڕۆمەکان بە سەربازانێکی زۆر و بێشومارەوە هات. کاتێک خالیدی کوڕی وەلید ئەو سوپایەی بینی، بەناو سوپای موسوڵماناندا هاتوچۆی دەکرد و دەیگوت:

ئەوە بزانن کە ئێوە هەتاوەکو ئێستە سوپایەکی ئاوا گەورەی ڕۆمەکانتان نەبینیوە. ئەگەر خودای گەورە لەسەردەستی ئێوە بیانشکێنێت ئیتر لەپاش ئەمە هیچکاتێک ناتوانن هەستنەوە و بەرەنگارتان ببنەوە، لە جیهادەکەتاندا ڕاستگۆ بن

[illegible] ١٢٥ – ١٢٩

و ووردیان هەرگیز ئەشەڕدا پشت هەڵمەکەن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی

خودای گەورە ئەتخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

بوتر گوتی: ئەی گەورەی موسوڵمانان کێ هەیە لە ئێوە بتوانێت لەسەر

ئەم سوپایەی رۆمەکان تر بکات و بیانترسێنێت؟

زیراری کوڕی ئەزوەر گوتی: من ئەی خەلیفەی ئەمیر.

خالید گوتی: باشە تۆ ئەوکارە ئەنجامدە ئەی زیرار، بەڵام ئاگاداری

نزیکیانەوە مەبەرەوە و کارێک مەکە کە خۆت بخەیتە مەترسییەوە و لەخۆتەوە

پێت و هێرشیان مەکەیتە سەر، چونکە خودای گەورە فەرمانی پێکردووین بەوەی

و دەفەرمێت: [ولا تلقوا بأيديكم الى التهلكة] واتە: بەدەستی خۆتان خۆتان

تووشی تیاچوون و تاوان مەکەن.

زیراری کوڕی ئەزوەریش دەرچوو بۆ ئەوەی هەواڵی سوپای رۆمەکان بزانێت

بەڵام بینیان کە یەکێک لە سەرکردەکانی رۆم بوو زیراری لە دوورەوە بینی، هەربۆیە

سی جەنگاوەری نارد بۆ ئەوەی زیرار بەدیلی بگرن، زیرار هەڵهات و خۆی

دوورخستەوە، بەڵام ئەوان شوێنی کەوتن و وازیان لێنەهێنا، هەربۆیە زیرار

گەڕایەوە بۆیان، هەڵگەڕایەوە و هێرشیکردە سەریان و هەروەک شێری بێشە

جەنگی دەکرد تا بیگەیەوە هەندێکیانی شەهید کرد و ترسەکەی توندە جەنگا

ی کوشتن و هێرشی بەرد کرد و تێکیشکاندن.

دوای زیرار گەڕایەوە بۆلای خالیدی کوڕی وەلید و ئەسپ و چەک و جلو

بەرگەکانی تری ئەو کوژراوانەی سوپای رۆمەکانی پێبوو، باس و بەسەرهاتەکەی

بۆ ئەو گێڕایەوە، خالیدیش گوتی: ئەی زیرار باشە من ئەمگوت خۆتیان لێ

مەدە و لەخۆتەوە مەچۆ و شەڕیان لەگەڵ مەکە...

زیراریش گوتی: قوربان ئەوان شوێنیم کەوتبوون... منیش لەوە ترسام کە خودای گەورە بە شکستەوە ببینێت"[61].

من لەوکەسانە نیم کە بەرامبەر بە خودای گەورە ڕەزیل بم

خالیدی کوڕی وەلید زیراری کوڕی ئەزوەری لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵانیدا نارد بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر سوپای ڕۆمەکان کە بەسەرکردایەتی ویردانی گەورەی شاری حیمص هاتبوون بۆ شەڕکردن لەگەڵ موسوڵماناندا.

زیراری کوڕی ئەزوەر هەناوەکو سەرئێسقان پیاوێکی زۆر ئازا بوو، هێرشیکردە سەر سوپای گەورە و پڕچەک و تەیاری ڕۆمەکان و ژمارەیەکی زۆر و بێشوماری لێکوشتن و ڕەوانەی دۆزەخی کردن، دواتر و لەپاش ئەوەی کە ترس و دڵەراوکێیەکی زۆری خستە ناویانەوە گەماڕۆیاندا و بەدیل گیرا.

خالیدی کوڕی وەلید زۆر خەم و پەژارەی بۆ بەدیلگیرانی زیرار خوارد، نامەیەکی نارد بۆ ئەبوعوبەیدە و داوای ڕاوێژی لێکرد لەوبارەیەوە، ئەبوعوبەیدەش وەڵامیدایەوە و بۆی نوسی کە بڕۆ بۆیان و هێرش بکەرە سەریان، بە پشتیوانی خودا تێکیاندەشکێنیت.

خالیدیش گوتی: سوێند بەخودا من لە پێناوی خوادا هەرگیز کەسێکی بەخیل و ڕەزیل نیم.

هەربۆیە سوارچاکی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید بە سوپاکەیەوە هێرشیکردە سەر ڕۆمەکان و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی دوژمنی کوشت و پاش ئەوەی کە سوپای ڕۆمەکان تێکشکا، توانی زیراری کوڕی ئەزوەر لە دیلی ڕزگار بکات و بیگێڕێتەوە بۆ ناو موسوڵمانان"[65].

صور لشام ١: ٥٤ – ٥٥

صور لشام ١: ٥٣ – ٥٥

سوارچاکی دەمامکدار

سوارچاکێکی دەمامکدار هەروەك هەورەبروسکە ڕیزی سوپای ڕۆمەکانی دەبەزاند، بە شمشێرەکەی گەردنی دەپەڕاندن و بە ڕمەکەیشی سەردڵەکانی کون دەکردن.

خالیدی کوڕی وەلید سەیری ئەو سوارە دەمامکدارەی کرد و زۆر سەرسام بوو بەو ئازایەتی و بوێری و شارەزاییەی کە هەیبوو لە شمشێر و ڕم وەشاندندا، هەربۆیە لەبارەیەوە پرسیاری کرد و گوتی: ئەو جەنگاوەرە سوارە دەمامکدارە کێیە؟!

بەڵام هیچکەسێك نەیناسیەوە!!

جەنگاوەرە دەمامکدارەکە بەردەوامبوو لە هێرشکردنە سەر ڕیزی سوپای دووژمنان و هەروەك ئاگری ناو پوش و پاوان دەیخستن، دواتر بەناو ڕیزی سوپای ڕۆمدا ڕۆیشت و دیارنەما. هێندەی نەخایاند گەڕایەوە و شمشێری و ڕمەکەی بەجەستەی سەربازانی ڕۆمی خوێناوی بوبو.

سەربازەکان وایانزانی ئەو سوارە جەنگاوەرە خالیدی کوڕی وەلیدە، هەربۆیە گوتیان:

ئەم هێرشانە تەنها هی خالیدی کوڕی وەلیدن و هەر لەویش دەوەشێنەوە، بەڵام لەوکاتەدا خالید هات بۆلایان!!

ڕافیعی کوڕی عومەیر بە خالیدی گوت: ئەو جەنگاوەرە کێ بوو کە لە پێشتەوە ڕۆیشت؟! زۆر بە شێوەیەکی ئازایانە شەڕی دەکرد و تێدەکۆشا!!

خالیدیش چوو بۆلای سوارە دەمامکدارەکە و لێیپرسی: هاوار بەماڵت بەڕاستی بەو ئازایەتییەت بیرو هۆشی منیش و هەموو سەربازانی ئیسلامت سەرقاڵ کردووە بەخۆتەوە، تۆ کێیت؟!

سواره دەمامکدارەکەش گوتی: من خەولەی کچی ئەزوەری خوشکی زیراری کوری ئەزوەرم کە رۆمەکان بەدیل گرتوویانە، هەواڵی دەستگیرکردن و دیلبوونی زیرارم بیست و بەپەلە هاتم و ئەوەی پێویستبوو ئەنجاممدا.

پاش کەمێک خالید هەواڵی بۆ هات کە زیراری برای خەولە بە دیلی نێردراوە بۆلای پاشای رۆمەکان، هەربۆیە ئەویش ڕافیعی کوڕی عومەیرەی تائی بە سوپایەکەوە نارد بۆ رزگارکردنی.

خەولە بە خالیدی گوت: لەبەر خاتری ئەو خۆشەویستیەی کە بۆ محمدی پاک و بێگەرد هەتە سوێندت دەدەم کە منیش لەگەڵ ئەو سوپایەدا بنێرە بۆ ئەوەی بەشداربم لە رزگارکردنی براکەمدا.

خالیدی کوڕی وەلیدیش لەگەڵ سەربازەکانی ڕافیعدا ناردی و بەشدار بوو لە رزگارکردنی زیراری برایدا[٦٦].

خالیدی کوڕی وەلید و فەزڵ و گەورەیی ئاینی ئیسلام

سوارچاکی شەڕەکان و پاڵەوانی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید ئازایەتی خۆی کۆکردەوە و هەروەك هەڵۆی ملشکێن هێرشیکردە سەر هۆزی غەسان و تێکیشکاندن و هەموویانی بە دیلی دەستگیرکرد. لەنێو دەستگیرکراوەکاندا ژنێکی زۆر ژیر و ئاقڵیان تێدا بوو.

کاتێك ژنەکە خالیدی کوڕی وەلید و سەربازەکانی بینی بەوپەڕی خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و ئەخلاقی ڕەببانی بەرزی ئیسلامەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، خۆشەویستی ئاینی ئیسلام چوویە نێو دەڵیەوە و موسوڵمان بوو.

[٦٦] فتوح الشام ١ / ٤٤ – ٤٧.

دواتر هاوسەرەکەی هات و لەنێو کەنیزەکاندا بۆی دەگەڕا بەڵام دەبینێ موسوڵمان بووە، هەربۆیە هات بۆلای خالیدی کوڕی وەلید و سەربازەکانی و کوتی ئەی ئەهلی ئیسلام من هاتووم بۆلاتان و موسوڵمان بووم، ئەمەش ژنەکەمە زۆریشم خۆشدەوێت، ئەگەر پێتانخۆش بێت بمگەیەننەوە بە ژنەکەم و ماڵم بپارێزن و خێزانەکەم بۆ بگێڕنەوە بەڕاستی کارێکی زۆر گەورەتان ئەنجامداوە.

ئەوەبوو لە کۆتاییدا خالیدی کوڕی وەلید ژنی کابرای وەک دیاری بەخشیەوە بە ناوبراو[٦٧].

ژنێك بە هەزار پیاو

خالیدی کوڕی وەلید مێزەرەکەی لەبیر چوبوو کە هەندێك لە مووەکانی سەری پێغەمبەری(ص) تێدا دانابوو.

جبیلەی کوڕی ئەیهەم بە سوپاکەیەوە گەمارۆی دە جەنگاوەری موسوڵمانی دابوو کە چووبون بۆ هەواڵگری سوپای ڕۆمەکان، یەکێك لەوانیش خالیدی کوڕی وەلید بوو، کاتێك جبیلەی کوڕی ئەیهەم زانی خالید ترس و دڵەڕاوکێی لەشام و لەناو سوپاکەیدا بلاوکردووەتەوە، زۆر سوربوو لەسەر بەدیلگرتنی خالیدی کوڕی وەلید.

ئەم دەنگۆیانەش گەیشتنەوە بەرگوێی ئوم تەمیمی خێزانی خالیدی کوڕی وەلید، هەربۆیە جلوبەرگی سەربازی پۆشی و مێزەرەکەی خالیدی هەلگرت و هەروەك ڕەشەبا بەڕێکەوت، دەستیکردە شەڕکردن وسەرپەڕاندنی کافران هەتاوەکو گەیشتە لای خالیدی هاوسەری.

خالیدی کوڕی وەلید زۆر سەرسام بوو بە ئازایەتی و بوێری هاوسەرەکەی.

---

[٦٧] تاریخ ابن عساکر ٦٦ / ١٠٤.

گوتی: پێمبڵێ با بزانم تۆ کێیت؟

ئەویش گوتی: من ئوم تەمیمی هاوسەری تۆم، ئەی باوکی سولەیمان، مێزەرە پیرۆزەکەت بۆ هێناویت.

خالیدی کوڕی وەلیدیش مێزەرە پیرۆزەکەی لەسەرکرد و ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاحیش هێزی پشتیوانی هێنا و هێرشیکردە سەر ڕۆمەکان و هێزەکەی جیبلەی کوڕی ئەیهەم تێکشکا[٦١].

خالیدی کوڕی وەلید ژنان ئازاد دەکات

سوپای ڕۆمەکان هەندێك لە ژنانیان لە شەڕەکەدا دەستگیرکردبوو، دواتر بردیان خستوونەوە بۆ شوێنێکی دووردەست. ئەم هەواڵەش گەیشتەوە بە سەرکردەی سوپای موسوڵمانەکان خالیدی کوڕی وەلید.

هەربۆیە بەوپەڕی دڵتەنگیەوە گوتی: انا لله وانا الیه راجعون.

دواتر ڕافیعی کوڕی عومەیرە و عبدالرەحمانی کوڕی ئەبوبەکری لە پێشەکی سوپاکەدا دانا و دەستیانکردە ڕاوەدوونانی دوژمن، خالیدیش بەخێراییەوە دەرچوو بۆ ئەوەی ژنانی بەدیلگیراوی موسوڵمانان لەدەستی ڕۆمە درندەکان ڕزگار بکات.

لەنێو ژنە دەستگیرکراوەکاندا خاتوو خەولەی کچی زیرار هەبوو، بە ژنەکانی گوتبوو: ئەی کچانی حەمیر ئایا ڕازی دەبن ببنە کەنیزی ڕۆمەکان و بە ئارەزووی خۆیان دەستاودەستتان پێبکەن، ئەی باشە ئازایەتی و لێهاتنتان لەکوێدایە کە لەهەموو شوێنێکی عەرەبنشیندا باسدەکرێت؟!

دواتر هەریەکە لە ژنەکان عامودی خێمەیەکی هەڵگرت و دەستیانکردە شەڕکردن لەگەڵ سوپای ڕۆمەکاندا و توانیان نزیکەی سی سەربازی ڕۆمی بکوژن، خەولەی کچی زیرار هەروەك شێری تووڕە هێرشیدەکرد و پەلاماری سەربازە ڕۆمیەکانی دەدا.

[٦١] فتوح الشام ١ / ١٢٩ – ١٣٠

کاتێک پترۆس کە یەکێکبوو لەسەرکردەکانی ڕۆم ئەم دیمەنەی بینی کە ژنانی

عەرەب چۆن بەسەر سەربازانی ڕۆمیدا هێنا، لەبەرخۆیەوە گوتی: ئەگەر ئەم

ئافرەتانە بەردەوامبن، ئەوا هەناوەکو سوپاکەی خالید دەکەن سەربازێکی ئەوتۆ

بەدەستەوە نامێنێت!! دواتر خالیدی کوڕی وەلید و زیباری کوڕی ئەزوەر

سەربازەکانیانەوە گەیشتن و هەروەک هەورەبروسکە هێرشیان کردە سەربازە

سەربازەکانی، لەمکاتەدا خەولە پەلاماری ئەسپەکەی پترۆسی داو دایبەزاند و

زیباری نزیکی هات و بەیەک لێدان پترۆسی سەرکردەی ڕۆمەکانی کوشت....

لەپاش تەواوبوونی شەڕەکە ژنەکان بە ئازادی و بەبێ هیچ ئازارێک گەڕانەوە

ناو ماڵ و منداڵی خۆیان [10]

سوپا هەڵاتووەکە

سوپای گەورە و بەهێزی ڕۆمەکان گەمارۆی مەیسەرەی کوڕی مەسروقی سەرکردەی موسوڵمانان و سوپاکەیاندابوو، ناردی بۆلای ئەبوعوبەیدە و داوای یارمەتی و پشتیوانی سەربازی لێکرد، ئەویش شێری جەنگەکان و سوارچاکی میحنەتەکان خالیدی کوڕی وەلیدی بۆنارد.

سوپای ڕۆمەکان هێرشیکردە سەر مەیسەرەو سوپاکەی بەو ئامانجەی کە بەیەکجاری لەناویانبەرن، یەکێک لە جەنگاوەرە چوارشانە و زەبەلاحەکانی ڕۆم هێرشیکردە سەر مەیسەرە و ویستی بیکوژێت، لەوکاتەدا کە جەنگاوەرە ڕۆمییەکە بەرەوی مەیسەرە دەچوو، لەولاوە خالیدی کوڕی وەلید هاواریکرد و گوتی: الله اکبر.... الله اکبر.... دواتریش سەربازەکان دەستیانکردە هاوارکردن و گوتنەوەی الله اکبر بە دەنگێکی زۆر تۆقێنەر کە مرۆڤ ترسێکی زۆری لێدەنیشت...

---

[10] فتوح الشام ١ / ٥٢ – ٥٤

سوپای ڕۆمەکان بەهۆی هات و هاوارەکانی سوپای موسوڵمانەکانەوە زۆر شپرزە بوون، سوارچاکی پاڵەوانیەتیەکان خالیدی کوڕی وەلیدیش هەروەک ڕەشەبا هێرشیکردە سەر ئەو جەنگاوەرە زەبەلاحەی ڕۆمەکان کە چووبو بۆ ئەوەی بیسەرە بکوژێت، بەیەك لێدانی یەکلاکەرەوە دەستێکی قرتاند، دواتر جەنگاوەرەکە بەوپەڕی سەرشۆڕییەوە گەڕایەوە بۆلای سوپای ڕۆمەکان.

ڕوویکردە سوپاکە و پێیگوتن: ئاگادارین و بزانن کە خالیدی کوڕی وەلید هاتووە...!!

کاتێك ڕۆمەکان دڵنیابوونەوە کە ئەو هێزی پشتیوانیەی کە موسوڵمانەکان بۆیان هاتووە بە سەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلیدە، دەستیانکردە پاشەکشە و ڕاکردن.[٢]

شمشێرێکم کردەوە بەناو کێلانەکەیدا کە پێغەمبەری خودا هەڵیکێشابوو

ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب لەپاش لەسەرکارلادانی خالیدی کوڕی وەلید لەسەرکردایەتی سوپای موسوڵمانان، دەستیکردە ووتاردان بۆ موسوڵمانان.

گوتی: خودای گەورە منی کردووەتە هەلگری ئەم ماڵ و داراییەی موسوڵمانان و دابەشکاری بەدادگەری.

لەسەر قسەکانی بەردەوامبوو گوتی: من داوای لێبوردنتان لێدەکەم سەبارەت بە لەسەرکارلادانی خالیدی کوڕی وەلید، چونکە من فەرمانمپێکردبوو کە دەستبگرێت بەو پارەیەوە بۆ ئەوەی بەسەر هەژاران و نەدارانی کۆچەریدا دابەش بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو دابەشیکردبوو بەسەر خانەدان و کەسانی داراو دەسەڵاتداردا،

[٢] فتوح الشام ٢/ ١٣ – ١٤

هەربۆیە منیش لەسەرکارکەی دووەم خستەوە و ئەبوعوبەیدەی ...

خستە جێگەکەی.

ئەبوعەمری کوڕی حەفصی کوڕی موغیرە باسی چاکەکانی خالید دەکات ...

خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێت: سوێند بەخوا ناوێ ئەبوعوبەیدە ...

لەجێگەی خۆیدا نییە، چوونکە فەرماندەیەکت لەسەرکارلاداوە کە پێغەمبەری

خودا(ص) دایناوبوو، شمشێرێکت کردەوە بەناو کێلانەکەیدا کە پێغەمبەری

خودا(ص) هەڵیکێشابوو، ئالایەکت هێنایە خوارەوە کە پێغەمبەری خودا(ص)

دایچەقاندبوو بەرزی کردبوویەوە [71].

خالیدی کوڕی وەلید باشترینی پیاوەکانە

ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب نامەیەکی نارد بۆ ئەبوعوبەیدەی

کوڕی جەڕاح.

نێردراوەکەش نامەکەی دایە دەستی ئەبوعوبەیدە و گوتی: ئەی ئەبوعوبەیدە

ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێت: دەنگوباسی خالیدی کوڕی

وەلیدم پێبڵێت و بزانم ناوبراو چ پیاوێکە؟

ئەبوعوبەیدەش گوتی: خالیدی کوڕی وەلید باشترینی پیاوەکانە،

ئامۆژگارکارترینیانە بۆ ئاینی ئیسلام، توندترین کەسیشە بەرامبەر بە کافران و

دووژمنانی ئاینی خودا [72].

[71] مسند احمد ١٥٤٧٥

[72] تاریخ ابن عساکر ٦٥/٥٩

خالیدی کوڕی وەلید لە عومەری کوڕی خەتتاب دەچێت

خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب ئاوەکو ئاستێک لە خالیدی کوڕی وەلید دەچوو.

ڕۆژێکیان لەماڵەوە چوویە دەرەوە و لەڕێگادا پیرەپیاوێکی بینی....

گوتی: سڵاوت لێبێت ئەی باوکی وەلید(واتە خالیدی کوڕی وەلید).

عومەری کوڕی خەتتابیش وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە... پیرەپیاوەکەش گوتی:

کوڕەکەی خەتتاب(واتە عومەر) لەسەرکار لایداویت..!

عومەریش گوتی: بەڵێ....

پیرە پیاوەکەش گوتی: هەرگیز تێر نابێت... خودا سکی تێرنەکات... ئەی دەنگوباسی تۆ؟!

عومەریش گوتی: منیش تەنها گوێڕایەڵیم لەسەرە.

کاتێک عومەر ڕۆژی کردەوە، ناردی بەشوێن خالیدی کوڕی وەلیدا و بانگی پیرە پیاوەکەیشی کرد بۆ لای خۆی....

بە خالیدی گوت: باشە ئەو پیاوە ئەمشەو چی پێگوتیت؟

ئەویش گوتی: هیچی پێنەگوتوم قوربان من ئەمشەو ئەم پیاوە نەبینیوە!.

پیرە پیاوەکەش کە دانیشتبوو گوتی: هەندێک لەو شتانەی گوتم ڕاستن، تۆش لێبوردنت هەبێت خودا لێت ببورێت.....

خەلیفە عومەریش ڕاستیەکەی بۆ پیرە پیاوەکە و بۆ خالیدیش گێڕایەوە کە چۆن ئەم پیرە پیاوە وایزانیوە عومەر خالیدە و چی پێگوتووە.... دواتر دەستیکرد بە پێکەنین و هەرسێکیان پێکەنین...!![٧٣].

---

[٧٣] تاریخ ابن عساکر ١٦ / ١٥٣

خالید و بیت المقدس

خالیدی کوڕی وەلید هات بۆ بیت المقدس:

خەڵکەکەی دانیشتوی بیبانگوت: ناوت چییە؟

ئەویش گوتی: خالیدی کوڕی وەلید.

خەڵکەکەش گوتیان: باشە ناوی هاوڕێکەت چییە؟

خالید گوتی: عومەری کوڕی خەتتاب.

خەڵکەکە گوتیان: ئادەی باسی عومەری کوڕی خەتتابمان بۆ بکە.... ئەویش وەسفێکی جوانی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابی بۆ کردن.

خەڵکەکەش گوتیان: تۆ فەتحی بیت المقدس ناکەیت، بەڵکو دەبێت عومەری کوڕی خەتتاب خۆی بێت و ئەوکارە بکات، چونکە ئێمە لە کتێبەکاندا بینیومانە کە هەموو شارێك پێش ئەویتر فەتح دەکرێت.

ئەوەبوو خالیدی کوڕی وەلید شاری قیسارییەی فەتح کرد، دواتر ناردی بۆلای عومەری کوڕی خەتتاب و باس و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، خەلیفە عومەر خۆی هات و بیت المقدسی فەتح کرد و لەگەڵ خەڵکەکەیدا ڕێککەوتننامەی ئاشتەوایی واژووکرد[٧١].

خالید گەورەترینی خەڵکییە لە قەدر و ڕێزدا

ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب خۆی ئامادە کرد بۆئەوەی بەرەو وڵاتی شام بەڕێبکەوێت و لە نزیکەوە ئاگاداری کاروباری موسوڵمانان لەو ناوچەیەدا ببێتەوە و بیخەم و دڵنیاش بێت لە ئەمیر و فەرمانڕەواکانی خەلافەتی ئیسلامی لەو ناوچانەدا.

---

[٧١] تاریخ ابن عساکر ٦٦ / ٢٨٦.

چینێک مومعە و قەدرو ڕێزی خالیدی کوڕی وەلیدی بینی کە بووونە ویردی سەر زوبانەکان و مەدح و سەنای دەکەن، قەدەغەی کرد کە خەلکی زیادەڕەوی بکەن بووەوە و لەلای ئەم هێندە بەشانوبالیدا هەلدەن

ڕۆژێکیان کاتێک خالیدی کوڕی وەلید لەلای عومەری کوڕی خەتتاب و هەندێک لە هاوەلان دانیشتبوو، ئەبو ویجزەی شاعیر هاتە ژوورەوە...

گوتی: ئایا خالید لێرەیە؟

خالیدیش چمکی مێزەرەکەی لەسەر دەموچاوی خۆی لابرد....

ئەبو ویجزە گوتی: سوێند بەخودا تۆ لەهەموویان ڕووخۆشترینی، بەڕێزترینیان و بەخشندەترین و میوان نەوازترینیانی.

چەند ڕۆژێک تێپەڕین و خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب ئەبو ویجزەی شاعیری لەناو شاری مەدینەدا بینی و پێیگوت: ئایا من قەدەغەم نەکردبوو کە لەلای من مەدح و سەنای خالید نەکەن؟

ئەبو ویجزەش گوتی: ئەوەی پێمان ببەخشێت ئێمەش مەدحی دەکەین، هەرکەسێکیش بەرامبەرمان دەست نوقاو بێت جنێوی پێدەدەین هەروەک چۆن عەبد جنێو بە گەورەکەی خۆی دەدات.

خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابیش گوتی: ئەی ئەبو ویجزە باشە عەبد چۆن جنێو بە گەورە و خاوەنەکەی خۆی دەدات؟

ئەبو ویجزەش گوتی: کاتێک گەورەکەی نەزانێت و گوێی لێ نەبێت ئەی ئەمیری ئیمانداران[20].

پاشەڕۆژی صەبر و خۆراگری

[illegible] دەبوو کە دەکەوێت بپێشەوەی سەرەوەی [illegible] قەڵای [illegible] و [illegible] دەستەکەی لەناو قەڵاکە و لەشارەکەدا [illegible] [illegible] ئاسمەدە بوو مولاس فەتحی بکەن [illegible] بۆ موسوڵمانەکان [illegible] سەربازەکانی خۆی گەرم بکات گوتی ئەوە [illegible] ئێوەیان داگیرکردووە، هاتوونەتە شارەکەی [illegible] و سەرەوەی ئێوەیان [illegible] هەرکاتێک موسوڵمان ئێوە داگیربکەن ئەوکات سەرەوەی [illegible] بکەن، [illegible] لەناو دەچێت، هەربۆیە بەسەروماڵی بەرگری لە شارەکە و ماڵ [illegible] داگیر بکرێت.

[illegible] قایم کرد و چەکیان هەڵگرت و لەناو قەڵا و بورج و [illegible] ئامادەی جەنگ بوون.

[illegible] لەبەردەم ئەم قەڵا و دیوار و بورج و [illegible] و کەرەستە سەربازییەدا وەستا و [illegible]

[illegible] خۆی گوت: ئەم شارە قەڵاکانی زۆر بەهێز و [illegible] دڵنیابن وەک ئەوە وایە کە سەرزەوی بکر[illegible] و پێشنیاری ئێوە لەمبارەیەوە چییە و ئێمە [illegible]؟

[illegible] فەرماندەکان خالیدی کوڕی وەلید بەوپەڕی [illegible] ئەوە بزانە کە ئێمە بە هۆی زۆری ژمارە و [illegible] وڵاتەکان فەتح دەکەین، بەڵکو بە ئاسانکاری و پشتیوانی

خودایی بووە، هەربۆیە دەبێت سەبر و خۆڕاگریمان هەبێت و گەمارۆیەکی زۆریان بدەین و پشوودرێژی زۆرمان هەبێت، چونکە چارەنوسی سەبر و خۆڕاگری بەدڵنیاییەوە سەرکەوتنە.

عیاریش پێشنیارەکەی خالیدی قبوڵ کرد و پاش گەمارۆیەکی زۆر و لەمانی خواردن و چەکی پێویستی سەربازانی شاژنە مەریەم، موسوڵمانەکان توانیان بچنە ناو شارەکەوە و فەتحی بکەن[16].

ئەگەر لەناو هەورەکانیشدا بونایە ئەوا خودا ئێمەی دەهێنا بۆلاتان

هەڵۆی ملشکێن خالیدی کوڕی وەلید بەرەو شاری قنسرین ڕۆیشت، کاتێک گەیشتە شارەکە گاوەرە عەرەبەکان و دانیشتوانەکەی و سەربازە ڕۆمیەکان لێی هەڵگەڕانەوە و ڕووبەڕووی سوپاکەی بوونەوە. سوارچاک و جەنگاوەری ئیسلام خالیدی کوڕی وەلیدیش شەڕی لەگەڵدا کردن و سەبازانی ڕۆمی تەفر و توناکرد و هەرهەموویانی لەناوبرد و میناسی سەرکردەیانی کوشت. دواتر و لەپاش دەستگیرکردنیان هەندێک لە سەربازانی ڕۆمی داوای لێبوردنیان کرد کە گوایە بەبێ ویست و ئارەزووی خۆیان هێنراون بۆ ئەو شەڕە، خالیدیش باوەڕی پێکردن.

ڕۆمیەکان پێیانوابوو ئەگەر لەپشتی قەڵاکانەوە خۆیان قایم بکەن خالیدی کوڕی وەلید و سوپای موسوڵمانان ناتوانن بگەنە لایان.

خالیدیش بەوپەڕی متمانە بوون بە خودای خۆی گوتی: ئەگەر لەناو هەورەکانیشدا بوونایە دڵنیابن خودا ئێمەی دەهێنا بۆلاتان یاخود ئێوەی دەهێنایە خوارەوە بۆلای ئێمە.

---

[16] فتوح الشام ١ / ٢٢٥

ئەوەبوو کۆڵیان نەدا هەتاوەکو خودای گەورە فەتحی کردە نسیبیان، کاتێک خەلیفە عومەر هەواڵی ئەم سەرکەوتن و باس و بەسەرهاتەی بیست کە خالید جی کردووە.

بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ڕەحمەتی خودا لە ئەبوبەکری صدیق بێت، بەڕاستی زۆر لەمن شارەزاتر و لێزانتر بوو، سوێند بەخودا من لەبەر شك و گومان خالیدم لەسەرکار لانەدەدا، بەڵکو ترسی ئەوەم هەبوو کە خەڵکی بەهۆی ئازایەتی و شارەزاییەکەیەوە لەخۆبایی ببن و پشتیوانی و یارمەتی خوداییان لەبیر بچێتەوە[77].

منداڵەکانتان فێری نیشانەشکێنی و قورئان بکەن

لە ناوچەی یەرموکدا موسوڵمانەکان دەستیانکردە ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سوپای بەهێز و زەبەلاحی ڕۆمەکان، پاڵەوانی چاونەترس و خاوەنی فتوحاتەکان خالیدی کوڕی وەلید ڕاهێنانی بە سەربازەکان لەسەر جەنگ و خۆپارێزی لەوناگرە بڵێسەدارە دەکرد کە پاش کەمێکیتر هەڵدەگیرسێت، تیرەکانی هەڵدەگرت و دەیدا لەنێوان دوو ئامانج.

خەڵکیش هەستابوونەوە و سەیریان دەکرد، هەروەك بڵێی سەرسوڕمانی لەچاوەکانیاندا دەبینی لەوکارانەی کە ئەم سوارچاکە ئازایە ئەنجامیدەدان، خالیدیش بۆ ئەوەی سەرسوڕمانی سەربازەکانی خۆی نەهێڵێت گوتی: ئێمە فەرمانمان پێکراوە کە نیشانەشکێنی و قورئان فێری منداڵ و نەوەکانمان بکەین[78].

[77] البداية النهاية – ٧ / ٥٢

[78] مجمع الزوائد ٥ / ٢٦٩

وازی لێبهێنە بۆ خودا

لەپاش شەڕە قسە و دەمەقاڵێیەکی زۆر کوڕە مامەکەی خالیدی کوڕی وەلید زللەیەکی کێشا بە پیاوێکدا، یەکسەر مامی پیاوەکەش چوو بۆلای خالیدی کوڕی وەلید.

گوتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش، خودای گەورە هیچکاتێك فەزڵ و گەورەیی ڕوومەت و دەمووچاوی ئێوەی نەداوە بەسەر دەمووچاوو ڕوومەتی ئێمەدا، بێجگە لەوەی کە خودا بە فەزڵ و گەورەیی خۆی بەخشیویەتی بە پێغەمبەرەکەی(ص).

خالیدی کوڕی وەلیدیش پاش ئەوەی کە زانی چی دەوێت، بە پیاوە لێدراوەکەی گوت: دەی تۆڵەی خۆت بکەرەوە.... پیاوەکەش بە برازاکەی خۆی گوت: دەی زللەکەی لێبدەرەوە.

پیاوەکەش دەستی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی زللەکە بدات لە دەمووچاوی ئامۆزاکەی خالید، مامی کابرای لێدراو گوتی: وازی لێبهێنە با خودا خۆی تۆڵەی لێبکاتەوە[٧٩].

ڕووبارەکە بەخوێنی ئەوان سور بوو

کۆمەڵێکە لە گاورەکانی عەرەب دایانە پاڵی فارسەکان لە شوێنێکدا بەناوی (ئەلیس) و خواردنێکی زۆریان بۆ ئەمیرەکەی کیسرا دروستکرد.

جەنگاوەری ئیسلام و هەڵۆی جەنگەکان خالیدی کوڕی وەلید هات بۆیان و چوویە پێشەوەی سوپاکەی و بە دەنگی بەرز هاواریکرد بەسەر کەسە نازاکانیاندا، ئەوانیش لە خالید ترسان و کەسیان نەهاتە دەرەوە بۆ ئەوەی جەنگی لەگەڵدا بکات.

دواتر خالید گوتی: باشە مالیکی کوڕی قەیس لەکوێیە؟

[٧٩] مجمع الزوائد ٦ / ٢٩٠، رواه الطبراني

مالیکی قوڕی قەیس خۆی نیشاندا، خالید گوتی: ئەی کوڕی ژنە پیسەکە، باشە چی وای لەتۆ کردووە کە بدەیتە پاڵ ئەمانە و لەبەرامبەر منەوە بوەستیت؟ تۆ هیچ وەفا و ئەمەکێکت تێدا نییە...

دواتر خالید هێرشیکردە سەری و بە یەك لێدان کوشتی و ڕەوانەی دۆزەخی کرد.

کاتێك گاورە عەرەبەکان هاوڕێ و کەسە ئازاکەی خۆیان واتە مالیکیان بینی کوژرا، خواردنەکەیان بەجێهێشت و چەکەکانیان هەلگرت و شەڕێکی زۆر قورسیان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا کرد.

خالیدی کوڕی وەلیدیش گوتی: خودایا پشتمان بە تۆ قایمە ئەگەر پشتیوانمان بیت بەیارمەتی تۆ یەك کەسیان ناهێڵینەوە و هێندەیان لێ دەکوژین هەتاوەکو ڕووبارێك خوێنیان لێدەڕێژین و ڕووبارەکەیان بەخوێنی خۆیان سور دەکەین.

خالید لەپاش ئەم دووعایەوە دەستیکردە هێرش بۆ سەریان و پاش شەڕێکی قورس ڕوبارەکەیانی بەخوێنی خۆیان سور کرد و خۆی و سەربازەکانی ئەو خواردنەیان خوارد کە گاورە عەرەبەکان ئامادەیان کردبوو بۆ ئەمیرەکەی کیسرا[٨].

پاڵەوان هەتاوەکو سەر ئێسقان

خالیدی کوڕی وەلیدە سوارچاك و پاڵەوانی ئیسلام جڵەوی ئەسپ و شمشێرەکەی خۆی بەردا و ئاگر و تۆڵەیان بەسەر قەلاکانی دووژمندا دەباراند، شێری ملکشێن بە یارمەتی و پشتیوانی خودایی لە سەرکەوتنێکەوە دەچوو بۆ سەرکەوتنێکیتر، هەتاوەکو گەیشتە یەکێك لە گوندە فارسیەکان کە پیاوێکی بەهێز گەورەی ئەو گوندە بوو ناوی (هێزار) بوو خاوەنی مێژوویەکی گەورەبوو لە بەشداری شەڕ و جەنگەکاندا.

[٨] فتوح الشام ٦ / ٢١٦

بەرز و توانا و لێهاتنی هیزار و دووژمنشکێنییەکانی و شمشێرەکەی کە تێنوی بەڵندی سەری سەرکردە و پاڵەوانەکان بوو، ببوو ویردی سەرزوبانی خەڵکی.

ئەم دەنگوباسە تەشەنەی کرد هەتاوەکو گەیشتەوە بەگوێی جەنگاوەری ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید، بەڵام ناوبراو یەك تاڵە مووی جەستەی بەم قسەوباسانە بەرزی و هێندە متمانەی بە پشتیوانی و سەرکەوتنی خودای خۆی هەبوو یەك توسقاڵ ترسی لەخشان نەبوویەوە.

بۆ بەیانیەکەی هەردوو سوپاکە لەبەرامبەر یەکیترییەوە وەستان، خالیدی کوڕی وەلیدیش بە تامەزرۆییەوە لەناو گۆڕەپانی شەڕەکەدا بەشوێن هیزاردا دەگەڕا بۆی ئەوەی ئەو دەنگوباس و شکۆیەی ناوبراو کە گوایە لە شەڕدا هەیەتی، کپ بکاتەوە کە بەهەموو شوێنێکدا بڵاو ببوویەوە.

خالیدی کوڕی وەلید لەدوورەوە هیزاری بینی کە خاوەنی جەستەیەکی زەبەلاح و شمشێرێکی زۆر پان و درێژ بوو، ئەمیش هەروەك هەورەبروسکە چوو بۆلای، لەپاشان هەروەك شێری تورە کە پەلاماری نێچیرەکەی خۆی دەدات پەلاماری ناوبراوی داو بەیەك لێدانی کتوپڕ کوشتی و دایبەزەویدا و لەناو گۆڕەپانی شەڕەکەدا خەڵتانی خوێنی کرد.

دواتر و لەپاش کۆتاییهاتنی شەڕەکە خالید داوای نانی نیوەڕۆی خۆی کرد، بۆیان هێنا و ئەویش پاڵیدا بە تەرمەکەی هیزارەوە و نانەکەی خوارد[81].

[81] أخرجه ابن أبي شيبة ٥ / ١٢٠

خالید پەیمانەکەی بەجێدەهێنێت

خالیدی کوڕی وەلید زۆر تامەزرۆی دەستگیرکردنی سەرکردەی ڕۆمەکان (هربیس) بوو، هەربۆیە داوای لەیەکێك لەدیلە ڕۆمیەکان کرد کە شوێنی (هربیس)ی نیشان بدات.

کابرای دیلی ڕۆمیش گوتی: ئەگەر جێگەی ناوبراوت نیشانبدەم ئازادم دەکەیت؟

خالیدی کوڕی وەلید گوتی: بەڵێ.

کابرای ڕۆمی شوێنی هربیسی نیشانی خالیدی کوڕی وەلیددا، دەستبەجێ سوارچاکی بلیمەت خۆی بەتەنها و بەبێ هیچ یاوەرێك ڕۆیشت بۆ هربیس و دارودەستەکەی.

خالید گەیشتە لای هربیس و دەبینێت لەگەڵ کۆمەڵێك لە سەربازەکانیدایە، لە شوێنێکی زۆر سەختی شاخاویدا.

کاتێك هربیس خالیدی کوڕی وەلیدی بە تەنهایی بینی، زۆر دڵخۆش بوو بەناو هاوەڵانیدا هاواریکرد و گوتی: هاوار بەماڵتان ئەوە ئەو کەسەیە کە شامی هەڵگێڕاوەتەوە!! ئەوە خاوەنی بوصرا و حوران و دیمەشق و ئەجنادینە!!.

ئەوانیش بەخێراییەوە پەلاماریاندا و خالیدیش لەسەر ئەسپەکەی هاتە خوارەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ناوبراو ئاگای لە خۆی بێت هربیس یەك شمشێری کێشا بەسەریدا و کڵاوە سەربازییەکەی کەوتە خوارەوە و شمشێرەکەیشی بەدەستیەوە شکا.

خالیدیش دەستیکردە هات و هاوار و الله اکبر کردن بۆ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بخاتە ناو دڵی سەربازانی ڕۆمیەوە، سوپای موسوڵمانەکانیش ئەم هات و هاوارەی خالیدیان بیست.

هەربۆیە بەخێراییەوە عبدالرەحمانی کوڕی ئەبوبەکر بەکۆمەڵێك جەنگاوەرەوە چوو بۆلای، عبدالرەحمان هاواریکرد و گوتی: لا اله الا الله محمد رسول الله.... لەلایەن خودای جیهانەوە سەرکەوتنت بۆ هات، من عبدالرەحمانی کوڕی ئەبوبەکری صدیقم

خالید لایەکردەوە بەلایا ناوبراودا و لەشەڕکردن لەگەڵ سەربازانی ڕۆمیدا بەردەوامبوو و بەتەواوەتی پەرتەوازەی کردن، لەمکاتەدا هربیس خەریکبوو رایکات، بەڵام خالید فریای کەوت و بەیەك لێدان دڵی لەت کرد و دواتر و بەسەرکەوتنەوە گەڕایەوە.... لەپاشان پەیمانەکەی بردەسەر و دیلە ڕۆمیەکەی ئازاد کرد کە شوێنی هربیسی نیشاندابوو...[٨٢].

من پایەی ئیسلامم ئەی دووژمنی خودا

پاشای ڕۆمەکان هەردوو جەنگاوەری ئازاو بوێری خۆی (کلوسی کوڕی حەننا) و (عەزازیر)ی نارد بۆ شەڕکردن و دژایەتی سوپای موسوڵمانان و کوشتنی سەرکردەکەیان خالیدی کوڕی وەلید.

هەردوو سوپاکە لەبەرامبەر یەکتریەوە وەستان، سوارچاکی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید بەوپەڕی عیزەت و شانازییەوە بە ئیسلام و موسوڵمانان لەناو ڕیزی سوپاکەیدا چوویە دەرەوە، هیچکام لەسەرکردەکانی ڕۆمی نەیانزانی کە سەرکردەی سوپای موسوڵمانەکان خالیدی کوڕی وەلیدە.

کلوس و عەزازیر پێشبڕکێیان بوو کە کامیان بچن و جەنگی لەگەڵدا بکەن، هەربۆیە تیروپشکیان کرد و لە تیروپشکەکەدا کلوسی کوڕی حەننا دەرچوو بۆ ئەوەی جەنگ لەگەڵ سەرکردەی بوێری موسوڵمانان خالیدی کوڕی وەلیددا بکات.

---

(٨٢) فتوح الشام ١ / ٨٨ – ٨٩.

کلوس لەگەڵ وەرگێڕەکەیدا چوویە پێشەوە بۆلای سەرکردەی موسوڵمانەکان.

کلوس بە وەرگێڕەکەی خۆی گوت: ئەگەر زاڵبوو بەسەر مندا تۆ یەکسەر مێزەر بکەرە سەری، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە شەڕەکە کۆتایی بێت و سەی عەزازیر بچێت و ئەوەی جەنگی لەگەڵدا بکات.

وەرگێڕەکەش گوتی: من بە قسە سەرکردەی موسوڵمانەکان دەترسێنم

کاتێك ڕافیعی کوڕی عەمیری بینی کە دوو کەس چوون بۆ خالید، ویستی لەگەڵیدا بچێتە دەرەوە.

خالید گوتی: لە شوێنی خۆت مەجوڵێ، بێخەمبە من دەرەقەتی هەردوکیان دێم.

جەرجیس وەرگێڕ بە خالیدی کوڕی وەلیدی گوت: ئادەی کابرای عەرەب پێش ئەوەی ئەم جەنگاوەرە ئازایەی کە پایە و کۆڵەکەی پاشای ڕۆمەکانە هێرشبکاتە سەرت، پێمبڵێ بزانم چیت دەوێت و کۆتا ئاواتت چییە؟

خالیدیش هەروەك شێری بیشە هاواریکرد و گوتی: ئەی دووژمنی خودا ئەگەر ئەو پایە و کۆڵەکەی پاشای ڕۆمەکان بێت ئەوا منیش پایە و کۆڵەکەی ئاینی ئیسلامم، من سوارچاك و جەنگاوەری بەهێز خالیدی کوڕی وەلیدم، من هاوەڵی پێغەمبەری خودام(ص).

کاتێك جەرجیس وەرگێڕ گوێی لە قسەکانی خالید بوو دڵنیابوویەوە کە ئەو جەنگاوەرە خالیدی کوڕی وەلیدە ترسێکی تۆقێنەری لێنیشت و ڕەنگی زەرد بوو چەند هەنگاوێك گەڕایە دواوە و پاشەکشەی کرد...

کلوس بە جەرجیسی وەرگێڕی خۆی گوت: هاوار بەماڵت لەسەرەتاوە هەروەك درندە بەلامارت دەدا. ئێستە چی بوو ئاوا پاشەکشەت کرد؟!

جەرجیس گوتی: سوێند بە حەزرەتی مەسیح نەمدەزانی سەرکردەی موسوڵمانەکان خالیدی کوڕی وەلیدی جەنگاوەری هەلکەوتوو خوێنڕێژە کە شامی لەرزاندووە.

دواتر خالیدی کوڕی وەلید هەروەك شێر هێرشیکردە سەر کلوس و دەستەویەخە بوون و خالید توانی لەسەر ئەسپەکەی بیهێنێتەخوارەوە و دەستگیری بکات. موسوڵمانەکانیش بەیەك دەنگ هاواریان کرد و گوتیان الله اکبر لەوکاتەدا جەرجیسی وەرگێڕی کلوس لەبری بەرگری لەناوبراو یەکسەر ڕایکرد و بۆی دەرچوو[٨٢].

تەنها لە بەهەشتدا پشوودانی یەکجاری هەیە

خالیدی کوڕی وەلید لەپاش جەنگکردنی لەگەڵ کلوسدا بۆ ماوەیەکی زۆر و لێدان و دانبەزەویدا لەلایەن هەردوولاوە، دواتر توانی دەستگیری بکات و بە دیلی بیهێنێت بۆ ناو سوپای موسوڵمانان، بەبێ وەستان و زۆر بەخێراییەوە و دووبارە هێرشیکردەوە سەر ڕۆمەکان.

پاڵەوانی ئازا زیراری کوڕی ئەزوەر چوو بۆ لای خالید و بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لەسەلامەتی ناوبراو، چوویە پێشەوە و بە هێمنی و ئەدەبەوە پێیگوت: ئەی فەرماندە بوارم بدە من سەرکردایەتی هێرشکردنە سەر ڕۆمەکان بکەم بۆ ئەوەی تۆ کەمێك پشوو بدەیت.

جەنگاوەری پاڵەوانی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید کە سەرمەستی خۆی لە لێدانی دووژمنانی خوادا تازە دەکردەوە لەوەڵامدا گوتی: ئەی زیرار دڵنیابە پشوودانی یەکجاری تەنها لەبەهەشتدا هەیە.

---

[٨٢] فتوح الشام ١ / ٢٥ – ٢٦.

دواتر هێرشیانکرد و شمشێرەکانی ڕۆناو دڵ و جەرگی [illegible] و [illegible] و پەتی دەکردن[36]

خالید عەرازیر دەکوژێت

جەرجیسی وەرگێڕی کاوس لەپاش ڕەوڵکردنی ناوبراو بە خێراییەوە و بە لەبی و ترسینەوە گەڕایەوە بۆ ناو سوپای ڕۆمەکان هەموو گیانی لەرزۆکی بوو، جەستەی دەلەرزی و نەیدەتوانی قسە بکات... پێیانگوت: ئادەی باڵی بانی چی بووە؟

ئەویش گوتی: جەماعەت لە پشتەوە مردنێک هەیە کە هەرگیز لەدەی لەگەڵی ناکرێت و شمشێرێکە هەرگیز چۆک بۆ هیچ کەسێک دانادات، خالیدی کوڕی وەلید هاتووە و سەرکردە موسوڵمانەکانە!! نەزری کردووە لەسەر خۆی کە لەهەرکوێیەک بێن ڕووبەڕوومان ببنەوە، منیش بە ئاسنەم توانیم خۆم ڕزگار بکەم، هەربۆیە پێشنیارم ئەوەیە کە لەگەڵیدا ڕێککەوتن بکەن، چوونکە ئەگەر لەگەڵ هاوەڵەکانیدا هێرشبکاتە سەرتان دڵنیابن کەستان بە زیندوویی نامێننەوە. سەرەڕای ئەم قسانەش عەرازیر دەرچوو بۆ ئەوەی جەنگ لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلیددا بکات، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێیەکی پێوە دیار بوو، گوتی: ئادەی کابرای عەرەب باشە تۆ بە چ شتێکی خۆتدا دەنازیت؟ باشە تۆ ناترسیت کە بکوژرێیت؟ ئەگەر تۆ بمریت ئەوا هاوەڵانت بێ سەرکردە دەمێننەوە!!

خالیدیش گوتی: ئەی دوژمنی خودا من و هاوەڵەکانم مردن بە دەستکەوت دەزانین و ژیان بە شتێکی هەڵخەڵەتێنەر و بێمانا دەبینین!!

عەرازیر گوتی: باشە چیت لە ئێمە دەوێت؟

خالیدی کوڕی وەلید گوتی: باج و سەرانە و ملکەچی ئێوە بۆ موسوڵمانان.

---

[36] فتوح الشام ١ / ٣٦

هەرزەیش گوتی: تۆ دەزانیت هەرچەندێك ئێمە ڕێزمان لێبگرین ئێوە زیاتر بەگوێرەیمان بێدەکەن، دەی ئێستە ئامادە بە و ئاگات لە خۆت بێت، چوونکە من هەرد لەگەڵتدا دەکەم و گوێ نادەمە هیچ شتێك.

کاتێك خالیدی کوڕی وەلید ئەمەی بیست، هەروەك ئاگری بڵێسەدار هێرشێکی بوورە و بەهێزی کردە سەری، بەلام عەزازیر خۆی بپێڕانەکیا و ڕایکرد، خالیدیش بەدوایدا ڕایکرد، ئەسپەکەی خالید لە ئارەقدا تەڕ بووبو، هەربۆیە لەسەری دابەزی، کاتێك عەزازیر خالیدی بینی لەسەر ئەسپەکەی هاتووەتە خوارەوە تەماعی تێکرد و گەڕایەوە و بە ئەسپەکەیەوە دژەهێرشێکی کردە سەر خالیدی کوڕی وەلید، بەلام خالید بەو لێدانی توندی کێشا بە هەرچوارپەلی ئەسپەکەی عەزازیردا و دایبەزەویدا، خالیدیش بە خێراییەوە چوویە سەری و کوشتی[85].

خالیدی کوڕی وەلید و فەرمانڕەوای ڕۆمەکان

لە ڕۆژی شەڕی یەرموکدا یەکێك لە سەرکردە گەورەکانی ڕۆم بەناوی (جرجە) لەنێو ڕیزی سەربازەکانیدا هاتە دەرەوە، بانگی خالیدی کوڕی وەلیدی کرد، خالیدیش بەخێراییەوە چوویە دەرەوە بۆی و ملی ئەسپەکانیان نزیکی یەکتری بوویەوە.

جرجە گوتی: ئەی خالید پێمبڵێ و بەڕاستی قسەم بۆ بکە و درۆ مەکە، چونکە مرۆڤی ئازاد هەرگیز درۆ ناکات، مەمحەڵەتێنە، چونکە مرۆڤی بەڕێز کەس ناهەڵەتێنێت، ئایا خودای گەورە لە ئاسمانەوە شمشێرێکی ناردووە بۆ پێغەمبەرەکەتان، ئەویش بەخشیویەتی بەتۆ، هەربۆیە لەبەرامبەر هەرتاقمێکەوە هەڵیبکێشیت بەدڵنیاییەوە تێکیان دەشکێنێت؟!

---

[85] فتوح الشام ١ / ٢٥

خالیدی کوڕی وەلید گوتی: بەهەشت، شتی وا نییە

جرجە گوتی: ئەی باشە بۆچی ناویان ناویت شمشێری هەڵکێشراوی خودا؟!

خالیدیش گوتی: خودای گەورە پێغەمبەرەکەی خۆی ناردووە بۆلامان، ئەویش بانگکردین بۆلای ئایینەکەی، هەندێکمان شوێنی کەوتین و هەندێکیشمان باوەڕمان پێنەکرد و پشتمان تێکرد، هەندێکمان بەدرۆمان خستەوە و خۆمان لێدوورخستەوە، من یەکێکبووم لەوانەی کە بەدرۆم خستەوە و نزیکی نەکەوتمەوە، دواتر خودای گەورە دڵ و دەروون و بیرو هۆشەکانی ڕووناک کردمەوە و شوێنی کەوتم و باوەڕمان پێهێنا. دواتر ئەو پێغەمبەرە(ص) بە منی فەرموو: ئەی خالید تۆ شمشێرێکیت لە شمشێرەکانی خودا کە لەبەرامبەر موشریکاندا هەڵکێشراوە، ئەویش دوعای سەرکەوتنی هەمیشەیی بۆ کردم، بەهۆیەوە ناونرام شمشێری هەڵکێشراوی خودا، هەربۆیە من توندترینی موسوڵمانەکانم لەگەڵ کافران و موشریکاندا.

جرجە گوتی: باشە ئەی خالید من بۆلای چی بانگدەکەیت؟

خالیدی کوڕی وەلیدیش گوتی: بانگت دەکەم بۆلای شایەتمان هێنان و گوتنی (اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمدا عبده و رسوله)، لەگەڵ دانان بە ڕاستیەتی ئەوەی کە ئەو پێغەمبەرە لەلایەن خوداوە هێناویەتی.

جرجە گوتی: ئەی باشە ئەگەر کەسێک ئیمان و باوەڕ نەهێنێت دەبێت چی بکات؟

خالیدی کوڕی وەلیدیش گوتی: دەبێت سەرانە بدات و ئێمەش بەرگری لێدەکەین و دەیپارێزین.

جرجە گوتی: ئەی ئەگەر سەرانە نەدات؟

خالید گوتی: بەڵێنیپێدەوە شەڕی لەگەڵدا دەکەین.

جرجە گوتی: باشە پلەو پایەی ئەوکەسەی کە گوێڕایەڵیتان دەکات چییە کە ئەمڕۆکە دێتە ناو ئەم مەسەلەیەوە؟

خالیدی کوڕی وەلید گوتی: پلەوپایەمان یەك شتە ئەوەی کە خودا لەسەری دیاریکردووین بۆ پلەبەرز و پلەنزم و سەرەتاو کۆتاییمان هەروایە.

جرجە گوتی: باشە کەسێك کە ئێستە دێتە سەر ئاینەکەتان هەمان پاداشتی ئێوەی هەیە کە پێشتر هەتانبووە؟

خالیدی کوڕی وەلید گوتی: بەڵێ.

جرجە گوتی: سوێند بەخودا ڕاستت لەگەڵدا کردم و درۆت نەکرد.

دواتر جرجەی فەرماندەی ڕۆمەکان بوویە یەکێك لە سەربازەکانی خالیدی کوڕی وەلید و شانبەشانی ناوبراو لەگەڵ دووژمنانی ئیسلامدا دەجەنگا[٨٦].

هاتووین بۆ ئەوەی لە خوێنی ڕۆمەکان بنۆشین

لە ڕۆژی جەنگی یەرموکدا سەرکردەی ڕۆمەکان (ماهان) داوای هاتنەدەرەوەی خالیدی کوڕی وەلیدی کرد بۆ ئەوەی جەنگی لەگەڵدا بکات، هەربۆیە پاڵەوانی ئیسلام لەنێو ڕیزی موسوڵمانانەوە هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ناوبراو ببێتەوە.

ماهانی سەرکردەی ڕۆمەکان سەیری خالیدی کوڕی وەلیدی کرد کە هەروەك شێر بەسەر ئەسپەکەیەوە بوو، هەربۆیە بە هێمنی و لەسەرخۆییەوە لێی نزیکبوویەوە.

ماهان بە لەخۆباییبونەوە گوتی: ئێمە ئەوەمان زانیوە ئەوەی کە ئێوەی لە وڵاتی خۆتان هێناوە بۆ ئێرە تەنها برسیەتی و نەداری و هەژارییە، وەرن بۆ لای من بۆ ئەوەی هەریەکە لە ئێوە دە دیناری ئاڵتونی پێبدەم، لەگەڵ جلوبەرگ و

---

[٨٦] البداية والنهاية ٧ / ١١ – ١٢.

خواردندا و بگەڕێینەوە بۆ وڵاتی خۆتان، ئەگەر خواردنی زیاتریشتان ویست ئەوا بۆتان ڕەوانە دەکەین بۆ ئەوەی برسی نەبن..!!

خالیدی کوڕی وەلیدی سەرکردەی بەجەرگ و ئازای موسوڵمانیش بە هەیبەت و بێباکیەوە گوتی: هۆکاری هاتنمان لە وڵاتی خۆمانەوە ئەوشتانە نییە کە تۆ باست کردن، بەڵام ئەوە بزانە ئێمە گەلێکی خوێنخۆرین، ئەوەمان زانیوە کە خوێنی ڕۆمەکان لە هەموو خوێنەکانیتر تامی خۆشترە، هەربۆیە هاتووین بۆ ئەوەی خوێنی ڕۆمەکان بنۆشین.

ماهان لە قسەکانی خالید زۆر ترسا، هەربۆیە بەخێراییەوە گەڕایەوە بۆلای سەربازەکانی و لەترساندا دەموچاوی تێکچووبوو ڕەنگیشی زەرد هەڵگەڕابوو[1].

خالید ژیاننامە و وویتە

هەواڵەکانی سەرکردەی ئازا و بەجەرگی موسوڵمانان خالیدی کوڕی وەلید دڵی ڕۆمەکانی پڕکردبوو لە ترس و تۆقین، هەربۆیە سەرکردەی ڕۆمەکان کە ناوی (ماهان) بوو لەنزیکەوە داوای چاوپێکەوتنی خالیدی کوڕی وەلیدی کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بیبینێت، خالیدیش لەگەڵ یەکێک لە هاوەڵانیدا کە ناوی حاریسی کوڕی عبد نیردی بوو چوو بۆلای ماهان.

کاتێک هاتن بۆ لای ماهان، وەرگێڕەکە گوتی: کامتان خالیدی کوڕی وەلیدە؟

خالید گوتی: منم.

وەرگێڕەکە گوتی: تۆ وەر بنیشەوە، بەڵام با هاوڕێکەت بگەڕێتەوە.

خالیدیش گوتی: ئەمە یەکێکە لە هاوەڵانی من و بێنیاز نیم لەم هاوەڵەم.

وەرگێڕەکە بە حاریسی گوت: شمشێرەکەت دانێ.

[1] البداية والنهاية – ... [illegible]

خالید گوتی: هیچکەسێك نیشانەی سەربەرزی خۆی لە گەردنی ناهێنێتە خوارەوە

وەرگێرەکەش باهانی تێگەیاند. ئەویش گوتی: وازیان لێبهێنە با شمشێرەکانیان ببینێت

خالید چوو بۆلای باهان و ئەویش بەخێرهاتنێکی گەرمی کرد...

دواتر بە خالیدی کوڕی وەلیدی گوت: تۆ لە کەسە خاوەن و حەسەب و نەسەبەکانی عەرەبیت.

خالیدی کوڕی وەلیدیش بەوپەڕی خۆشکێنی و بێفیزیەوە گوتی: حەسەب و نەسەبی پیاو بریتیە لە ئاینەکەی، هەرکەسێك ئاینی نەبێت ئەوا حەسەب و نەسەبیشی نابێت، باشترین پاشەڕۆژی ئازایەتیش بریتیە لەوەی کە لە گوێڕایەڵی خوادا بەکاربهێنرێت.

بەمشێوەیە خالیدی کوڕی وەلیدی سەرکردەی موسوڵمانان لەبەرچاوی باهان زۆر گەورە بوو زۆریش سەرسام بوو بە ژیاننامە و ئەو وێنەیەی کە لەوکاتەدا نیشانی سەرکردەی ڕۆمەکانیدا[٨٨].

خالیدی کوڕی وەلید کچەکەی پاشا ئازاد دەکات

سوراچاکی ئیسلام و هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر(ص) خالیدی کوڕی وەلید سەرکردەی ڕۆمەکانی کوشت کە ناوی (توما)ی هاوسەری کچەکەی پاشای ڕۆمەکان بوو، بەمشێوەیە کچی پاشای بەدیل گرت و کەوتە دەستی.

پیاوێکی پیر کە جلوبەرگی ڕاهیبەکانی لەبەردا بوو هات بۆ لای خالید و وەك نوێنەری هیرقل هاتبوو بۆ ئەوەی بە پارە یاخود بە شێوەیەکی ئاشتیانە کچەکەی پاشا ئازاد بکات.

---

[٨٨] تاريخ ابن عساكر ١١ / ٤٥١

پیره پیاوه‌كه هات و گه‌یشته به‌رده‌م سه‌ركرده‌ی گه‌وره‌ی موسوڵمانان خالیدی كوڕی وه‌لید و گوتی: من نێردراوو نوێنه‌ری پاشا هیرقلی ڕۆمم، پاشامان ده‌ڵێت: ئه‌وه‌م بیستووه كه خالید چی به‌سه‌ر سه‌ربازه‌كانمدا هێناوه، تومای هاوسه‌ری كچه‌كه‌می كوشتووه، هه‌روه‌ها كچه‌كه‌می ده‌ستگیر كردووه، یان ئه‌وه‌یه كچه‌كه‌م پێبفرۆشێته‌وه یاخود به‌خشنده بێت و ئازادی بكات و وه‌ك دیاری پێمی ببه‌خشێته‌وه، چونكه به‌خشنده‌یی سیما و سیفه‌تی ئێوه‌یه، كه‌سێك به‌زه‌یی نه‌بێت هیچ كه‌سێكیش به‌زه‌یی پێدا نایه‌ته‌وه. من هیوادارم ئاشته‌وایی له‌نێوانماندا به‌رقه‌رار ببێت.

خالیدیش به‌وپه‌ڕی عیزه‌ت و بێباكیه‌وه گوتی: به‌هاوڕێكه‌ت بڵێ سوێند به‌خودا ناگه‌ڕێمه‌وه هه‌تاوه‌كو عه‌رشه‌كه‌ت و ئه‌وه‌ی كه له‌ژێر پێیه‌كانتدایه ده‌ستی به‌سه‌ردا نه‌گرم، به‌ڵام سه‌باره‌ت به كچه‌كه‌ت ئه‌وه‌تا بڕیارماندا كه به‌دیاری پێیبه‌خشینه‌وه به ئێوه[89].

خالید و ڕاهیبه‌كه

به‌وپه‌ڕی هێمنی و له‌سه‌رخۆیی و ئه‌ده‌به‌وه سوارچاك و جه‌نگاوه‌ری سه‌ركه‌وتوو خالیدی كوڕی وه‌لید چوویه ناو یه‌كێك له په‌رستگاكانی گاوره‌كانه‌وه و ده‌بینێت ڕاهیبێكی پیری لێیه، ئه‌م پیره پیاوه قوتابی بوحه‌یرای ڕاهیبی بوصرا بووه و ئیمانی به هه‌موو پێغه‌مبه‌ران هه‌بووه.

خالید پێیگوت: دوونیا چۆن ده‌بینیت؟ ڕاهیبه‌كه‌ش گوتی: جه‌سته لاواز ده‌كات، هیوا و ئومێدی مرۆڤ نوێ ده‌كاته‌وه، مردن نزیك ده‌كاته‌وه و مرۆڤیش هیوابڕاو ده‌كات....

---

[89] فتوح الشام ١/ ٩٠ – ٩١

خالید گوتی: ئەی باشە حاڵ و باروودۆخی خەڵکەکەی ناوی چۆنە؟ ڕاهیبەکەش گوتی: هەرکەسێک بەدەستی بهێنێت زۆر دڵی پێیخۆش دەبێت، هەرکەسێک شتێکی ماڵی دوونیای لەدەست دەربچێت حەسرەتی بۆ دەکێشێت، خالید گوتی: ئەی باشە باشترینی کەسەکانی دوونیا کامانەن؟ کابرای ڕاهیبیش گوتی: کردەوەی چاک و پارێزکاری

خالید گوتی: ئەی باشە خراپترینی مرۆڤەکانی دوونیا کامانەن؟ ڕاهیبەکە گوتی: شوێنکەوتوانی نەفس و هەواوئارەزوو. خالیدی کوڕی وەلید پرسی و گوتی: ئەی باشە چۆن ئەم تەنیاییە دەگوزەرێنیت و پێتخۆشە؟ ڕاهیبەکە گوتی: ئولفەتم پێوە گرتووە.

خالید گوتی: ئایا هیچ سودێکت لێوەرگرتووە؟

ڕاهیبەکەش گوتی: بەڵێ، ڕزگارم بووە لە هەلکردن لەگەڵ دوونیادا.

خالیدی کوڕی وەلید گوتی: چەندە ئەم بیروباوەڕەی تۆ جوانە ئەگەر لەسەر ئاینی ئیسلام و یەکتاپەرستی بێت! دواتر پێیگوت: ئەی باشە سەبارەت بە محمدی کوڕی عبداللە چی دەڵێیت؟

ڕاهیبەکە گوتی: گەورەی پێغەمبەران و خاتەمی ئەنبیائو هەڵبژاردەی ئەصفیاکان و بەڵگەی خودای جەببارە بەسەر خەڵکی و دروستکراوەکانەوە.

خالید گوتی: ئەی باشە بۆچی نایەیت و لە وڵاتی موسوڵمانانداا بژیت، ئەوە زۆر باشتر دەبێت ئاوەکو ئەم شوێنە بۆ کەسێکی وەک تۆ؟

ڕاهیبەکەش گوتی: دڵم بە خۆشەویستی دوونیا پیس بووە

نێردراوی ڕۆمەکان ڕێزێکی زۆر لە خالیدی کوڕی وەلید دەگرێت

نێردراوی پاشای ڕۆمەکان هات بۆ سەربازگەکەی خالیدی کوڕی وەلید، نێردراوەکە سەیری جەنگاوەر و سوارچاکە موسولمانەکانی کرد، دەبینێت وازیان لە دوونیا هێناوە و بەناو زیکر و یادی خودا و نزا و پاڕانەوە و قورئان خوێندندا ڕۆچوون و خۆشەویستیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە.

نێردراوەکە پرسیاری لەبارەی شوێنی مانەوەی سەرکردەی بوێر و ئازای موسولمانان خالیدی کوڕی وەلید کرد، جەنگاوەرانی موسولمانیش جێگەکەیان نیشاندا...

کاتێک نێردراوەکە هات بۆلای جەنگاوەر و سەرکردەی بەجەرگ خالیدی کوڕی وەلید، دەستبەجێ لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و ویستی وەک ڕێزگرتنێک لەناوبراو کڕنۆشی بۆ بەرێت.

بەڵام خالید هەڵیساندووەوە و نەیهێشت ئەوکارە بکات.

نێردراوەکە گوتی: تۆ ئەمیر و فەرماندەیەکی مەزنیت و دەبێت کڕنۆشت بۆ ببرێت.

خالیدی کوڕی وەلید بەوپەڕی بێفیزیەوە گوتی: من ئەمیری ئەوانم هەتاوەکو ئەو کاتەی کە شوێنکەوتەی حەق و ڕاستی و دادگەری و ترسان لەخودا و ویژدان بم، چاکە لەگەڵ مرۆڤە باشەکانیاندا بکەم، توندبم لەگەڵ خراپەکار و نالەبارەکانیاندا، هەرکاتێک لەم شتانە لامدا ئەوا هیچ مافێکی ئەمارەتم بەسەریانەوە نامێنێت.

پیرەپیاوەکە گوتی: سوێند بەخودا ئێوە ئەو گەلەن کە عیسا پێغەمبەر مژدەی ئێوە بە سەرهەڵدانتان، ئەوەش بزانن کە هەمیشە حەق و ڕاستی لەگەڵتاندایە و لێتان جیانابێتەوە [91].

بەختەوەری و سەرفرازی بۆ کەسێك کە شەهیدی دەبێتە بەشی

ڕۆژێکیان سوارچاکی بوێر خالیدی کوڕی وەلید پارەیەکی بەخشی بە یونسی هاوڕێی و پێیگوت: ئەم پارەیە بگرە و هاوسەرگیری بکە یان لە کچە ڕۆمیەکان کەنیزەکێك بکڕە.

یونسیش بە دڵێکی پڕ لە ئیمان و باوەڕ و عاشقی شەهیدبوونەوە گوتی: سوێند بەخودا لەم دوونیایەدا بەهیچ شێوەیەك هاوسەرگیری ناکەم، بەڵکو ئەمەوێت لە قیامەتدا هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە حۆریەکاندا بکەم.

هەربۆیە یونس لە جەنگی یەرموکدا دەستیکردە شەڕکردن و هێندە عاشقی شەهیدی بوو کە کتوپڕ تیرێك هات و بەسەردڵیدا و کەوتە سەرزەوی و شەهید بوو.

ڕافیعی کوڕی عومەیرەی تائی گوتی: لە خەونمدا یونسم بینی کە خشڵی لەبەردابوو جووتێك نەعلی ئاڵتونیشی لەپێدا بوو، بەناو باخچەیەکی سەوزی جواندا دەگەڕا، منیش پێمگوت: خودای گەورە چی پێبەخشیت؟ ئەویش گوتی: لێمخۆش بوو لەبری ژنی دوونیا حەفتا حۆری پێداوم، کە ئەگەر یەك دانەیان بهێنێتە سەرزەوی هێندە جوانە کە دەتوانێت زەوی ڕووناك بکاتەوە و ڕووناکی خۆر و مانگ داپۆشێت. خودا پاداشتی بەخێری ئێوەش لەڕۆژی قیامەتدا بداتەوە.

رافیعی کوڕی عومەیرەی تائی ئەم خەونەی خۆی بۆ خالیدی کوڕی وەلید گێڕایەوە، ئەویش بەدڵێکی خۆش و ڕوویەکی گەشاوەوە گوتی: سوێند بەخودا ئەوە بێجگە لەوەی کە پلەی شەهیدی بەدەستهێناوە هیچیتر نییە، بەختەوەری و سەرفرازی بۆ کەسێک کە پلەی شەهیدی بەدەست دەهێنێت"[1].

زوهدی خالیدی کوڕی وەلید

سوارچاکی ئیسلام و شمشێری هەڵکێشراوی خودا خالیدی کوڕی وەلید کەوتە سەرجێگەی مەرگ و جەستەی بەتەواوەتی لاواز بوبو.

بەدەنگێکی لاوازەوە گوتی: هەمیشە بە ئاواتی ئەوە بووم کە بکوژرێم و شەهید بم، ئەوەتا بەمشێوەیە بکەومە سەرجێگەی مەرگ، هیچکارێك هێندەی لا اله الا الله مرۆڤ لە مەترسی ناپارێزێت، هەربۆیە من هەمیشە ئەم ووشەیەم وەك قەڵغانێك بەکارهێناوە.

دواتر گوتی: ئەگەر من مردم چەك و چۆڵە و ئەسپەکەم بکەنە کەرەستەی سەربازی و بیخەنە خزمەتی جەنگاوەرانی ئیسلامەوە کە لە پێناوی خودا دەجەنگن.

کاتێك ئەبودەردا چوو بۆ مالیان بۆ ئەوەی سەردانی بکات لە نەخۆشیەکەیدا، وەسیەتی خالیدی کوڕی وەلید بۆ ناوبراو بریتی بوو لەوە کە گوتبوی:

"ئەسپ و چەکەکەم بەخشیوە لە پێناوی خوادا، خانوەکەیشم لەشاری مەدینەدا بەخشیوە لە ڕێگەی خودا، من پێشتر عومەری کوڕی خەتتابم لەوبارەیەوە ئاگادار کردبوویەوە، باشترین پشتیوانی بریتیە لە ئیسلام، هەربۆیە وەسیەتەکەم و جێبەجێکردنی ئەم قسانەم بە خەلیفە عومەر سپاردووە".

---

[1] فتوح الشام ٢ / ٢١٥

عومەری کوڕی خەتتاب وەسفی خالیدی کوڕی وەلید دەکات و دەڵێت:

ڕەحمەتی خوا لە باوکی سولەیمان(خالید) بەڕاستی هەربەوجۆرە بوو کە ئێمە گومانمان پێیدەبرد".

جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خودا سەرقاڵی کردووم

ڕۆژێکیان خالیدی کوڕی وەلید لە میحرابدا وەستا و پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد، کۆمەڵێک ئایەتی لە چەند سورەتێک قورئانی پیرۆز خوێند..... کاتێک سەلامیدایەوە ڕوویکردە خەڵکەکە بۆ ئەوەی سەبارەت بە هۆکاری ئەو قورئانخوێندنە زۆر و ناوبەناوە ئاگاداریان بکاتەوە...

گوتی: بمبورن کە کۆمەڵێک ئایەتم لە چەند سورەتێک بە تێکەڵی خوێند، چوونکە جیهاد و تێکۆشان زۆر سەرقاڵی کردووم و بوارم نەبووە قورئانی پیرۆز بەباشی لەبەربکەم".

کاتژمێری کۆتایی ژیانی خالیدی کوڕی وەلید

کاتێک خالیدی کوڕی وەلید کەوتە سەر جێگەی مەرگ، خەڵکی هاتن بۆ ئەوەی سەردانی بکەن، کاتێک ناوبراویان بەو حاڵەوە بینی و گوێیان لە هەندێک لە قسەکانی بوو...

ئەوپەڕی داخ و حەسرەتەوە گوتیان: ئەو ململانێیەتی لەگەڵ مەرگدا.

خالیدی کوڕی وەلیدیش بەو دەنگێکی لاوازی پڕ بە ئیمان و باوەڕەوە گوتی:

بەڵێ هەروایە کە ئێوە دەیڵێن، داوای بارمەتی لە خودای گەورە دەکەم لەسەر ئەمە".

هیوادارم چاوی ترسنۆکەکان نەچێتە خەوو

شمشێری جەنگەکان و شمشێری هەڵکێشراوی خودا خالیدی کوڕی وەلید کەوتە سەرجێگای مەرگەوە

هاوەڵان دەهاتن و سەردانیان دەکرد بۆ ئەوەی لە تەندروستی دڵنیا ببنەوە.

لەوکاتەدا کە ئەو لەوحاڵەتەدا بوو هەڵکێش بەدەوریدا بوون، خالیدی کوڕی وەلید دەستیکردە گریان و فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە

دواتر بە دەنگێکی گریاناوییەوە گوتی:

"لە فلان شەڕ و فلانە شەڕدا بەشداریم کرد، لە جەستەمدا جێگەیەك نییە کە شوێنی تیر و شمشێر و ڕمی پێوە نەبێت، ئەوەتا ئێستە لەسەر جێگە کەوتووم و بە دڵتەنگییەوە و بەبێ هیچ لێدان و کوشتنێك دەمرم، هەروەك چۆن حوشتر دەمرێت. هیوادارم چاوی مرۆڤە ترسنۆکەکان نەچێتە خەوو"

دواتر گوتی "داواکار بووم و هەمیشە بەشوێن ئەوەدا گەڕاوم کە لە مەیدانی جەنگدا بکوژرێم و شەهید ببم بەڵام بەداخەوە ئەوەتا ئێستە لەسەر جێگەی مەرگ کەوتووم، لەپاش وشەی لا اله الا الله هیچ کارێك نیە لەلای من هێندەی ئەوە خۆشەویست بێت کە لەشەودا و بە جلوبەرگی سەربازییەوە و لەدەرەوە و باران لێمدات هەتاوەکو بەیانی و چاوەڕێی هەڵێك بکەین بۆ ئەوەی هێرشبکەینە سەر کافران"

خالیدی کوڕی وەلید عاشقی جیهاد و تێکۆشان بووە لەپێناوی خوادا، هەروەها دەڵێت " نازانم لە دەستی کامە ڕۆژەکانم ڕابکەم؟! لەو ڕۆژەی کە خودای گەورە

---

* مجمع الزوائد ٩ / ٣٥٠

ئەبەخشیم وەك دیاری پێبدەبەخشێت؟ یاخود لەو ڕۆژە رابکەم کە خودای گەورە ڕێز
دەکرامەتم وەك دیاری پێدەبەخشێت"[٩٦].

هەواڵە ناخۆشەکە

عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵاندا دەرچوو بۆ شاری مەککەی
پیرۆز و تەلحەی کوڕی عوبەیدواللەی لەگەڵدا بوو.

لەوکاتەدا کە سەرقاڵی دابەزین و پشوودان بوون، هەواڵی مردنی خالیدی کوڕی
وەلیدیان بۆ هات، ئەم هەواڵە دڵی خەلیفە عومەری فاروقی زۆر تەنگکرد، هەموو
حەسنەی هاتە لەرزین و ئەو خۆشەویستیە شاراوەی کە بۆ خالیدی کوڕی وەلید
هەیبوو هەمووی ئاشکرا کرد....

بە دەنگێکی زۆر خەماوەییەوە هاواریکرد و گوتی:

ئەی باوکی محمد.... ئەی باوکی تەلحە.... باوکی سولەیمان کۆچی دوایی
کرد.... خالیدی کوڕی وەلید بەجێیهێشتین وماڵئاوایی لێکردین....

تەلحەیش بە دڵێکەوە کە بە هەواڵەکە زۆر خەمبار بوبو گوتی:

شك نابەم و نازانم کە لەپاش مردن هیچ شتێك هەبێت کە لێی پەشیمان بێت. لە
ژیانیشمدا هیچکاتێك هێندەی ئەو توێشوم بۆ قیامەت کۆنەکردووەتەوە"[٩٧].

ژنان دەبێت بۆ کەسانێکی وەك خالید بگرین

هەواڵی کۆچی دوایی جەنگاوەری ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید بلاو بوویەوە و
هەموو شوێنێکی شاری گرتەوە، کۆمەڵێك ژن لە هۆزی موغیرە لە ماڵی خالیدی

---

[٩٦] سیر اعلام النبلاء ١ / ٣٨٢.

و شێری جەنگەکان شین و کوڕی وەلید کۆ بوونەوە و بۆ سوارچاکی نەبەردییەکان و شێری جەنگەکان شین و زارییان دەکرد.

بە عومەری کوڕی خەتتابیان گوت: باشە بۆچی ئەو ژنانە بێدەنگ ناکەیت...!!

خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابیش کە دەیزانی گریان بۆ کەسێکی وەکو خالیدی کوڕی وەلید ئەگەر پێچەوانەی شەرع نەبێت هیچ نادروست نییە گوتی:

وازیان لێبهێنن ئەگەر تۆمارێك یاخود دوو تۆماریش بە فرمێسکەکانیان پڕ بکەنەوە، ئەگەر لەخۆدان و قیژو قاوو هات و هاواری نەشیاو نەبێت قەیدی ناکات.

چونکە بەڕاستی ژنان دەبێت بۆ کەسانێکی وەك خالیدی کوڕی وەلید بگرین[٩٨].

باشە بۆچی لەسەرکار لات برد ئەی عومەر؟!

فرمێسکی خەموپەژارە و دڵتەنگی چاوەکانی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابی پڕ کرد هەتاوەکو بەسەر گۆناکانیدا هاتنە خوارەوە.

بە دەنگێکی زۆر خەمبارانەوە گوتی: سوێند بەخودا ئەو بەربەستێك بوو بۆ هێرشی دووژمن، کەسێك حەسەب و نەسەب و ڕابوردوو پاکوبێگەرد بوو.

ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش بەسەرسوڕمانەوە گوتی: ئەی باشە بۆچی لەسەرکردایەتی شەڕ لات برد؟

خەلیف عومەریش گوتی: لەبەر ئەوەبوو کە ماڵ و سامانی بە کەسانی داراو دەوڵەمەند و زمانلوسەکان دەدا.

عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش گوتی: بەڵێ... تۆ دەبوایە لە لێپرسراویەتی ماڵ و دارایی لات بردایە، بەڵام با هەر سەرکردەی سەربازی موسوڵمانان بوایە لە شەڕەکاندا.

---

[٩٨] المستدرك ٣ / ٣٣٦

خەلیفە عومەریش گوتی: بەلام من دڵنیام خۆی بەوە ڕازی نەدەبوو.

ئیمامی عەلی گوتی: بەلام تۆ هیچکاتێك ئەو پێشنیارەت بۆ نەکرد..!"[99].

خالید شمشێرێکە خودای گەورە بەڕووی موشریکاندا هەڵیکێشاوە

ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب کەوتە سەرجێگەی مەرگ، پیاوێك پێگوت: ئەی ئەمیری ئیمانداران تاوەکو لە ژیاندایت کەسێك بۆ جێگرەوەی خۆت دیاری بکەیت باشە.

خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابیش بە دەنگێکی لاواز گوتی: ئەگەر ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاحم لەلا بوایە و بمکردایە بە جێگرەوەی خۆم، لەپاشان بمردمایە، ئەوکات خودا بیفەرموایە باشە بۆچی ئەم پیاوەت کردووە بە جێگرەوەی خۆت؟ منیش لەوەلامدا دەمگوت: لە عەبد و خەلیلەکەی خۆتەوە بیستومە کە فەرموویەتی: " هەموو ئوممەتێك ئەمین و دەستپاکێکی هەیە، ئەمین و دەستپاکی ئەم ئوممەتەش ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاحە".

ئەگەر خالیدی کوڕی وەلیدیشم ببینیایە و بمکردایە بە جێگرەوە و خەلیفەی موسڵمانان لەپاش خۆم، خودای گەورە لە قیامەتدا بیفەرموایە باشە بۆچی خالیدی کوڕی وەلیدت کردووە بە جێگری خۆت؟ من لەوەلامی پەروەردگاردا دەمگوت: لە عەبد و خەلیلەکەی خۆتەوە کە حەزرەتی پێغەمبەر(ص) بیستومە کە فەرمویەتی: "خالیدی کوڕی وەلید شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خودا کە پەروەردگار بەڕووی موشریکاندا هەڵیکێشاوە"[100].

---

[99] سير أعلام النبلاء ١/ ٣٨٣.

[100] تاريخ ابن عساكر ١٦/ ٢٤٠ – ٢٤١.

بەبەختەوەری مرد و بە سوپاسکراوی ژیا

لەپاش کۆچی دوایی خالیدی کوڕی وەلید هیشامی کوڕی بەختەری لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکیدا کە لە هۆزی مەخزوم بوون هات بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب...

خەلیفە عومەر بەهیشامی گوت: ئادەی ئەو شیعرەم بۆ بخوێنەرەوە کە سەبارەت بە خالیدی کوڕی وەلید هۆنیوتەتەوە.

هیشامیش شیعرەکەی بۆ خوێندەوە....

عومەری کوڕی خەتتابیش گوتی: بەڕاستی کەموکوڕی و کەمتەرخەمیت کردووە لە مەدح و سەنای باوکی سولەیماندا... چونکە ئەو زۆر حەزی دەکرد کە شیرك و شوێنکەوتوانی سەرشۆڕ بکات... چونکە ئەو یەکێکبوو لەوانەی کە زۆر ڕقی لە شیرك دەبوویەوە و بەردەوام تۆڵەی خودایی بەسەردا دەباراندن.

دواتر خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب گوتی: خودا براکەی بەنی تەمیم بکوژێت چەندە شیعرێکی جوانی هۆنیوەتەوە کە دەڵێت:

بەوکەسە بڵێ کە لەپاش ئەو کۆچیکردووە لەژیاندا ماوە * خۆت ئامادە بکە بۆ کەسێکیتری وەك ئەو هەروەك بڵێی هەیە.

ژیانی ئەوانەی کە لەپاش من ژیاون زۆر بێسودە * مردنی ئەوانەشی کە لەپاش من مردوون هەمیشەیی نییە.

دواتر خەلیفە عومەر لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو گوتی: "ڕەحمەتی خودا لە باوکی سولەیمان، ئەوەی لەلای خودا بۆی ئامادەکراوە زۆر باشترە لەوەی کە لەدوونیادا هەیبوو، چونکە بە بەختەوەرییەوە مرد و بە سوپاسکراویەوە ژیا، بەڵام بەداخەوە زەمانە دەبینم کە ئەم ڕاستیانە نالێت"[1].

---

[1] تاریخ دمشق - ابن عساکر ١٦ : ٢٧٩

خالید زۆر باشتر بوو لە هەزاران هەزار پیاو

پاڵەوانی میحنەت و سەختییەکان و جەنگاوەری پاڵەوانییەکان کۆچ دوایی کرد، شاری مەدینەی منەوەرە بە هەواڵی مردنەکەی توشی شۆک بوو، خەموپەژارە و ...ی باڵیکێشا بەسەر دانیشتوانەکەیدا و چاوەکانی هەمووان پڕ بوون لە فرمێسکی خەم...

خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵ تەرمەکەیدا ڕۆیشت، دەبینێت دایکی خالید شیعر دەڵێت و باسی چاکە و پیاوەتییەکانی کوڕەکەی خۆی دەکات:

تۆ باشتری لە هەزاران هەزار پیاوی هۆزەکە * چونکە هیچکاتێك ڕووی پیاوانت زەرد نەکرد

ئەگەر ئازایەك هەبێت؟ ئەوا دڵنیابە تۆ ئازاتر لە شێریت* شێرێك کە بەرگری لە بێچووەکانی خۆی دەکات

ئەگەر بەخشندەیەك هەیە؟ ئەوا تۆ لە لافاو بەخشندە تریت* کە بەنێو شاخ و دۆڵ و چیاکاندا دەڕوات.

کاتێك خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب ئەم شیعرانەی بیست، بە دەنگێکی گریاناوییەوە گوتی: سوێند بەخودای گەورە ڕاستت کرد، بەڕاستی خالیدی کوڕی وەلید هەروابوو کە تۆ گوتت[10].

موسوڵمانە دیلەکە

هەواڵەکان گەیشتنەوە بە خالیدی کوڕی وەلیدی پاڵەوانی ئازا و بەجەرگ بەوەی کە لە پەرستگەی پاتریاکی مەسیحیدا جەنگەگەری و ڕاوڕووتی عەرەبە

[10] سیر اعلام النبلاء ١ / ٣٨٣

موسوڵمانەکان دەکرێت و تالان دەکرێن، ماوەیەکی زۆر بوو کە ئەم پاتریاکە ناوی بەسەر قافڵەیەکی بازرگانی عەرەبەکاندا و پیاوێکی موسوڵمانی بەدیلگرتبوو، ئەشکەنجەی ئەم موسوڵمانەی دەدا بۆ ئەوەی لە ئاینەکەی هەڵگەڕێتەوە و کافر ببێت، هیچ کەسێکیش پەنای نەدەدا...

پاتریاکە پێیدەگوت: وازت لێناهێنم هەتاوەکو کافر نەبیت بە ڕەحمان و کڕنوش بۆ خاچەکانی نەبەیت.

کاتێک خالیدی کوڕی وەلید ئەم هەواڵەی بیست، خوێنی بوێری بۆ ئیسلام و موسوڵمانان لەناو دەمارەکانیدا هاتە جۆش و هەر لەوکاتەدا هەستایەوە و بە سوپایەکەوە بەڕێکەوت، هەتاوەکو گەیشتە نزیکی پەرستگەکە، دواتر لەگەڵ شەرحەبیلی کوڕی حەسەنە و عامیری کوڕی ڕەبیعە، یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان، قەعقاعی کوڕی عەمر، هاشمی کوڕی سەعیددا نزیک بوونەوە و سوپاکەی لە دووری پەرستگەکەوە جێگیر کرد.

خالید و هاوەڵانی چوونە نزیکی پەرستگەکەوە و دەبینن پاتریاکە لەدەرەوەبە و بەرازێکی سەربڕیوە و فەرمانی بە خزمەتکارەکانی کرد و ئاگرێکیان کردەوە و دەستیانکردە برژاندنی بەرازەکە، پاتریاکیش دانیشتبوو دەیخوارد و دەیخواردەوە، دواتر گوتی: ئادەی ئەو پیاوە محمدیەم بۆ بهێنن.

موسوڵمانەکەیان هێنا، ئەو داماوە شوێنەواری ستەمدیدەیی و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆری پێوەدیاربوو.

کاتێک پاتریاکە بینی پێیگوت: تۆ زاڵبویت بەسەر مندا بەوەی کە بەرگەی ئەشکەنجە و ئازارەکانت گرتووە، دڵنیابە لە ئەشکەنجەدانت بەردەوام دەبم هەتاوەکو دێنیتە سەر ئاینەکەی من و واز لە ئاینەکەی خۆت دەهێنیت.

...موسوڵمانەکان بە شتێکی تر پێکەنینەوە گوتی: من شێت نیم کە هەموو شتێک بە ویست و ئیرادەی خوا دەزانم، هەروەها من خۆشم دەمەوێت تاکو بەڵا و موسیبەتەکان، شتێکە هەرگیز وازم لێ نەهێناوە و لە ئێستادا هەموو دەستەوەستانی ناهێڵمەوە.

پاسەوانێک ڕەوانەی دەستێکرد و لە پیاوە موسوڵمانەکەی دا، بەڵام لەوکاتەدا خالیدی کوڕی وەلید هەروەک شێر هاواریکرد و هێرشیکردە سەر پاسەوانەکە و سەرکردەکەی چەند پارچەیەک و لە پشتیەوە هاتە دەرەوە، دەستی پیاوە موسوڵمانەکەی لە کۆتەکە و ئازاد و ڕزگار کرد.

خالیدی کوڕی وەلید بە پیاوە موسوڵمانەکەی گوت: تۆ کێیت؟

پیاوەکەش گوتی: من ئەوەیەی کوڕی حاتەمم لە هۆزی عەدی، ئەم پاسەوانە لە کاتێکدا خیانەتی ئەوەکەی ئەسیرمی کردم.

خالیدی کوڕی وەلیدیش لەگەڵ خۆیدا بردییەوە و حاڵیان باشکرد و ڕێزیان لێ گرت.

خەونە ڕاستەکە

یەکێک لە گەورەکانی پێدەشتەری (ڕۆمانی) موسوڵمان بوو، بەڵام ژنەکەی بەمەی نەزانیبوو. ئیمانی چەند ڕۆژێک لە چوونی خالید بۆناو شارەکەیان، ژنەکەی ڕومانی هات و هەواڵی فەرماندەی موسوڵمانەکان خالیدی کوڕی وەلیدی پرسی.

بە خالیدی گوت: من داوای یارمەتیت لێدەکەم و تکات لێدەکەم کە لە ڕومانی بپارێزیت.

خالیدیش گوتی: باشە بۆچی؟!

تاریخ الطبری ۳/ ۲۱-۲۲

ژنەکە گوتی: من دوێنێ شەو خەوتبوم، لە خەونمدا پیاوێك هاتە خەوم کە ڕوومەتی وەك مانگی چواردە وابوو، نوور لەنێوچاوەکانیەوە دەدرەوشایەوە، پێمگوت: تۆ کێیت؟ ئەویش گوتی: من محمدی پێغەمبەری خودام، دواتر بانگیکردم بۆ لای ئاینی ئیسلام، منیش موسوڵمان بووم، لەپاشان دوو سورەتی قورئانی فێرکردم.

خالیدی کوڕی وەلید گوتی: ئەمە شتێکی زۆر سەیرە!!

دواتر بە وەرگێڕەکەی خۆی گوت: پێیبڵێ با دوو سورەتەکەی قورئانمان بۆ بخوێنێتەوە.

ژنەکەش سورەتی فاتیحە و سورەتی صەمەدی خوێندەوە، دواتر لەبەردەمی خالیدی کوڕی وەلیددا شایەتمانی هێناو موسوڵمان بوو.

ژنەکە گوتی: ئەی فەرماندە، یان دەبێت ڕوماس موسوڵمان ببێت یان دەبێت وازم لێبهێنێت بۆ ئەوەی لەناو موسوڵمانەکاندا بژیم.

خالیدی کوڕی وەلیدیش پێکەنی و گوتی: هاوسەرەکەت(ڕوماس) پێش تۆ کەوتووە و موسوڵمان بووە.

ژنەکەش دڵخۆش بوو سوپاسی خودای گەورەی کرد[١٠٤].

* * *



له بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (٣٠٠٠) دینار